ف.ه. جۆن گیلبەرت براون




# لیڤیەکانی عێراق

## 1915 - 1932

لە ئینگلیزییەوە : مینە



**فەرماندەی هێز: جۆن گیلبەرت براون**

"خەڵاتی سانت مایکڵ و سانت جۆرج،

خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و

خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە."



ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی 2016

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان حەمەسەعید

ناوی کتێب: لیڤیەکانی عێراق 1915-1932

نووسینی: فەرماندەی هێز: جۆن گیلبەرت براون

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (19)

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم 2016

تیراژ: 1000دانە

نرخ: 4000 دینار

چاپ: چاپخانەی ئاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( 1296 )ی ساڵی 2016 پێدراوە

Tel: 0533202936 07502216705

email: jamalerfan99@gmail.com

facebook: Jamal Erfan's Library

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی

# لیڤیەکانی عێراق

1932-1915

نووسینی

**فەرماندەی هێز: جۆن. گیلبەرت براون**

## مینە

**لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە**

# پێڕست

# Contents

وتەیەک ........ 1
لیڤیی عێراق / 1927........ 4
لەبارەی وەرگێڕانە عەرەبییەکەوە ........ 5
پێشەکی وەرگێڕ........ 15
لەبارەی بۆچوونەکانی نووسەری ئەم کتێبەوە: ........ 17
پێشەکی نووسەر ........ 25
بەشی یەکەم ........ 27
1919–1915 ........ 27
شێوازی پۆشینی بەرگی لیڤی لای عەرەب ........ 28
بەشی دووەم ........ 41
1920 –1921 ........ 41
بەشی سێیەم ........ 49
1921........ 49
ناوچەی موسڵ: ........ 57
باشووری کوردستان: ........ 57
فوڕات: ........ 57
بوارەکانی کاری لیڤی لە 1915 –1921 ........ 63
بەشی چوارەم ........ 65
1922........ 65
بەشی پێنجەم ........ 81
1922– 1924 ........ 81
بەشی شەشەم ........ 89
1923– 1924 ........ 89
بەشی حەوتەم........ 105

1925 ........ 105
بەشی هەشتەم ........ 121
1925 ........ 121
بەشی نۆیەم ........ 131
1926 ........ 131
بوارەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی لیڤی 1921– 1930 ........ 143
بەشی دەیەم ........ 145
1927–1926 ........ 145
بەشی یانزەیەم ........ 161
1928 ........ 161
ئاستی هێزی لیڤی بەرلە کۆتایی هێزەکە ........ 165
بەشی دوانزەیەم ........ 167
1932–1928 ........ 167
پاشکۆی یەکەم ........ 172
پاشکۆی دووەم ........ 177
فەرهەنگۆکی پلە سەربازیەکان ........ 180
فەرهەنگۆکی یەکە سەربازیەکان ........ 181

# وتەیەك

وەك ئاشکرایە نووسەری ئەم کتێبە ئەفسەرێکی بریتانی بووە، ئەرك و فەرمانێك گەیاندوویەتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوێش، لە وڵاتێکی وەك ئەوسای عێراقدا ئەرکێکی جێبەجێکردووە.

کاتێ ئەم نووسەرە بریتانیە، لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا ئاماژە بە زۆر لەو وشانە دەکات، کە لەوانەیە لە دیدی منەوە ناشیاو بێت و راستەوخۆ رووی منی وەرگێڕیش بگرێتەوە. بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، کە منی وەرگێڕ، ئەمانەتی وەرگێڕانەکە نەپارێزم و بە خواستی خۆم دەقەکە وەربگێڕم، واتە بەو شێوەیەی کە بریندارم نەکات، یان واتای تری بۆ بخوازم، کە لە بۆچوونی نووسەرەکەوە زۆر دووربێت.

لێرەوە دەمەوێ کەمێ روونتر بدوێم... کاتێ نووسەر ناوی (شێخ مەحمود) دێنێ، ئەو وەك یاخیبوو ناوی دەهێنێ، یان، کە باسی (کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند) دەکات، وەك دوژمن ناوی دەهێنێت و چالاکیەکانی ئەو و (شێخ مەحمود)یش وەك خیانەت ئاماژە دەکات، بەرامبەر حوکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە و بەرامبەر هێزی ئاسمانیی پاشایەتی و مەندوبی سامی.

ئەو وشە و دەستەواژانە، پلە و پایەی مێژوویی شێخ مەحمود و قارەمانێتی کەرم فەتاح بەگ، لای من نزم ناکاتەوە. چونکە من ئارا و بۆچوونی کەسێك وەردەگێڕم، کە خۆی لەبەرەی پێچەوانەدایە و چاوەڕێی ئەوەی لێناکەم، وەك من پیرۆزی شێخی نەمر بپارێزێ و بە دوژمن و یاخیبوو ناوی نەهێنێت.

لەو دەربڕین و دەستەواژە و وشانەی کە نووسەر بەرامبەر میللەتی کورد و ئیزیدی و بگرە بەرامبەر بە ئاشووریەکانیش وتویەتی زۆرن. منیش دەقاودەق وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. لەوانەش وەك خیانەتکاری، دز و جەردەیی، تاڵانی و دوژمن و یاخیبووان و چەتە و ... زۆر شتی دی.

لە راستیدا هەموو بابەتێکی مێژوویی دەبێ بە تاڵ و کرمێوە وەریبگێڕینە سەر زمانی دووەم و لەدیدی دوژمن و دۆست و خاوەن بەرژەوەندی تایبەتیەوە چۆنە، ئاوا وەریبگێڕین، تا لە خواست و مەبەستەکان بە رەوانی بگەین. من هەرگیز چاوەڕێ ناکەم نووسەرێکی بیانی ناموسڵمان، کە ناوی پێغەمبەری ئیسلام بهێنێت، لە کەوانەدا بنووسێت (د.خ) واتە درودی خوای لەسەر بێت. منیش کاتێ کە ئەو نووسینە وەربگێڕم و ئەو (د.خ)ی بۆ بکەم، ئەوە بە دڵنیاییەوە شتێکم بۆ سەر نووسینەکە زیاد کردووە. چونکە لە زانکۆ ناودارەکانی جیهاندا، کاتێ دەقێکی وەرگێڕان هەڵدەسەنگێنن، تا ئاستی وەرگێڕانەکەی دیاریبکەن، ئەو دەقە وەرگێڕاوە، دەخەنە بەردەست وەرگێڕێکی تر، کە بۆ سەر زمانە بنەڕەتیەکەی خۆی وەریبگێڕێتەوە. هەر شتێکی زیادە خرابێتە سەر دەقە وەرگێڕاوەکە، بە کەموکوڕی دادەنرێت و نائەمانەتی وەرگێڕ دەردەخات.

ئیدی من وەك وەرگێڕێك، لەم کتێبە وەرگێڕاوە و لە کتێبەکاتی تریشمدا، کەم و زۆر خۆم لەو لایەنانەوە پاراستووە و هیچ وشەیەکم نەخستۆتە سەر دەقەکە، بە مەبەستی ئەوەی بۆچوونێکی نووسەرەکە بە خواستی خۆم بشکێنمەوە و تا خۆم و خوێنەری وەرگێڕانەکەش زیز نەکەم. لە راستیدا ئەوە مەبەستی منە، کە خوێنەر بزانێت لەو رۆژگارەدا، ئەو گەشتیار و نووسەرانەی، کە هاتوونەتە ناوچەکەوە و بۆ هەر مەبەستێك بووبێت بابەتێکی مێژووییان نووسیوە، تا چی ئاستێك سیمای دۆستایەتی یان دوژمنکاری پێوە دیارە. خۆ من ئەگەر ئەو وشانەی، کە بەرامبەر شێخ مەحمود لەم کتێبەدا وتراوە، لایانببەم و وشەی شیاوتر بخەمە جێگایان، ئەوا دیدی خوێنەر دەشێوێنم و بە ئاقارێکی تردا دەیبەم.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کە وەرگێڕ تەنیا لەو بەشەدا، بەناوی پێشەکی وەرگێڕەوە سەربەستە لە دەربڕینی ئارا و بۆچوونی تایبەتی خۆی و نابێت هیچ خاڵێکی ئەو بۆچوونانەشی ئاوێتەی دەقی کتێبەکە بکات.

که به داخەوە ئەوە زۆر بە روونی بەسەر وەرگێڕانی دەقە بیانیەکانەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی دیارە، بە هەزاران پەرەگراف و بۆچوون و دەربڕین و دەستەواژە و وشەی تایبەت بە وەرگێڕەکانەوە ئاوێتەی دەقە بیانیەکە کراوە، کاتێ کە ئەو جۆرە وەرگێڕانانە دەخوێنیتەوە، ناتوانی بە ئاشکرا بزانی رای تایبەتی نووسەری بابەتەکە چیە و زیاتر هەست دەکەین کتێبێکی رەخنە ئامێز دەخوێنیتەوە، وەك لەوەی کە بابەتێك کە نووسەرێکی بیانی بەرامبەر مەسەلەیەك، لەبارەی قۆناغێکی مێژوویی، یا گەشت و بیرەوەرییەکەوە دەخوێنیتەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو وتەیە، بەرچاورِوونیەك بێت بۆ خوێنەری بەرهەمەکە، کە ئارا و بۆچوونی نووسەر نەخاتە پاڵ وەرگێڕ و وابزانێت هەرچی وشەیەك لەم وەرگێڕنەدایە مەبەستی منیشە و لە بەکارهێنانیشیدا هاوڕام لەگەڵ نووسەرەکەدا، بۆیە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

(وەرگێر)



ليڤيى عێراق / 1927

# لەبارەی وەرگێڕانە عەرەبییەکەوە

## قوات الليفى العراقية

## 1932-1915

کاتێ وەرگێڕانە عەرەبییەکەم پێگەیشت، نزیکەی 3-4 بەشی ئینگلیزیەکەم وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی. بەڵام حەزمکرد بزانم وەرگێڕانەکەم لە بەراوردا بە عەرەبییەکە لە چی ئاستێکدایە. بەداخەوە ئەوەندە هەڵەی واتایی ئینگلیزیەکەم لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا بەدیکرد، کە هیچ گومانم لەوەدا نەما پێویستم بە بەراورد نییە، بەڵکو پێویستە بزانم عەرەبییەکە ئەو هەڵانەی، کە تێیدا کراوە لەسەر چی ئاستێکە.

هەندێ هەڵە کراوە، کە گومان لای خوێنەر دروست دەکات، وەرگێڕەکەی نەدەبوو ئەو جۆرە هەڵە سادە و ساکارانە بکات. بۆ نمونە ئەگەر یەکێ پەلاماری کتێبێك بدات، کە تەمەنی نووسینی ئەو کتێبە بەلایەنی کەمەوە 85 ساڵ لەوەبەر نوسرابێت، هەر هیچ نەبێت وەرگێڕەکەی جگە لە شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی ئەو سەردەمەدا، دەبێ شارەزای کولتوری ئەو سەردەمەی زمانەکەش بێت، کە وەرگێڕانەکەی لێوە دەکات.

لەو وشە سادە و ساکارانەی، کە واتاکەی بە هەڵە وەرگێڕاوە:

لە لاپەڕە 97دا دەڵێت : (فی دوسك- Dusk النقيب اور اونك قد عسكر مؤقتا.) بەڵام دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(At dusk, Captain Orr-Ewing bivouaced at Boskin.)

واتە (لە زەردەپەڕدا سەرتیپ ئۆر- ئوینگ لە (بۆسکین)دا بەشێوەیەکی کاتی هەڵیدا).

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین، کە وەرگێڕی زمانی عەرەبییەکە دەزانێت، کە لە ئینگلیزیدا ناوی شوێن و شت و کەسان، یەکەم پیتەکەی کەپیتەڵە، بۆیە وشەی dusk، کە لە دەقە ئینگلیزیەکەدا بە سمۆڵ نوسراوە، کەچی، کە ئەو لەبەرئەوەی واتاکەی نەزانیوە

لەبری گوندی بۆسکین- Boskin یەکەم پیتەکەی ئەوی کردووە بە کەپیتەڵ و وەکو گوندێك لەلای رانیەوە قوتیکردۆتەوە. ئەوەش بەڵگە نەویستە، کە واتای ئەو وشەیەی نەزانیوە، چونکە لە شوێنی تردا وشەیەکی تری ئینگلیزیەکەی سەقەت کردووە و لەجێی واتای dusk بەکاری دەهێنێت.

وشەی dusk، واتە زەردەپەڕ، یان تاریك و لێڵی ئێوارە. لە کتێبەدا تەنیا دوو جار بەکارهاتووە. وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (دەسك) گۆدەکرێت.

وشەی dawn واتە کازیوەی بەیان، یان بەرەبەیان. لە کتێبەکەدا پێنج جار هاتووە و هەر پێنج جارەکەش لەلایەن وەرگێڕە عەرەبیەکەوە، بە هەڵە واتا کراوە. وشەکە بە (دۆن) گۆدەکرێت.

لە لاپەڕە 97دا وشەی dawn، کە مانای کازیوە، یان بەرەبەیانە، دەیکاتە زەردەپەڕ و بەم شێوەیە رستەکە وەردەگێڕێت:

(مع مساء يوم 31 اب هاجم الاكراد هؤلاء الرجال ...) ، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(At dawn on August 31st, the Kurds rushed this piquet ) واتە:

(لە بەرەبەیانی 31/ئابدا، کوردەکان هەڵیانکوتایە سەر ئەم دەستەیە، ...)

لە لاپەڕە 150دا بە هەمان شێوە بەرەبەیانی کردووە بە زەردەپەڕ. دەڵێت: (طائرات السرب الاول كانت تحلق عند المغيب، )، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(No. 1 Squadron was over at dawn…)

واتە (فڕۆکەکانی پۆلی ژمارە یەك لە بەرەبەیاندا هاتنە سەر ناوچەکە و...).

لە لاپەڕە 153دا دەڵێت: (لقد كانت ليلة حالكة الظلام و شديدة المطر غير ان الهدف كان مخيم كبير لجماعة اسماعيل عزيرى و الذي تم تطويقه مع حلول المغيب.)، کە دەقە ئینگلیزیەکەی بەم شێوەیەیە:

(It was a pitch dark night and raining hard, but the objective, a large camp of Ismail Uziri, was surrounded at dawn.)

واته: (شەوێکی ئەنگوستەچاوە و باران بە لێزمە دەبارێ، بەڵام ئامانجەکە خێوەتگەیەکی گەورەی سمایل عوزێریە، لە بەرەبەیاندا چواردەوریان گیرابوو.)

لە لاپەڕە 165دا دەڵێت: (قبل حلول الظلام في يوم 8 كانون الاول...)، کە ئینگلیزیەکەی دەڵێت: (before dawn of December 8th) واتە (پێش بەرەبەیانی رۆژی 8/کانونی یەکەم).

ئەم دوو وشەیەی لەسەرەوە باسمانکرد و چەند نمونەیەکی بە هەڵە بەکارهێنانیمان هێنایەوە، لە راستیدا دەبووایە هەر چۆن واتاکانی وشەکانی (بەیانی و ئێوارە و نیوەڕۆ و شەو و رۆژ)، کە لەو وشە سەرەتایانەی زمانە، کاتێ کەسێك فیری ئەو زمانە دەبێت. ئەوا زەردەپەڕ و کازیوە و بەرەبەیان و تاریك و لێڵی ئێوارە هەر هاوەڵی ئەوانەن و دوای ئەوەی فێری خۆرئاوابوون دەبین، راستەوخۆ (dusk)، کە زەردەپەڕە بەدوایدا دێت، یان هەر، کە فێری خۆرهەڵاتن دەبین، دەبێ فیری (dawn) ببین، چونکە لەدوای شەو و بەر لە خۆرهەڵاتن دێت.

ئیدی لەو وشانە دەگەڕێین و دەچین بۆ لای هەندێ هەڵەی سەیر و سەمەرە لە وەرگێڕانە عەرەبیەکەدا.

لاپەڕە 51، دەڵێت: (في شهر نوفمبر (تشرين الاول))، کە لە راستیدا نۆڤەمبەر، تشرینی یەکەم نییە، بەڵکو تشرینی دووەمە.

لاپەڕە 96، دەڵێت: (عشيرة الشكارس- Tribal Lashkars- اى العشائر المتمردة المقاتلة- المترجم. تم جمعها لصد زحف الاتراك وكذلك الدفاع عن رانية....)

کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(Tribal Lashkars were collected to hold up the Turkish advance and defend Rania)

واتە: (لەشکری خێڵەکان کۆکرایەوە بۆ پێشگرتن بە هێرشی تورك و داکۆکی لە رانیە...)

وشەی (Lashkar) وشەیەکی کوردیە و بە (s) کۆکراوەتەوە و بووە بە (Lashkars-لەشکرەکان)، کەچی وەرگێڕی عەرەبیەکە تیرەیەکی تری بۆ کورد زیاد کردووە و لەسەر وەزنی عەشیرەتی شوکاك...و زۆری تر لەو ئاوازانە و لەنێوانی دوو کەوانەشدا ئەوەش دەسەلمێنێت، کە ئەو عەشیرەتە یەکێکە لە عەشیرەتە پیاوکوژ و یاخیبووەکان. بەلآم ڕێگاکەی بۆ خۆی کورت نەکردۆتەوە و هەوڵبدات لە کوردێك یان تەنانەت لە فارسێکیشی بپرسیبایە هەمان وەلآمی چنگ دەکەوت، کە لەشکرس واتە لەشکرەکان یان سوپاکان.

هەر لەو بابەتەوە، لە لاپەڕە 143دا دەڵێت: (جماعة من البشدر اشكان (!) المعادين قد علم بانهم متواجدون في ماوت.)، کە دەقە Pizhdar lashkar ئینگلیزیەکەی دەڵێت: (A hostile Pizhdar lashkar was reported at Mawit.)

واتە (هەواڵ ڕاگەیەنرا لەشکرێکی نەیاری پشدەری لە ماوەتە.)

دیسانەوە لێرەشدا تیرەیەکی تری بۆ کورد زیاد کرد و بە هەمان ئاواز لەشکر دەکات بە جەماعەتی اشکان. هەرچەندە دەبووایە بگەڕایەتەوە سەر هەڵەکەی پێشوتری و بیزانیایە، کە ئەو وشەی (lashkar) تەنیا (s)ی کۆی لێکراوەتەوە، ئەی بۆ لێرەدا ببێت بە اشکان و لە رستەکەی پێشوشدا ببێت بە شکارس؟

لاپەڕە 117، دەڵێت: (النقيب كنك استطاع ان يقبض و على قدر ما استطاع من الرجال ثم قام باخذهم الى داخل حصن كركوك حيث تم اخذ اسلحتهم منهم و من ثم وضعهم تحت الحراسة في موقع صحيفة الفرسان.)

بەلآم دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(Captain King caught as many men as he could, took them into Kirkuk Fort, where their arms were taken from them, and they were put under guard, in the Cavalry Magazine)

واته (سەرتیپ- Captain کینگ چەندی توانی لە پیاوەکانی دەستگیرکرد، بردنی بۆ قەڵای کەرکوك، لەوێ چەك کران و خرانە ژێر پاسەوانیەوە، لە گەنجینەی هێزی سوارەدا.)

وشەی (Magazine) جگە لە واتای (المجلە- گۆڤار) دەیان واتای تری هەیە و وەرگێڕی عەرەبیەکە دەبووایە بیزانیایە، کە ئەو وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئینگلیزی نییە و بەڵکو وشەیەکی عەرەبیە. Magazine لە وشەی (المخازن)ی عەرەبیەوە خواستراوە و بە عەماری ناو قەڵا یان مەخزەنی چەك و تەقەمەنی دەوترێ Magazine، هەروەها بە شانەی دەمانچە و بە مەخزەنی کلاشینکۆف و بە گۆڤاریش دەوترێ Magazine. بەڵام من نازانم لە کوێوە واتای (صحیفة)ی گەیاندووە. هەروەها لەو سەردەمەدا و لەبارودۆخی ئەو کاتەی هێزی سوارەی لیڤی دەبێ چۆن توانرابێت کە(موقع صحیفة الفرسان) رۆژنامەی دەرکردبێت و ئەوەندەش گەورەبێت لە ناو قەڵای کەرکوکدا تا ببێتە شوێنی چاودێریکردنی ئەو کەسانەی، کە سەرتیپ کینگ گرتونی و لەوێ دایناون.

لە لاپەڕە 117، پەرەگرافێکی لە بیرچووە، کە وەریبگێڕێت، ئەویش ئەمەی لای خوارەوەیە:

(On leaving the parade ground, the men had to pass by a Chai-Khana. Suddenly in answer to some remark by the people inside, a riot broke out.

The men rushed the place, and broke chairs over the heads of the people in the Chai-Khana. Then a small body armed with sticks made for the bridge. Captain King with the Native Officers, Baijo and Gewergis, rushed towards the bridge to try and stop the men, and Sergeant Burgess of the Police made for it in an arabana.)

واتە (لە کاتی جێهێشتنی مەیدانی نمایشەکە، پیاوەکان دەبووایە بەلای چایخانەیەکدا- Chai-Khana تێپەڕن. کوتوپڕ لە وەڵامی هەندێ توانجەوە لەلایەن میللەتەوە لەناو چایخانەکەوە، ئاژاوەی لێکەوتەوە.

پیاوەکان هەڵیانکوتایە سەر شوێنەکە و کورسیەکانیان لەناو چایخانەکەدا لەسەری خەڵکەکەدا شکاند. ئینجا گورپێکی بچوکی دار بەدەست چوونە پێشەوە بۆ سەر پردەکە. سەرتیپ- Captain کینگ- P. P. King لەگەڵ بایجۆ و گۆرگیس ئەفسەرانی دانیشتوی ئەوێ، بەخێرایی بەرەو پردەکە چوون بۆ ئەوەی هەوڵبدەن پیاوەکان بوەستێنن و سەردەستەی دووەم بورجس لە بەشی پۆلیس بۆ ئەو مەبەستە عارەبانەیەکی ئامادەکرد.)

هەر لە لاپەڕە 117دا دەڵێت: (تحديداً رافق حوالى تسعون اثورياً)، کە لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا دەڵێت:

(He eventually got together some eighty of the Assyrians) واتە (لەکۆتاییدا هەشتا ئاشوورییەکی پێکەوە گردکردەوە،)

لاپەڕە 120، دەڵێت: (سرية واحدة و الكتيبة الثانية بقيت تحتل مضيق طاسلوجة حيث حلت محل الجيش العراقى...)، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت:

(One company, 2nd Battalion, remained in occupation of Tasluja Pass, in the place of a company of the Iraq Army)

واتە (یەك تیپی بەتالیۆنی دووەم، لە دەست بەسەراگرتنی دەربەندی تاسڵوجەدا مایەوە، لە جێگای تیپێکی سوپای عێراقی...)

ئالێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم لە زۆر شوێنی تردا وەرگێڕی عەرەبیەکە ئەو جۆرە رستانەی پێشهاتووە و بەشێوەیەکی راست وەریگێڕاوە. کەچی لێرەدا نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمایەدا بکات، کە لە نێوانی One company و 2nd Battalion دا هەیە. ئەو وا لەو کۆمایە گەیشتووە، کە لەنێوان دوو هێزی جیاواز لە

یەكدا دانراوە، ئەگەر بیری لەوە بكردایەتەوە، كە دوای 2nd Battalion ئامرازێكی پەیوەندی وەك (and) بهاتایە، ئەوا بۆچوونەكەی ئەو تەواو دەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی تەواوكەری رستەكە، كە

(remained in occupation of Tasluja Pass) هاتووە، واتە ئەو كاتە دەبووایە هەستی بەوە بكردایە، كە شێوە نووسینی ئینگلیزیەكە لەسەر شێوازی بروسكە دارێژراوە و بەشی دووەمی رستەكەش، كە ئەو تیپەی بەتالیۆنی دووەم دەخرێتە جێی، تیپێكی سوپای عێراقیە، كە وەرگێڕەكە ئەوەشی وەرنەگێڕاوە و نازانین سەربازەكانی عێراقی سریەیەكە یان فەوجێكە یان كەتیبەیەكە؟

هەر لەو لاپەڕەیەدا ناوی (تەینالّ)ی كردووە بە ترێمالّ، ئەمە زیاتر ناشارەزاییە لە ناوچەكەدا و دەبووایە ئەوانەی ئەم پەنای بۆ بردوون بەو شتانەدا بچوونایەتەوە و كەمێ بە وردتر بیانخوێندایەتەوە و ئەو وشانەیان ساغبكردایەتەوە. هەرچەند زۆر ناوی شوێن و گوندەكانی بە هەڵە نووسیوە، بەڵام وەك وتم ئەوە ناشارەزاییە لە ناوچەكەدا و پەیوەندی بە ئاستی وەرگێڕانەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە هەر هەوڵی بدایە، كە ئەو لایەنەش بێ كەموكوڕی بێت.

لاپەڕە 136، دەڵێت: ( توجب التعامل معها استناداً للبند الحادي عشر من معاهدة فرساي...) بەڵام دەقە ئینگلیزیەكەی دەڵێت:

(was dealt with under Article IX of the Treaty of Versailles,)

واتە (بەپێی مادەی (9)ی پەیمانی ڤرسای مامەڵەی لەگەڵدا كراوە،...)

ئەم هێمایە (IX) = 9.

ئەمەش (XI)= 11.

لە لاپەڕە 152دا دەڵێت: (...و جعلها عديمة الفائدة)، كە دەقە ئینگلیزیەكەی دەڵێت: .and rounding up stock ... واتە (ماڵیاتەكەشیان راپێچكردن.).

وەرگێڕی عەرەبیەكە وشەی (stock)ی وەك واتای لای خۆمان وەرگێڕاوە، كە بە شتێیەك دەوترێ زۆر مابێتەوە و كەڵكی نەمابێت، ئیدی پێیدەڵێن ستۆك بووە. راستە

یەکێ لەو واتایانەی (stock) ئەوەیە، کە ئەو نووسیوێتی، بەڵام جگە لەوەش نزیکە 80 واتای تری هەیە، وەك وشەیەکی تەنیا لە رستەدا. لەو رستەیەی سەرەوەدا بەهۆی وشەی (rounding up) واتای ماڵیات یان ئاژەڵی رەشەوڵاخ دەگەیەنیت. لەبەرئەوەی rounding بەتەنیا واتای خڕکردنەوە دەگەیەنێت، بەڵام، کە (up) بەدوایدا هات واتاکەی دەبێت بە راپێچکردن. ئیدی لێرەدا واتای رستەی (rounding up stock.) واتە: (ماڵیاتەکەشیان راپێچکردن).

لە لاپەڕە 158دا دەڵێت: (والتي ومنذ الان اصبحت موقعاً)

، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت: (which from now ceased to be a station)

واتە: (کە لەمەودوا ئیدی ئەوێ بنکەی سەربازی نابێت).

لاپەڕە 159، (من دون ان تدفع الضريبة التي يعيش عليها الشيخ محمود.)، کە لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا دەڵێت:

(without paying the tax levied on them by Sheikh Mahmud.)

واتە: (بێ ئەوەی ئەو باجە بدەن، کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە بەسەریاندا سەپێنراوە.)

وەرگێڕی عەرەبییەکە واتای وشەی (levied) تێکەڵکردووە بە (Lived)، کە ئەم هەڵەیە لای من زۆر گەورەترە لەو هەڵانەی تر، کە لەوەبەر باسمان لێوە کردووە، چونکە وشەی (levied) هەر ئەو وشەیەیە، کە بۆتە ناونیشانی کتێبەکە.

(levied) بەواتای سەپاندن، یان (المفروضة) کەچی ئەم دەیکات بە واتایەکی تر و دەڵێت، ئەو باجەی، کە شێخ مەحمود لەسەری دەژی. ئەگەر بڕوانیتە دوای وشەی (tax- باج) (levied on them) هاتووە، کە واتای (فەرزکراوە بە سەریاندا) دەگەیەنێت. هەروەها دوای ئەوەش (by Sheikh Mahmud) هاتووە، کە واتای (لەلایەن شێخ مەحمود)ەوە دەگەیەنێت. ئیدی ئەوە چۆن واتاکەی بوو بەوەی، کە ئەو وەریگێڕاوە؟

لاپەڕە 169، دەڵێت: (مع حلول الاسبوع الثالث من ايلول)، کە دەقە ئینگلیزیەکەدا دەڵێت: (by the third week in August,) واتە (لە میانەی سێیەم هەفتەی مانگی ئابدا،) هەڵەکە تەنیا ناوی مانگی (August)ە، کە ئەیلول نییە و بەڵکو مانگی ئابە. ئەمانە هیچی هەڵەی ڕێنووس نییە، بەڵکو هەڵەی واتاییە، لە نەزانیەوە لەلایەن وەرگێڕی عەرەبیەکەوە کراوە.

هەر لە لاپەڕە 169دا دەڵێت: (اصبح القائد الاحتياطى لليفي.)، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت: (.became second-in-command of the Levies) واتە (بوو بە کەسی دووەم لە فەرماندەیی لیڤیەکان) جیاوازی لە نێوان وشەی ئیحتیات و کەسی دووەم هەیە، ئیحتیات تا نەخرێتە کارەوە هیچ ئەرکێکی نیە، بەڵام کەسی دووەم کاری هەیە و بەردەوامە. لەلایەکی ترەوە ئینگلیزیەکە ناڵێت بوو بە قائدی ئیحتیات، بەڵکو دەڵێت بوو بە دووەم لە قیادەی-
second-in-command (الشخص الثاني في القيادة).

لاپەڕە 170، دەڵێت: (مظاهر الخيالة في المنطقة.)، کە دەقە ئینگلیزیەکەی دەڵێت: (.and of the appearance of raiders in the area) واتە (و لە دەرکەوتنی پەلاماردەران لە ناوچەکەدا.) لێرەدا وەرگێڕی عەرەبیەکە وشەی (raiders)ی بەهەڵە واتا کردووە و خۆی لە ئینگلیزیدا زیاتر واتاکانی هێرشبەر، هێرشکەر، پەلاماردەر دەگەیەنێت، (بەتایبەتی لە شەڕی دەستەویەخەدا)، بەڵام ئەم کردووەیەتی بە (الخيالة) کەچی هەر دوو دێڕ خوار ئەو وشەیە، وشەی (Cavalry)ی دیسانەوە بە خەیالە وەرگێڕاوە، کە ئەمەیان زۆر ڕاستە. تەنیا بۆ ئەوە هێناومەتەوە تا بڵێم وشەی (raider)ی تێکەڵ کردووە بە وشەی (rider)، کە ئەگەر لە پیتەکانی وردبینەوە دوو شێوە (سپێڵی) جیاوازن، کە ئەمەش گوێنەدانە بە وەرگێڕانەکە.

لاپەڕە 172، دەڵێت: (فقدان وظيفتي الآمر و معاونه بسبب من انتهاء مهامهم الوظيفية لم يتم ملوء فراغها )، کە لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا دەڵێت:

(The places of one captain, and four subalterns, due to leave on completion of tour of duty, were not filled up.)

واتە: (شوێنەکانی یەك سەرتیپ- Captain و چوار ئەفسەری پلە یەك، کە بڕیارە بە تەواوبوونی ماوەی خزمەتەکەیان جێیبهێڵن پڕنابێتەوە.)

ئیدی نازانم ئەو چۆن وشەکانی (four subalterns) کردووە بە معاون، کە لە ئینگلیزیدا بە مانای چوار ئەفسەر، کە پلەکانیان لە سێ ئەستێرە کەمترە، واتە دوو ئەستێرەیە، کە دەبێتە ئەفسەری پلە یەك. هەروەها لە واتای رستەکەشدا هێشتا خزمەتەکەیان تەواو نەبووە، نووسەر دەڵێت بە تەواوبوونی خزمەتەکەیان جێیدەهێڵن و شوێنەکانیان پڕنابێتەوە.

ئەوەندە بەسە، کە سەرنجی خوێنەری کورد بەولایەدا راکێشم و بڵێم هەوڵ بدرێت زیاتر وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بکرێت چاکترە و ئەو بابەتانەی راستەوخۆ باس لە مێژووی میللەتەکەمانەوە دەکات دەبێ وەرگێڕی کورد زۆر بە ئاگاوە وەریبگێڕێت. نەبا ئەو هەڵە دوژمنکاریانەی هەندێ وەرگێڕی عەرەب و تورك و فارس بە ئەنقەست کردویانە، ئەمیش بە دڵپاکی خۆی دەقاودەق وەریبگێڕێت و گوێ نەدات بەکاردانەوەکەی لەسەر دید و ئاوەزی خوێنەری کورد.

**وەرگێڕ**

# پێشەکی وەرگێڕ

لەمیانەی ئەو دەمەتەقێ و وتووێژەی جارجارە لە نێوانی من و خاڵۆزا و هاوڕێی خۆشەویستم کاك (سەردار فەتاح ئەمین) لە وڵاتی هۆڵەندەوە بە تەلەفۆن ئاڵوگۆڕ دەکرێت، کە لەو میانەیەدا زۆر لایەن و بوارەکانی ژیان بەسەردەکەینەوە.

جارێ لەو جارانە پرسیم سەرقاڵی چیت؟ لە وەڵامدا وتی کتێبێك دەخوێنمەوە، کە لە ئینگلیزیەوە کراوە بە عەرەبی. وتم کتێبەکە ناوی چییە؟ وتی ناوی (قوات الليفى العراقيه). ئیدی خۆزگەی ئەوەی خواست، کە ئەگەر من بتوانم لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی.

منیش وتم بەڵێنت نادەمێ، بەڵام با بزانم جارێ کۆپیەکی ئینگلیزیەکەیم دەست دەکەوێت.

هەر ئەو شەوە لە ئینتەرنێتدا گەڕام، لە یەکێ لە سایتەکاندا بەناوی (ebay- ئیبەی) پەیدامکرد و کۆپیەکم کڕی و دوای هەفتەیەك بە پۆستدا بۆیان ناردم. خوێندمەوە و هەندێ تێبینیم لای خۆم تۆمارکرد، بەتایبەتی لەبارەی هەندێ زاراوەی سەربازی و پلە و پایە و کارە سەربازیەکانەوە، کە داخەکەم زمانەکەمان تا رادەیەك لەو بوارەدا هەژارە، ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی، کە نەتەوەکەمان دەوڵەتێکی فەرمی خۆی نەبووە، تا سوپایەکی نیزامی دابمەزرێنێت. خۆشمان هیچ هەوڵێکمان نەداوە هەر هیچ نەبێت لە کولتووری زمانەکەماندا، کەم تا زۆر بگەڕێین و هەر چۆنێك بێت ئەگەر دەقاودەق وشەش نەدۆزینەوە، بەڵام لەوانەیە نزیکە واتا، یان وشەی بەکوردی کراو بدۆزینەوە. ئیدی کتێبەکەم وەرگێڕا و دوای ئەوەی تەواوبوو، کاکە (سەردار فەتاح

ئەمین) ئەرکی پاکنووسکردن و هەڵەبڕی گرتە ئەستۆ و بە خۆشحاڵییەوە ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد...، کە شایانی سوپاس و ستایشە.

بە وەرگێڕانی کتێبەکە، هەندێ سەرنجم لا دروستبوو، کە کەم، تا زۆر لەوانەیە لای هەر یەکێکمان سەری هەڵدابێت و بووبێتە پرسیار.

لە مێژە ئەو خاکەی نەتەوەی کورد و ئەو نەتەوە و میللەتە هاوشێوانەی وەك کورد، لەو ناوچەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەری دەژین، بۆتە گۆڕەپانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی جیهان. میللەتەکانیشی بوونەتە دەسکەلا و سەرەنێزەی دەستی ئیمپراتۆریاکان و دەوڵەتە زلهێزە دەستەڵاتدارەکان. هەمیشە هەر لکەیەکی مێژوویی بووبێتە بابەتی نەنگی بە تەوێڵی یەکێ لەو ئیمپراتۆریا و دەوڵەتە زلهێزانەوە، بێشەرمانە هەوڵیانداوە، کە تەوێڵی پیسیان بسون بە شانی یەکێ لەو میللەتانەی وەکو کورد. لەو بوارە و لە زۆر لایەنی ترەوە هەوڵیانداوە بەکاریان بهێنن، وەك داردەستێك هەمیشە لە شەڕوشۆڕ و جەنگەکانیشیاندا هێڵی بەرایی، یان کورد، یان ئاشووری و ئەرمەنی و ئیزیدی... بووە. سەرکەوتن و بردنەوەش بە هیچ جۆرێ ناوی ئەوانی تێدا نەهاتووە. هەروەها زۆرجار بەڵێنیشیان پێداون، بە بردنەوەی جەنگەکانیان خەونەکانی ئەو میللەتانە دێنە دی و دەیانکەن بە خاوەنی کیانی تایبەتی خۆیان. بەڵام لەبەرئەوەی بەڵێنەکان تەنیا سەرزارەکی بووە، هیچ پەیمان و دەقێکی نووسراو لەنێوانیاندا مۆرنەکراوە، بۆیە بەڵێنەکان دەبنە بلّقی سەرئاو. جاری وەهاش هەبووە پاداشتیشیان داونەتەوە و لکە و ناووناتۆرەی ناشیاویان دواخستوون، کە تا ئەمڕۆش لەناو میللەتانی نەوەی ئەو ئیمپراتۆریا و زلهێزانەدا هەست و سۆزی ئەم میللەتانەی پێ بریندار دەکرێت.

من ئەمڕۆ زۆر لام سەیرو سەمەرەیە، کە تاکی کورد هەیە، بە دڵیاییەوە چاوەڕێی ئەوەیە، ئەو زلهێزانەی جیهانیان کۆنترۆڵکردووە، رۆژێ لە رۆژان ببنە فریشتە و باڵە سپیەکانیان بەسەر خاکەکەی ئەواندا بکەنەوە و بێ چاوی تەماع و بێ بەرژەوەندی

تایبەتی، ئەو بەهەشتەیان بۆ بنیات بنێن، کە دێرزەمانە لە خاکی خۆیان و بۆ میللەتانی خۆیانیان هێناوەتە دی.

ئیدی من نامەوێ لەم پێشەکیە کورتەدا هەموو لایەنەکانی مێژووی ناوچەکە بەگشتی و مێژووی کوردیش بەتایبەتی شیبکەمەوە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا هێمای بۆ بکەم، ئەو بۆچوون و تێبینیانەیە، کە نووسەری ئەم کتێبە تۆماریکردون و گەواهی ئەوەیە، کە بریتانیاش وەك هەموو زلهێزەکانی تری ئەم جیهانە، خواست و مەبەستی تایبەتی خۆی چی بووە، هەر ئەوە کێشی کردووە، بگاتە ئەم ناوچەیە و کنە بکات لەناو خاك و بەروبووم و داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی ئەم وڵاتەدا. هەر لە کۆنەوە گەشتیارەکانی هاتون و توێژینەوەی تایبەتیان لەبواری مرۆڤناسی و مینتاڵەتی و ئاستی ئاوەز و بیرکردنەوە و زۆر لایەنی تری ژیانی کۆمەڵگاکانی ئەو ناوەدا کردووە.

## لەبارەی بۆچوونەکانی نووسەری ئەم کتێبەوە:

لە لاپەڕەی (3)دا نووسەر باسی ئەو هێزە دەکات، کە لە خەڵکی وڵاتەکە دروستیانکردووە و بە رابەریی ئەفسەر و ئەفسەریارانی بریتانی دەیانبەن بەڕێوە. ئیدی ئەو هێزە بە چەند ناوێکی جیاوازەوە ناسراوە، ئەوەبوو لە ساڵی 1918دا دوای ناوە جیاوازەکانی پێشوتر، ناوەکەی گۆڕا بە شەبانە، کە ئەو وشەیە هێشتا لە بیرەوەری خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ئاوازێکی دزێوی دەدا بە گوێیاندا.

It was intended that the Shabana should be a striking force, and should become the nucleus of the future Arab Army.

واتە: (مەبەست لەوە ئەوەیە، کە شەبانە ببێتە هێزێکی هەڵمەتبەر و بنەچەی سوپای ئایندەی عەرەب.)

بێگومان عەرەب وەك نەتەوەیەك لەپێش ئەو میللەتانەی ترەوە لە میسۆپۆتامیادا نەبووە، بەڵکو لەوەڕ و بژێویی، تیرە و خێڵە جیاوازەکانی هێناوەتە ناوچەکەوە. بەڵام، کە بریتانیا چاوی تیژی بەرژەوەندی بڕییە ئەو ناوە، ئیدی بیری لەوە نەکردۆتەوە مافی

خەڵکی ناوچەکە وەك چۆن مێژوو باسی دەکات، ئاوا پیادەبکرێت و لایەك نەکرێتە برا گەورە و مافی ئەوانی دی پێشێل بکرێت. هەر ئەو مەبەستی بەرژەوەندیە وای لێکرد بیر لەوە بکاتەوە، کە ئەڵقە لەگوێیەکی خۆیان بکاتە مەلیك و خەڵکی سادەوساکاری موسڵمانی کوردی پێبخەڵەتێنێت و بیکاتە نەوەی پێغەمبەری ئیسلام، تا کەس نەتوانێ بەرهەڵستی پیلانەکەیان بکات.

پاساویش بۆ ئەو کارەیان ئەوەبوو، کە دەوڵەتی عێراق هەمە نەتەوە و هەمە ئایین و هەمە ئایدۆلۆژی جیاوازە، بۆیە ئاسان نییە لە ناوەندی کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتەدا تاکێك دیاریبکرێت بۆ رابەرایەتی یان بۆ مەلیکی ئەو وڵاتە.

بەڵام لەوەشدا مافی کۆمەڵگای میللەتەکانی وەك کورد، ئاشووری، ئەرمەنی، ئیزیدی و تورکومان و...هیتد پێشێل کراوە و مەلیکێکی عەرەبیان هاوردە کردووە بۆ میسۆپۆتامیا و بانگی دەوڵەتێکی عەرەبی درا بەگوێی دەوڵەتی عێراقدا، ئیدی خەونی کورد و ئەرمەنی و ئاشووری دوورکەوتەوە، بگرە خرایە دۆسیەی بیرچوونەوەشەوە.

ئەوەتا لەم کتێبەشدا باس لەوە دەکات، کە هێزە دروستکراوەکەی ناوی نراوە شەبانە، هیوا دەخوازن ببێتە بنەچەی دامەزراندنی سوپایەکی عەرەبی بۆ دەوڵەتە عەرەبیەکەی، کە بە خواستی خۆیان بانگیان بەگوێدا داوە.

هەروەها لە لاپەڕە (23)دا جارێکی دی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هەموو عەرەبەکان لەو هێزەی لە کۆتایدا بەناوی لیڤیەوە مایەوە دەردەکەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە سوپا عەرەبیەکەی دەوڵەتی عێراقەوە.

This was done partly to take the place of the Arab personnel of the Levies, as all Arabs in the country were now required for the Iraq Army. Orders were issued that no more Arabs were to be enlisted, and that those already in the Levies were not to be taken on as their time expired.

واتە (ئەوە بەلایەنی کەمە کرا بۆئەوەی شوێنی کەسانی عەرەب لە لیڤیەکاندا بگرنەوە، لەبەرئەوەی هەموو عەرەب لە وڵاتەکەدا داواکراوە بۆ پەیوەندیکردن بە

سوپای عێراقەوە. بڕیاردرا ئیدی عەرەب نابێ لە لیڤیدا ناونووسکرێت و ئەوانەشی، کە لە لیڤیدان، تا ماوەکەیان تەواو نەبێت دەستیان لێنادرێت.)

لە هێزی لیڤیشدا شوێنی عەرەبەکان بە کورد و ئاشووری و ئیزیدی پڕ دەکرایەوە.

لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا باسی ئەوە دەکات، کە نرخ و بەهای عەرەبیش لەناو سوپای وڵاتەکەی بۆیان دروستکراوە لە ئاستی ئەفسەر و سەربازی بریتانیدا جگە لە بچوکی هیچی تر نییە.

(On Colonel Cameron’s arrival in that place, the officer in command of the Iraq Army troops was Ali Ridha Beg el Askari, brother of Jaafar Pasha el Askari, and ranking as a full colonel. But the situation, where such a case arose as was now in Sulaimani, was dealt with under Article IX of the Treaty of Versailles, which ordains that in operations where H.M. Forces take part with Iraq forces, the command shall be vested in the British Military Commander subject to any special arrangements. This was confirmed by a War Office Order which laid down that under no circumstances will British Officers, or troops, be put under an Arab Officer.)

واتە ( بە گەیشتنی سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron بۆ ئەو شوێنە، ئەفسەرێك لە فەرماندەی هێزی سوپای عێراقی (عەلی رەزا بەگ ئەلعەسکەری)، برای جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری، کە پلەبەندی سەرهەنگی تەواوە. بەڵام بارودۆخەکە، وەك ئەوەی ئەم حاڵەتەی بەرپاکردووە، بەو چەشنەی ئێستا لە سلێمانی، بەپێی مادەی نۆی پەیمانی ڤەرسای مامەڵەی لەگەڵدا کرا، کە فەرمان دەدا لەو ئۆپەراسیۆنانەی، کە هێزی پاشایەتی بریتانی بە هاوبەشی هێزی عێراقی دەیکات، فەرمانڕەوایی لە هەر رێکخستنێکی تایبەتیدا دەبێت لەژێر دەستەڵاتی فەرماندەی سەربازی بریتانیدا بێت. ئەوەش بە فەرمانێکی نووسینگەی جەنگی پشتیوانی کراوە، کە نوسراوە لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێ ئەفسەرانی بریتانی، یان سەربازانی بخرێنە ژێر فەرمانی هیچ ئەفسەرێکی عەرەبەوە.)

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە وەرگێڕی عەرەبیەکە سۆزی عەرەبایەتی جولاوە و ئەو (هیچ ئەفسەرێکی عەرەب)ی کردووە بە (هیچ ئەفسەرێکی عێراقی)، وەك ئەوەی، کە ئەگەر سوکایەتی بێت، با راستەوخۆ ناوچەوانی عەرەب نەگرێتەوە.

کاتێ ئەفسەرانی خەڵکی ولاتەکەشیان هێناوەتە پێشەوە، لەبەر ئەوە نەبووە، کە خاوەنی تاقیکردنەوەی زانستی هونەری جەنگن و لە بنەماکانی سەربازی شارەزان، بەڵکو بۆ ئەوەی بیانکەنە سیپە و قەڵغان لەپێش ئەفسەر و سەربازانی بریتانیەوە و لەکوێدا پێویست بکات بە کوشتیان بدەن، بۆ بەرژەوەندی و مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن. ئیدی ئەفسەری خەڵکی ولاتەکەیان لەسەر ئەو پێوانەیە دیاریکردووە، کە کێیە و بنەماڵەی چ خێڵ و تیرەیەکە و تا زۆرترین ژمارەی لیڤییان پێ دابین بکرێت، ئەوانە چانسی ئەوەیان هەیە لەپێش خاوەن رابردووی سەربازی و هونەری شەڕیشەوە بن. ئەوەتا لە لاپەڕە (157)دا دەڵێت:

(The Native Officer had been picked for ability in practical work, for tribal reasons, i.e. that he was a person of influence, and hence one the men would follow, or for having distinguished himself in the field. Education played no part. Against that was the obvious point, that if the Iraq Army authorities refused to take the present Native Officers, they would run the risk that the majority of the men would refuse to take on under the Native Officers whom they did not know.)

واتە (ئەفسەری خەڵکی ولاتەکە بەهۆی توانای کاری کردەییەوە هەڵبژێراوە و لەبەر هۆکارەکانی خێلایەتی، بە واتایەکی دی، کە کەسایەتیەکی کاریگەرە و خەڵکی دوادەکەوێت و لە توانایدایە لە گۆڕەپانی جەنگدا خۆی بسەلمێنێت. کەواتە فێرکردن و راهێنان رۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. خاڵێکی ئاشکرا دژی ئەوە بوو، کە ئەگەر دەسەلاتی سوپای عێراقی نەیەوێت ئەفسەرەکانی خەڵکی ولاتەکەی، کە هەیە وەربگرێت، لەبەرئەوەی لەوانەیە بەرەنگاری کێشە ببنەوە و زووربەی سەربازەکان نەیانەوێت لەژێر فەرمانی ئەفسەرانی خەڵکی ولاتەکەدا بمێننەوە، کە هیچ نازانن.)

ئیدی ئەوەی لەبەرەی لیڤی و چلکاوخۆر و کاسەلێسی ئەوان نەبووبێت، بە دوژمن ناوبراون و جیاوازی لە نێوانی شێخ مەحمود و شێخ بەدری هۆرەکاندا نییە و هەمیشە بە دوایانەوە بوون و ویستویانە لەناویان ببەن. لە هەر شوێنێك دابێتیان بەسەریاندا چەندیان پێکرابێت دژیان کردوویانە، لەدوایشدا، کە گەڕاونەتە دواوە، بە هەر گوندێکدا تێپەڕ بووبن، بەناوی ئەوەی هەواداری ئەوانن، سوتاندویانە و مالأت و خەلەوخەرمانەکانیان تالأنکردون. ئەوە فریشتەکەی ئیمپراتۆریای بریتانیای پاشایەتی بووە لە ولأتەکەماندا، ئاوە رەشێکی وەهایان لەو ناوچەیەدا رشتووە، کە تا ئەمڕۆش هێشتا کۆمەڵگای ئەو میللەتانەی لەو ناوەدا دەژین، پێوەی دەناڵێنن.

ئەوەتا لە لاپەڕە (168)دا دەڵێت:

(Penjvin defences were sited and work started, and a new Mudir installed. The punishment of the villages, which had taken part in the attack on Defcol, was carried out by No. 30 Squadron by bombing action.)

واتە (شوێنەکانی پاراستنی پێنجوێن دیاریکرا، کاروبار دەستپێکرد و بەڕێوەبەری نوێ دامەزرێنرا. بۆ تۆڵەسەندنەوەش لەو گوندانەی، کە هاوبەشی بەشێك لە پەلامارەکەیان بۆ سەر دەفکلْ کردووە، لەلایەن فڕۆکەکانی پۆلی ژمارە (30)ەوە بە بۆردومانکردن وەڵام درایەوە.)

لە 21/ئاب/1923دا، گوندەکانی باخ و تەیناڵ و گورگەیەر سوتاوە، لەبەر ئەوەی بەشداریی (وەك نووسەر دەڵێت) یاخیبوونەکەی (شێخ مەحمود)یان کردووە و گوندی باخیش شوێنێکی دڵخوازی کەریم فەتاح بەگ بووە.

لە 21/نیسانی/1915دا هەمان هێزی لیڤی، کە بریتی بوون لە حەفتا سوارە و سەد پیادە، هێرشێکیان بۆ(جەربوعیە) کرد، 27 قوللەیان وێرانکرد و دوو گوندیان سوتاند.

لە 21/مایس/1915دا گوند و دەغڵودانەکەی (شێخ بەدر)یان سوتاند.

لە 27/کانونی یەکەم/1921 گوندی (خرا)یان سوتاند.

له 1922دا (گوندی نەقابا)یان سوتاند.

له27/مایس/1925دا سوپاکه به هەیاس، مووان، بێستان سور و عەربەتدا دەستیکرد بە گەڕانەوە، هەموو ئەو گوندانەی سوتاند، کە لە هێرشەکەدا بۆ سەر سوپاکەی لەورەنس- Lawrence بەشدارییانکردووە.

له 27/حوزەیران/1925دا نادەستووریەکان گوندی (کەناروێ)یان سوتاند.

له ساڵی 1925دا سوپاکه گەیشتە گوندی وەڵانە، گوندەکەی سوتان و گەڕایەوە.

له ساڵی 1925دا گوندی (کانی دڕکه)یان سوتاند.

له 27/حوزەیرانەوە تا مانگی تەموزی ساڵی 1926 سوپاکه له خورماڵ مایەوە، چالاکی دژی یاخیبووان دەکرد و خەلە و خەرمانی ئەو ناوەیان دەسوتاند.

له 10/تەموز/1922دا چەند جارێ رەواندوز بۆردومانکراوە.

له ساڵی 1924دا سلێمانی به فرمانی مەندوبی سامی بۆردومانکراوە.

له 4/حوزەیران/1925دا گوندی سیتەك لەلایەن هێزی ئاسمانیی پاشایەتیەوە بۆردومانکرا.

له 21/ئاب/1925 سوپاکه گەیشتە قەرەداغ. گوندەکانی دەوروبەرەکه بۆردومانکرا.

ئەمانە و زۆر نمونەی تری وێرانکاری له هەموو ولاتەکەدا.

ئیدی دوای ئەوەی به مەرامی خۆیان گەیشتن و سوپا عەرەبیەکەی، کە ویستیان دروستیانکرد، هەرچەند له دوایدا تەنیا عەرەب نەبوون، کە بەرگی سەربازی عێراقی لەبەردا بوو، بەڵکو سوپاکه بریتی بوو له عەرەب، کورد، تورکومان، ئاشووری و ئیزیدیش. ئەوەش نەك لەبەرئەوەی، کە ئەوانە هاوبەشن لەو ولاتەدا، ئەمانیش نایانەوێ جیاوازی بکەن له نێوانیاندا، نەخێر به پێچەوانەوە، بەڵکو به زۆرەملی سەپێنرا بەسەر هەموو ئەو میللەتانەی لەناو ئەو سنوورە دەستکردەدا دەژیان، کە دەبێ ماوەیەکی دیاریکراو خزمەتی سەربازی بکەن. بەڵام هەمیشە عەرەب برا گەورە بووە و بەشی خوارەوەش بۆ ئەوانی تر دانراوە.

دوای ئەوەی بیریان لەوە کردەوە، کە چارەنووسی هێزی لیڤی دەبێت لەکۆتاییدا تەنیا ئاشووریەکانی تێدا بمێنێتەوە، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەوە گەیشتبوون، کە ئاشووریەکان دەبێ کەسانی بێگانەی دەرەوەی وڵاتەکە بیانبات بەڕێوە. ئەگینا خۆیان متمانەی ئەوەیان پێناکرێ. هەر بۆیە کاتێ، کە راپۆرت بۆ مەندوبی سامی بەرزدەکرێتەوە، هێما بەوە دەکەن، کە ئەوانە بۆ ئەو ئەرکە گونجاونین.

لە لاپەڕە (42)دا دەڵێت:

(This affair was probably the surest test of discipline for the Assyrian Levies that they could have had. They could see their homes going up in flames and they did not know for a certainty if their relatives and families were safe. But they carried out their orders under the British Officers without question. This point has been fully brought out in the High Commissioner's report of the operations.)

واتە (ئەم مەسەلەیە لەوانەیە سەرکەوتوترین تاقیکردنەوە بووبێ بۆ رێکخستنی لیڤیی ئاشووری، کە بتوانرێت بۆیان دابینبکرێت. لەوانەیە بتوانن ماڵەکانیان ببینن ئاگری تێبەربووە و بە دڵنیاییەوە ناتوانن بزانن خزم و خێزانەکانیان سەلامەتن. بەڵام فەرمانی ئەفسەرانی بریتانیایان بەبێ هیچ مەرجێك جێبەجێکردووە. ئەم خاڵە بە تەواوی خراوەتە روو لە راپۆرتی مەندوبی سامیدا لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانەوە.)

لە زۆر لای تردا بەشێوەی جۆراوجۆر باس لە ئاشووریەکان دەکات و بە گێرەشێوێن و ئاژاوەگێڕ و بە کێوی ناویان دەبات، سەرەڕای ئەوەش پێیان دەڵێت، کە ئەوانە لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییەی، کە هەیانە، کەچی خۆشیان قینیان لە موسڵمانە و دانیشتوی شارەکانیان خۆشناوێت.

هەروەها، کە دێتە سەر باسی ئیزیدی، زۆر بە راشکاوی ئەوە بەیان دەکات، کە ئیزیدی هەرگیز سەربازێکی دەستووری لێپێکنایەت... ئەوەتا لێرەدا لە لاپەڕە (33)دا دەڵێت:

(. It was proposed to form a Yezicli Squadron, which was to form part eventually of the ist Cavalry Regiment. The officers, who were to be specially enlisted, were to be either Assyrians or Yezidis, but

not Moslems, for religious reasons. This scheme did not work, as the Yezidis proved far too difficult to train, and not very amenable to discipline; but they were good with animals. A number of them went finally to the ist Line Transport of the 4th Battalion, and here gave some trouble, when out on the march. They were all discharged when the 4th Battalion was disbanded.)

واتە (پێشنیارکرا بۆ پێکهێنانی تیپێکی ئیزیدی، کە لە ئەنجامدا بەشێکی فەوجی یەکەمی سوارەی تایبەت پێکبهێنێت. ئەفسەرەکان، کە بڕیارە ناونووسکرێن، دەبێ یان ئاشووری یان ئیزیدی بن، بەڵام نابێ موسڵمان بن، ئەویش لەبەر هۆکاری ناکۆکی ئایینی. ئەو نەخشانە کاری نەکرد، چونکە ئیزیدیەکان سەلماندیان، کە زۆر مەحاڵە مەشقیان پێبکرێت و زۆر گونجاو نین بۆ ڕێکوپێکردن، بەڵام لەبواری خزمەتکردنی ئاژەڵەکاندا باشن. لەدوایدا ژمارەیەکیان چوون بۆ یەکەم هێڵی گواستنەوەی بەتالیۆنی چوارەم و کاتێ چوونە دەرەوە بۆ ڕێپێوان، لەوێدا هەندێ کێشەیان نایەوە. ئیدی بەتالیۆنی چوارەم هەڵوەشایەوە و دەستبەرداری هەموو ئیزیدیەکان بوون.)

هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەربارەی کلدانەکانیش دەڵێت:

(It was found after some experience, that as a rule the Chaldeans did not make good soldiers, and they were gradually discharged.)

واتە (دوای هەندێ تاقیکردنەوە ئەوەش ئاشکرابوو، کە کلدانیەکان وەك دەستوور، سەربازی باشیان تێدا هەڵناکەوێت و وردە وردە دەستبەرداری ئەوانیش بوون.)

ساڵی 1932 کۆتایی بە هێزی لیڤی هات و هێزی بەرگری ئاسمانیی کەوتە ناوناوانە..

مینە

مانچەستەر

2016/3/7

# پێشەکی نووسەر

ئەمە کورتەی باسی ئەو کارەیە، کە لیڤیەکانی عێراق لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە لە ساڵی 1915 ئەنجامی داوە، بۆ کۆتاییەکەی، کە لە ساڵی 1932دا گۆڕا بە هێزێکی بەرگریی ئاسمانیی نوێ.

من خۆم بە قەرزداری ئەوانە دەزانم، ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسانم، تا ئەم زانیاریانەم دەستکەویێت، کە یارمەتی کۆکردنەوەی ئەم باسەی داوە:

سەرهەنگی دووەم سۆرڵ کامیرۆن- Lieut.-Colonel G. C. M. Sorel Cameron، کە خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel C. R. Barke، کە خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

میستەر ئێدمۆنس- Mr. Edmonds، لقی رامیاری، کارمەندی مەندوبی سامی عێراق.

سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر- Lieut.-Colonel L. W. Alexander، کە خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

پێشەنگ ئالدۆرز- Major - T. P. Aldworth، خەڵاتەکانی ئیمپراتۆریای بریتانی و مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.

پێشەنگ هاڵ- Major F. W. Hall، کە مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

پێشەنگ بۆیل- Major C. A. Boyle، کە خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.

سەرتیپ مێری- Captain R. Merry، کە مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

سەرتیپ لیتلّدێلّ- Captain C. E. Littledale، کە خەلاّتی ئیمپراتۆریای بریتانی و مەدالیاکانی خاچی سەربازی و پۆلیسی عێراقی وەرگرتووە.

سەرتیپ بادیلی- Captain P. J. T. Baddiley، کە مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

سەرتیپ هووکەر- Captain C. E. P. Hooker

سەرتیپ ماکوینی- Captain F. J. McWhinnie

ئەفسەر دەڤەنیش- Lieut. C. 0. L. Devenish

سەردەستەی یەکەمی فەوج والّکەر- E. G. Walker، کە مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

سەردەستەی دووەمی کەرتی ئازوقە و جلوبەرگ، چاپمان- C. Chapman**.**

هەروەها لە کۆتاییدا زۆر قەرزداری بەڕێز (ولّسن- Mr. K. R. Wilson)م، کە ئەرکی خوێندنەوەی بەلّگەکانی کێشا و یارمەتیدام بۆ هێنانەبەرهەمی ئەم کارە مێژووییە.

**فەرماندەی هێز: جۆن گیلبەرت براون**

**هینەیدی-** 12/**تەموز**/1932

# لیڤیەکانی عێراق

# بەشی یەکەم

# 1919-1915

لە ساڵی 1915، پێشەنگ ئێدیە- Major Eadie[1] لە سوپای هیندی، کە ئەو کاتە لە لەشکری مونتەفیك لە میسۆپۆتامیا ئەفسەری کارگوزاری تایبەتی بوو، چل سوارەی عەرەبیان لە خێڵەکانی دەوروبەری ناسرییە لەسەر روباری فورات، بۆ کارکردن لەژێر کارگێڕی هەواڵداریدا، خستنە ریزی سەربازییەوە.

لەم هێزە بچوکە چل کەسییەوە، وردە وردە هێزێك پێکهێنرا، کە دوای چەند ناوێکی جیاواز، لە دواجاردا ناونرا **"لیڤی"** و لە (ساڵی 1915)ەوە لە هێزێکی چل کەسییەوە ژمارەکەی لە مایس/1922دا بەرزبۆوە بۆ (6199) کەس، لەدوای ئەو رۆژەوە بەرەبەرە یەکەکانی کەم دەبوونەوە، یان دەگوێزرانەوە بۆ ناو سوپای عێراق.

ئەمەی دێ هەوڵێکە بۆ باسکردنی ئەو هێزە، کە لە یەکەیەکی بچوکەوە گۆڕا بە هێزێکی بڵاوی تێکەڵ، بە هەموو جۆرە چەکێکی رێکوپێکەوە، سەربازەکانیشی لە تەواوی عەرەبەوە گۆڕان بە هێزێکی تێکەڵ لە عەرەب، کورد، ئاشووری، تورکومان و ئیزیدیەکان. لەدواجاریشدا تەواو بوون بە ئاشووری. هەروەها ئەو ناوچەیەی یەکەم جار بۆی بەکارهێنرا، بەر لە هەمووی بەتەواوی لە باشووری بەغدادا دیاریکرا بوو، دواتر بەتەواوی بۆ کوردستان و ئێستاش، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییان، بەرەبەرە بنکەکانیان دیسانەوە لە باشووردا دەگرنەوە.

---

[1] دواتر بوو بە سەرهەنگی دووەم جەی. ئای. ئێدیە، خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.

## شێوازی پۆشینی بەرگی لیڤی لای عەرەب



کۆتایی/ 1917 — 1916 -1917 — سەرەتای/ 1916

چل پیاوەکەی پێشەنگ ئێدیە- Major Eadie، سەرەتا لەناوخۆدا بە سوارەی مونتەفیك ناسرابوون، هەر زوو بوون بە شەست کەس، کە پێیاندەوترا پێشەنگی عەرەبی. ئەرکەکانیان زۆر و هەمەجۆر و بریتی بوون لە سوسەکردنی- إستطلاع پاپۆڕەکانی بریتانیا، کە لە ناوچەکەدا کاریاندەکرد. ڕێیان پێدرابوو، کە جلوبەرگەکانی خۆیان بپۆشن، ئەسپی تایبەتی و زین و تفەنگ و چەك و تەقەمەنی خۆیان بەکاربهێنن و شوێنی حەوانەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان بە خۆیان دابینکردووە، ئەوانە بنەچەی لیڤیی فوراتی پێنجەمیان پێکهێناوە.

لە ئازاری ساڵی 1916دا، هێزێکی سوارەی بچوکی تر، هەروەها شەست کەسانێکی بەتوانا، لەلایەن پێشەنگ هامیلتن- Major Hamilton، بەرپرسی سیاسی لە ناسرییەدا کۆکرانەوە. ئەوانەش پێیاندەوترا یاوەرانی سیاسی. ئەو هێزە وەك پاسەوان و یاوەری کارمەندانی سیاسی، لەمیانەی گەشتە میللیەکانیاندا، هەڵسوکەوتیان دەکرد و ئەرکی پۆلیسیشیان لە شارۆچکە و ناوچەکەدا جێبەجێ دەکرد.

ئەمانیش هەمان بڕی موچەیان هەبووە و لەژێر هەمان مەرجەکانی پێشەنگی عەرەبی، کە هەیان بوو، خراونەتە ریزی سەربازیەوە.

لە حوزەیرانی ساڵی 1916دا، دوای روخانی کوت، کۆمەڵێك لە پاسەوانان بۆ رووبار و هێڵی تەلەگراف لە ناوچەکانی گورنە، عەمارە و بەسڕەدا دامەزرێنران. ئینجا ئەو کۆمەڵە دابەشکران بۆ گونجاندن لەگەڵ بەشەکانی سیاسیدا و بە رابەریی ئەفسەری یاریدەدەری سیاسی خرانەگەڕ، ئەوانەش بنەچەی سێیەم لیڤیی دیجلە و پۆلیسی ناوچەی (گورنە)یان پێکهێناوە.

لە هەمان مانگدا، پێشەنگی عەرەب و یاوەرانی سیاسی تێکەڵکران و ناوی پاسەوانانی سوارەی (ناسرییە)یان لێنراوە.

توانای ئەم هێزە لە 120 کەسەوە بەرزبۆوە بۆ 150 و لە کۆتایی ساڵدا بوو بە 250 کەس. زیادبوونێکی تریش لە نیسانی ساڵی 1917دا گەیاندیە 350 و لە مانگی

تەموزدا بە زیادکردنی هێزێکی تر لەلایەن کۆمیسیۆنەکانی شارستانیەوە، هێزەکە بوو بە 500 کەسی سوارە و 400 کەسی پیادە.

لە ساڵی 1916دا بڕیاردرا، کە هێزەکە دەبێ بەرگێکی هاوپۆشی دیاریکراوی هەبێت و لێرەشدا کێشەیەك هاتەپێشەوە. تەنیا بەرگێك، کە لە پێ هەڵکێشرێ یان دەبێ پانتۆڵی کورت، یاخود پانتۆڵی سوارە بێت، کە لای سمتەوە کەمێ فشەڵە، بەڵام عەرەبەکان ئامادە نین ئەمانە هیچیان بپۆشن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دەرخستنی لاقەکان شتێکی نەشیاوە و دژی هەموو دابونەریتێکە. چارەسەری ناوەند ئەوە بوو، کە عەرەب دیشداشەکانی خۆیان بەسەر بەرگە هاوپۆشەکەدا بپۆشن. بەهەرحاڵ، لەماوەی ساڵی 1917دا، راهاتن لەگەڵ ئەوەی بەرگی سەربازانی بریتانی بپۆشن و ئەوەش لەناو هەموو هێزەکەدا پەیڕەویی کرا.

هێزەکە لە گەشەکردن بەردەوام بووە و لەوە دەچوو لە شوێنە جیاوازەکان ناوی جیاوازی لێنرابێت. بەو شێوەیە لە 12/نیسان/1918دا بۆمان دەرکەوت، کە شەبانەی حلە، یان لیڤیی فوراتی دووەم، بە رابەریی پێشەنگ بۆیڵ- Major C. A. Boyle [2] بەکارهێنران، ئەوە یەکەم کارێکە، کە ئەو هێزەی پێ جیادەکرێتەوە. ئەوەش بۆ مەدحەتیە بوو، بۆ لەناوبردن و رمانی شارۆچکە و قەڵاکان و بۆ کۆکردنەوەی داهاتی دەوڵەت و دەستگیرکردنی کەسانێکی دیاریکراو بوو. ئەم هێرشە پانتایی 120 میلی داپۆشی بوو، بەبێ ئەوەی سوارەیەك بریندار ببێت، 84 قوللەیان وێرانکرد، هەندێ داهاتیان کۆکردەوە و دڵنیایی بەگوێرەی پاشماوەکەشیەوە بەدەست هێنرا و هەشت کەسی داواکراویشیان بەدیل گرت.

لە 21/نیسانی ئەو ساڵەدا هەمان لیڤی، حەفتا سوارە و سەد پیادە، هێرشێکیان کرد بۆ(جەربوعیە) و 27 قوللەیان وێرانکرد و دوو گوندیان سوتاند. هێرشەکە ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو. پیاوانی سوارە، رۆژی یانزە سەعات بەسەر کۆڵی زینەکانیانەوە

---

[2] دواتر پێشەنگ- Major سی. ئەی. بۆیڵ، خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.

دەمانەوە. کەس لە هێزەکە نەگلاوە. شەڕی گەورە کۆتایی هات، بەڵام کاری ئەم هێزە پەرەیسەند.

لە کۆتایی ساڵی 1918دا گۆڕا بە شەبانە، ئەو ناوە لە سەردەمی تورکدا بەکارهاتووە و ئێستاش تا رادەیەك بەکاردەهێنرێت. ئەرکەکانی ئێستای پێویستیەکانی کارگێڕی شارستانی رادەپەڕێنێت.

بارودۆخی رێکخراوەکە و کارگێڕی و موچەی هێزەکە و هێزێکی 5467 کەس، کە لە یاداشتەکەی 8/ئۆکتۆبەر/1918 خراوەتە روو. مەبەست لە شەبانەیە، کە ببێتە هێزێکی هەڵمەتبەر و بنەچەی سوپای ئایندەی عەرەب.

ناوی شەبانە زۆر کاری نابەجێ لە سەردەمانی تورکدا دێنێتەوە یاد و بەشێوەیەکی گشتی بێبرەو بووە، ئیدی جارێکی تر ناوی هێزەکە گۆڕا بە سوارەی مونتەفیك و ئەم ناوەش دیسانەوە گۆڕا، هەموو هێزەکە لە ئازاری 1919دا ناونرا نیمچە نیزامی، هەرچەند ناوی سوارەی مونتەفیك لەوە دەچوو، وەك ناوێك بۆ هێزی سوارەی ئەو ناوچەیە بەردەوام بێت. پێشەنگ بۆیل- Major C. A. Boyle، ئەفسەری پشکنەری نیمچە نیزامی بوو لەگەڵ ناوەندی فەرماندەیی لە بەغدا.

لەمیانەی ئەم ساڵەدا بوو، کە بەرگی هاوپۆشی بۆ هێزەکە دابینکرا، هێزەکە بە تفەنگی ئینگلیزی کورتی 303 چەکدارکرایەوە و سیستمی سەربازیی خۆبەخش پیادەکرا. ئیدی شێخانی ناوچەکە و سەرۆکەکان بانگکران بۆ ئەوەی پیاوەکانیان ئامادەبکەن، هەرچەند ئەو ئامادەکراوانە بەتەواوی سەربازی خۆبەخش نەبوون.

ئەم ساڵ تا رادەیەك پڕ رووداو بوو، هەروەها هێزەکە بڕێکی باش خزمەتگوزاری بینی. پێش ئەوەی ئەمە بخەینە روو، چاکتر وایە گۆڕانکاریەکانی ناو رێکخراوەکە و سیستمی کارگێڕی و شوێنی هێزەکە پێشان بدەین.

لە تەموزی 1919دا، جارێکی تر ناوی هێزەکە لە نیمچە نیزامیەوە گۆڕا بە لیڤی، ئێستا لەبەکارهێنانیدا بۆ یەکەم جار و لە 1/ئابدا دەستوورەکانی لیڤی و دەرەك

بلاوکرایەوە. ئەو دەستوورانە بە کۆنترۆڵکردنی لیڤی و ئەرکەکانی ئەفسەری پشکنەری لیڤی ناسراوە، کە پشکنین و کارگێڕی سنوردارکردووە. بۆیە بەپێی ئەم دەستوورانە لیڤی لەژێر فەرمانی سێ کەسی جیاوازدا بووە:-

1. ئەفسەری پشکنەر.
2. بەرپرسی سیاسیی ناوچەکە.
3. سەرۆکی کارگێڕیی ناوخۆ.

لەسەرو ئەوەشەوە بۆدجە لەلایەن ئەفسەری پشکنەرەوە تاووتوێ کراوە، جگە لە لیڤیی کەرکوك و سلێمانی و موسڵ، کە ئەفسەرانی سیاسی کاریان لەسەر کردووە.

ئەم دابەشەی کۆنترۆڵ، هەردوو مەسەلەکانی بۆدجە و کارگێڕیی، زیانێکی گەورە بوو. کۆنترۆڵی ئەفسەری پشکنەر بەسەر هێزەکەی خۆیدا، جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ کەسایەتی ئەفسەرانی سیاسی ئەو ناوچانەی لێین.

ناوەندی مەڵبەندی لیڤی دەستیکرد بە فراوانبوون و تیپەکانی (A) و (Q) لە مانگی ئەیلولدا پێکهێنران. هێزەکەش کرا بە دوو بەشەوە:

1. هێزی هەڵمەتبەر لە ناوەندی مەڵبەندی کارگێڕیی ناوچەکە. ئەم ژمارەیە (3075) و بە رابەریی ناوەندی مەڵبەندی لیڤی بۆ مەشقکردن و مەبەستی تر. دابەشکران بە کەرتی قەوارە جیاواز لە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا.
2. پۆلیسی ناوچەکە، کە ژمارەیان بریتی بوون لە (1786)کەس، بە رابەریی ئەفسەرانی سیاسی و تەنیا جار جارە لەلایەن ناوەندی مەڵبەندی لیڤیەوە پشکێنراون.

لە 12/ئەیلولی 1919، هێزەکە ناوەکەی بۆ جاری هەشتەم گۆڕا و بوو بە لیڤیی عەرەب و کورد.

یاداشتێك بە وردەکاری کارگێڕیەوە دەرچووە، کە بەهەرحاڵ دوای ساڵێك لە دەرچوونی کاریگەریی دەرکەوت و کاراکراوە. خاڵی سەرەکی دیاریکردنی سێ

جێگری پشکنەری گشتی بوو، بۆ مەبەستی فەرمانبەری و کارگێڕیی، هەروەها وڵاتەکە کرابوو بە سێ ناوچەی لیڤییەوە، هەریەکەیان بە رابەریی ئەفسەرێکی تایبەتی دەپشکێنران، جێگری پشکنەر، یان یاریدەدەری پشکنەر، لەگەڵ ئەفسەرانی کارمەند و ئەفسەرێکی رێکخەر بۆ یارمەتیدانی.

ناوچەکانیش بریتی بوون لە:-

- ناوچەی ناوەندی مەڵبەند لە حلە.
- ناوچەی ناوەندی مەڵبەند لە بەغدا.
- ناوچەی ناوەندی مەڵبەند لە موسڵ.

لەو کاتەی، کە ئەم یاداشتە ئامادەکراوە، لیڤی لەلایەن ئەفسەری پشکنەر و ژمارەیەکی کەم لە کارمەندان، کە پێکهاتبوون لە ئەفسەری یاریدەدەر و ئەفسەری ئازوقە و جلوبەرگ و خانەسازیەوە بەڕێوەدەبرا، نە گۆرانکاریی لەئێستادا و لەم رێکخستنەدا بەکردەوە روویدا و نە سیستمی ناوچەکان بۆ ماوەی ساڵێك خرایە پڕۆسەوە.

هەروەها ئەم یاداشتە بۆ بارودۆخی گشتیش دانراوە، کە لەوانەیە لیڤی بۆ بانگ بکرێت. دیسانەوە بۆ ئۆپەراسیۆنە ئاساییەکان ئەفسەری سیاسی دەتوانێت بانگیان بکات، بەڵام ئەگەر ئەرکەکەی، کە دەیانەوێن هاوبەشی تێدا بکەن و ئامادە نەبێت لە کارەکەیدا بۆ ماوەی 24 سەعات، ئەوا پێویستە مۆڵەت لە ئەفسەری پشکنەری ناوچەکە بخوازێت. هەروەها هیچ چالاکیەك، کە لەوانەیە هێزەکە بخاتە کارێکی دوژمنایەتیەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکی سەربازیی ناوچەکە، هەنگاوی بۆ نانرێت.

رێکخستنەکانی هێزەکە دانرا. سوارەی لیڤی، تیپەکانی 100 کەس بوون و کەرتەکانیش 25 کەس. پیادە، تیپەکانی 100 کەس و کەرتەکانیشی 25 کەس. یاداشتەکە ناو و شوێنی یەکەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکات، بەڵام لە

هەندێ ناوچەی تایبەتی وەك سامەڕا و خانەقین، لەوەناچێت خرابێتە پرۆسەی جێبەجێکردنەوە.

1. لیڤیی فوڕات....................دلێم
2. لیڤیی فوڕات....................حله
3. لیڤیی فوڕات....................شامییە
4. لیڤیی فوڕات....................ناسڕییە.
1. لیڤیی دیجلە....................سامەڕا
2. لیڤیی دیجلە....................کوت
3. لیڤیی دیجلە....................عەمارە.

لیڤیی دێرەزوور....................دێرەزوور.

لیڤیی باقوبە....................باقوبە

لیڤیی خانەقین....................خانەقین.

لیڤیی زوبێر....................بەسرە.

لیڤیی کەرکوك....................کەرکوك.

لیڤیی سولەیمانی....................سولەیمانی.

دەرەکی موسڵ....................موسڵ.

هەروەها بڕیاردرابوو، بۆ پارێزگاریکردنی دەستوور لە هۆڕەکان، لیڤیەکی نوێ لە سوق شیوخ هەبێت، بەڵام هەرگیز لەوەناچێت، کە ئەو کارە کرابێت.

لەم کاتەدا گەڵاڵەکردنی سەربازانی هێزەکە بریتی بوون لە:

- عەرەبەکان: زووربەی دانیشتوانی شارەکان، یان لە خێڵە نیشتەنیەکان بوون. خێڵەکانی بیابان حەزیان بە ڕێکوپێکی نەبووە. هەروەها کەمێك لە ئەفسەرانی کۆنی عەرەب لە سوپای تورکییەوە پەیوەندییانکرد.

- کوردەکان: ئەوەی پەیوەندی کرد بەزۆری لیڤیی سلێمانی و ئەربیل و دەرەکی موسڵە.
- کەرکوکلیەکان: لەوێدا خەڵکی تورکومان هەیە و پەیوەندییانکرد بە لیڤیی کوت و بەعقوبە و کەرکوکەوە.

مەشقکردنی لیڤیەکان لە یاداشتێکدا دیاریکرابوو، کە لە تشرینی دووەمی 1919دا دەرچووە. فەرمانیان پێکرابوو، کە مەشق بکەن تا بەخێرایی پێشکەون، دەستەی هێرشبەر، بەرایی و پاسەوانانی پشتەوە و شەڕی هۆڕەکان. بۆ کارکردن لە ناوچەی رووبارەکاندا، کارکردن لەگەڵ فرۆکە و زرێپۆش و بەلەمە جەنگیەکان. هەروەها دەبێ مەشقی شەڕی شاخاوییان پێبکرێت بۆ ناوچەکانی باکور و هەروەها شەڕی بیابان لە هەر شوێنێك لە رۆژئاوای عێراق.

یەك کێشە هەبوو، ئەویش پەیداکردنی ئەفسەران بوو بۆ ئەم هێزە. بنەماڵەی شێخلی لەبەراوردا لەگەڵ ژیانی تایبەتی ئازادیدا، حەزیان بە دەستوور و سیستم نەبوو، ئەوانەشی هاتبوون دەرکەوت وەك بنەمایەك شیاو نەبوون. بۆیە زووربەی ئەفسەرانی لیڤیی عەرەب لە پلە نزمەکانەوە بەرزکرانەوە و ئەوانەش لە رووی مەشق و شارەزاییەوە ئەوەندە جیاوازیان نەبوون لەگەڵ سەربازەکانیان. ئەوەش کاریگەریی هەبوو لەسەر شکۆ و دەسەڵاتەکانی فەرمان.

من لێرە بەدواوە ئیدی کورتەیەکی کاری لیڤیەکان لەماوەی ئەم ساڵەدا پێشکەش دەکەم.

یەکەم کاریان لە 25/شوباتدا بوو، کاتێ، کە لیڤیی فوڕاتی پێنجەم بە رابەریی سەرتیپ هەیڵ- Captain F. W. Hail، بنکەکەی خۆیان لە نیوەشەودا جێهێشت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شێخ بەدر و پیاوەکانی، بە یارمەتی فڕۆکەکان و بەلەمە جەنگیەکان.

ژمارەی لیڤیەکان 120 کەس بوون.

شەوێکی زۆر تاریك بوو، ڕێگا بە هەموو لایەکدا دەڕۆشت. پیاوەکان کەوتنە ناو کەناڵێکی قوڵی ئاودێریەوە و پیاوێك خۆی و ئەسپەکەی و هەموو چەك و تەقەمەنیەکانی کەوتە ناو بیرێکەوە. لە نێوان هێزەکان و ئامانجەکانیان دەریاچەیەك هەبوو، کە دوو میل و نیو پان بوو، پەنجا پیاویان نارد بە بەلەمە سەوڵدارەکان بپەڕنەوە و پاشماوەکەشی یەك پیاو و دوو ئەسپ مەلەیان دەکرد و زیاتر دەچوونە خوارەوە. فەرمان درابوو، کە بە نزیکی بمێننەوە و چاودێریی گوندەکە بکەن، کاتێ تۆپباران و بۆردومان دەکرێت، بەڵام ئەوان هێرش نابەن، مەگەر شێخ بەدر ببینرێت چۆڵیبکات. بۆیە بۆ ماوەی هەموو رۆژی 26/شوبات، هێزەکە بە چاودێریکردنەوە مایەوە، بەڵام لەژێر فشارا شوێنەکە لە 27/شوباتدا گیرا.

لە 8/مایسدا، 30 لیڤییان بە رابەریی (سەرتیپ لویس) نارد بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانی خراپ لە گوندی (ئومل بەتووچ)ی ناو هۆڕەکە. ئەوان گواسترانەوە بۆ ئەو دورگەیەی، کە گوندەکە لەسەر کەڵەك بنیات نرابوو، لەبەرەبەیاندا هێرشیان بۆ کرا و پێنج کەس لە دوژمن کوژران و یەکێکیان بەدیل گیرا، هەروەها دەلیلە لیڤیەکەش کوژرا.

لە 21/مایس لیڤیی فوڕاتی پێنجەم دیسانەوە دەرچوونەوە، بەشێك لە هێزەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکەی شێخ بەدر، کە لە کەناری رۆژئاوای روباری شەرەش گردبوونەتەوە. سەرتیپ هاڵ دیسانەوە فەرماندەی هێزەکانی سوارەیە. لە سەعات 11:45 شەو کەوتنە رێ، لە 21/مایسدا لە بەرامبەر فەتحی فۆرتەوە، بە بوارێکدا لە روبارەکە پەڕینەوە، لەگەڵ فەرمانەکان بۆ کارکردن لە دەوروبەری لای باکوری رۆژهەڵاتی شوێنی دوژمنەوە و بۆ هێرشبردن، کاتێ شوێنی سەرەکی لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردومانکرا.

ئەوان نابێ لە رووباری شەرەش بپەڕنەوە، تا دوای ئەوەی فڕۆکەکە بۆردومان دەکات. بۆ ماوەیەك لە ئەنجامدا لیڤیەکان لە نزیکەی 900 یارد لەگەڵ دوژمندا سەرقاڵ بوون،

کە هاتبوونە پێشەوە بۆ رووبارەکە. هەر کە بۆردومانکردن وێستا، ئەوانیش پەڕینەوە، هێرشیانکرد و بڵاوەیان بە دوژمن کرد و گوند و دەغڵودانەکەی (شێخ بەدر)یان سوتاند. ئیدی سوپاکە گەڕایەوە و لیڤیەکان پارێزگاریی دواوە و راستی خۆی دەکرد.

لە هەمان رۆژدا کێشە لە سلێمانی بەرپابوو. دوای ماوەیەکی درێژ لەماوەی ئەوەی، کە کێشەکان زۆر زیاتر ئاڵۆز دەبوون، شێخ مەحمود، ئەوەی، کە زۆر جار لە دواتردا لەبارەیەوە دەدوێین، لە بەرزنجەوە بەرەو سلێمانی هاتەپێشەوە. لە 22/مایس لەسەر شاخی ئەزمڕ بەرەنگاری لیڤیی ژێر فەرماندەی پێشەنگ گرین هاوس- F. S. Green-Major house بووەوە، لە ئەنجامدا هێزی لیڤی شکاندو شارەکەی گرت.

هێزێکی زرێپۆش و فۆردەکان، کە لە هەوڵی کەمکردنەوەی کێشەکەدا بوون، لە دەربەندی تاسڵوجەدا بەریان پێگیرابوو، لەگەڵ هەندێ زەرەر و زیاندا تێکشکێنران و بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار، کە تەنیا بە شکست و دەستگیرکردنی شێخ مەحمود کۆتایی هات، ئەویش بە هاوبەشی لە دەربەندی بازیاندا لەلایەن پێشەنگ- جەنەراڵ فرەیزەر- Major-General Sir T. Frase، کە لە 17/حوزەیراندا فەرماندەی گشتی لەشکری هەژدەیەم بوو، کە خەڵاتەکانی بازی فەرماندەی سوارچاك و مەدالیای سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە.

ناوچەی ئامێدی، ناوچەی ئاژاوەی داهاتوو بوو. لە مانگی حوزەیراندا هێزەکان لە دەوروبەری ئامێدی خۆیان کێشایەوە بۆ دەربەندی سوارەتوکە، کە 18 میل باشووری رۆژئاوای ئامێدیە. سەرتیپ ویلی- Captain Willey لەگەڵ ئەفسەر ماکدۆناڵد- Lieut. MacDonald و سەردەستەی دووەم لە فەرماندەی لیڤیی کورد، لە ئامێدی مانەوە. پڕوپاگاندەی دوژمنایەتی دژی بریتانیا و دژی مەسیحی بۆ ماوەیەك بڵاودەکرایەوە، لە 15/تەموزدا، رابەرانی ئەو جوڵانەوەیە لەلایەن خێڵەکانی کورد و هێزی دەرەکی ناوخۆوە هاوکاری کران، هەموو کۆمەڵەکە کوژران. سوپاکە بە یەکجاری بە رابەریی (جەنەراڵ نایتینگێڵ- General Nightingale) و لەگەڵ دوو بەتالیۆن لە

ئاشووریە مەشقپێکراوەکان لە باقوبە، لە 8/ئابدا چوونە ناو ئامێدیەوە و چالاکیان دژی خێڵەکانی بەرواری، گۆیان و گولی کرد. لەم هێرشەدا، بەتالیۆنەکانی ئاشووری کاری چاکیان کرد و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە دواتر خستنیە ئاستی بەشی سەرەکی لیڤیی عێراقەوە. ئۆپەراسیۆنەکە لە مانگی ئەیلولدا کۆتایی هات. ئاژاوە لە باکوردا درێژبۆتەوە بۆ ناوچەی رەواندوز، کە کۆمەڵێکی بچوك لە پۆلیس لەگەڵ فەرمانبەران دەوریان گیراوە. سەرتیپ لیتلڈێل- Captain C. E. Littledale لە ئەربیلەوە رۆشت بۆ هەوڵی هێورکردنەوەی شوێنەکە، تەنیا 15 سوارە، هەروەها 32 پیادەی دەرەك و 30 لیڤی لەگەڵدابوو. ئەو بە شەقلاوەدا بەسەر باتاسدا تێپەڕی، گومانی تێدانیە، کە لەسەر ئەو کێشە گەورەیەوە، کە بۆی چووە، لە هەموو لایەکیشەوە ناپاکی لێدەکرا.

هێزەکەی لە نزیك باتاس دووچاری هێرش بووە و ئێستا هەموو وڵاتەکە دژە، ناچار بوو بۆ ئەربیل بگەڕێتەوە، کە لە هەموو ئەو گوندانەی بەلایدا تێدەپەڕی تەقەی لێدەکرا، ئیدی لەکۆی هێزێکی 77 کەسی، تەنیا 31 کەسی لەگەڵدا گەڕایەوە.

لە تشرینی دووەمدا، بەرپرسی سیاسی موسڵ میستەر بیل- Mr. J. H. H. Bill و سەرتیپ سکۆت- Captain K. R. Scott، کە (مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە) یاریدەدەری بەرپرسی سیاسی ئاکرێ، هێرشیان کرایە سەر و لەلایەن کوردەکانی زێبار و بەرزانەوە، لە نزیك بیرەکەپرەدا کوژران. ئیدی کوردەکان هێرشیانکردە سەر ئاکرێ، کە لەلایەن ئەفسەر بارلۆ- Lieut. Barlow و هەندێ دەرەکەوە گیرابوو. شەڕێکی باشیانکرد، بەڵام دەبوو دەستبەرداربن.

یوزباشی سەرتیپ حەسوون ئیبن فەلەیفیل، کە (خەڵکی وڵاتەکەیە) دواتر بە مەدالیای دلاوەری خەڵاتکرا، کۆمەڵێکی بچوکی رێکخست لە جوجارِ و رێگای چوون بۆ موسڵی لە یاخیبووان داخست و یارمەتی ئەو سەرۆکە کوردانەی دەدا، کە سەر بە حکومەت بوون. ئەو تا کاتی ئەوەی ئارامی گەڕایەوە، ئەو ناوەی گرتبوو، بەو کارەی توانی ناوچەکە، تا شاخی ئاکرێ دووبارە بگرێتەوە.

لە ناوچەی دێرەزوور، کە نائارامی بۆ ماوەیەك تێیدا بەردەوام بوو. دوو ئەفسەر، سەرتیپ چامیەر- Captain Chamier بەرپرسی سیاسی دێرەزوور و ئەفسەر میلس- Lieut. Mills لە تیپی شەشەم .L.A.M، لەسەر ڕێگا کەمینێکیان بۆ دانان.

لە 10/کانونی یەکەمدا کێشەکان تا دەهات پەرەی دەسەند و شوێنەکە لەلایەن دوو هەزار عەرەبێکەوە چواردەوری گیرا، هەروەها لەناو شارەکەشەوە خەڵکانی یاخی پەیوەندییان پێوەکردن. لەوێ تەنیا شەست لیڤی بۆ بەرگری ئامادەبوون، ئەوانەش لە نووسینگەکانی میرییەوە هێنرابوون بۆ سەربازگەکە، کە نە خواردن و نە ئاویشی لێبوو، ئیدی دوو دوو، سێ سێ توانیان هەڵبێن، یان دەکوژران، تا لەدواییدا تەنیا بیست کەسێکیان مابوونەوە.

لە 11/کانونی یەکەمدا، بەرپرسی سیاسی ڕەزامەندی دا بە چۆڵکردنی شارەکە. هەر لیڤیەك 60 ملی - mll دەدرایە و دەردەکرا.

تەنیا ئەو ساڵەی داخرا، بیست و چوار کەس لە فوراتی چوارەم هەوڵیان دا، چەك لە ناوچەی سەماوە کۆبکەنەوە، بەڵام بەرەنگاری ژمارەیەکی زۆر بەهێز بوونەوە و دوایی هەڵهاتن و زیانی سێ کوژراو و یەك بریندار و هەشت ئەسپیان دا.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ تێبینی بکرێت، کاتێ هێزی لیڤی لە مەشقکردن و ڕێکخستندا بووە، ئەو کارانەی جێبەجێکردووە، کە لەسەرەوە باسکران، هەروەها لە یاداشتێکدا لە پەرلەمان بەیانکراوە، کە لیڤیی ناوخۆ لە میسۆپۆتامیادا نە پێگەیەنراوە و نە مەشقیان پێکراوە.

# بەشی دووەم

## 1920 -1921

ئەم ساڵ، ساڵی1920، لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی چاودێریکردن و رێکخستنی لیڤیەکاندا دەستی پێکرد. یەکێ لە خاڵە ناکۆکەکانش هێزی لیڤیی سلێمانی بوو. دوای شکستهێنان و دەستگیرکردنی شێخ مەحمود لە چالاکیەکەی دەربەندی بازیاندا، ئیدی پێشەنگ سۆن- Major E. B. Soane ناوچەکەی گرتە دەست و لەمیانەی حوکمەکەیدا ئەو هەرێمەی کرد بە ئارامترین شوێن لە عێراقدا. سۆن کەسایەتیەکی بەهێزە و مامەڵە لەگەڵیدا ئەستەم بوو. لیڤیی سلێمانی ئەو رێکخستنەی بۆ کرا، کە پێشەنگ سۆن- Major E. B. Soane کۆنترۆڵی هێزەکە و بەکارهێنانی کردووە، لە کاتێکدا پشکنەری گشتی، تەنیا بەرپرس بوو لە ئامادەکردنی هێزەکە.

لە مانگی ئازاردا رێکخستنێکی نوێ هاتە کایەوە، کە لە 1/نیساندا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەو هێزە لە ئەیلولی 1919دا کرا بە دوو بەشەوە:

- هێزی هێرشبەر.
- پۆلیس- بەهەردوو هێزەکانی سوارە و پیادەوە.

ئەم هێزە هێرشبەرە دانرابوو بە هێزێکی چەکداری یەدەك بە رابەریی ئەفسەرانی سیاسی، بەپێی هەمان مەرجەکانی، کە لە یاداشتەکەی 12/ئابدا ریزبەند کراوە.

پۆلیس ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، کە تا ئێستا لەلایەن تەواوی هێزی لیڤیەوە جێبەجێکراوە.

بە کەمێ گۆڕانکاییەوە لە رێکخراوەکەدا کۆی هێزی لیڤی ئێستا بریتیە لە:

24 تیپی 115 سوارە، کە کۆی گشتییان 2760 کەسە.

17.5 تیپی 115 سەربازی پیادە، کە کۆی گشتییان 2012 کەسە.

بەپێی ریزبەندی سەرەوە بەم شێوەیە دابەشکرا:-

1. هێزی هێرشبەر: 19 تیپی سوارە، 7.5 تیپی پیادە.
2. پۆلیس: 4 تیپی سوارە، 7 تیپی پیادە.

تیپێکی سوارە و دوو تیپی پیادە لە لیڤیی سلێمانی بە نادیاریی بەجێهێڵرا. لەوانەیە هەندێ ڕێکخستنی تایبەت لەنێوان ئەفسەری پشکنەر و ئەفسەری سیاسیدا کرابێت. لە هەمان کاتدا کاروباری موچە و جلوبەرگ تاووتێکرا. موچەی مانگێك بە روپییە دیاریکرا، بۆ سەڵتە پیاو 15 روپییە و بۆ سوارە 25 روپییە.

مەشقکردنی هێزی سوارە بە دڵنیاییەوە وەك سەربازی پیادەیە.

ئەم ڕێکخستنانە کاتێك کۆتایی پێهات، کە شۆڕشی عەرەبی بەرپابوو. ئەوەش بۆ لیڤیەکان سەختترین کات بوو، کە لە هەموو یاخیبوونێکدا بە ئەمەکدارییەوە بۆ حوکومەت دەمێنێتەوە.

دەبووایە ڕووبەڕووی نالەبارترین شێوەکانی چەوسانەوە بوونایەتەوە، بۆ وروژاندنیان بۆ گۆڕانی لاکان. پڕوپاگاندەیەکی زۆریان لەلایەن خەڵکانی خۆیانەوە لەسەر بڵاودەکرایەوە، لەگەڵ پەیوەندییان بە ژنەکانیانەوە. بە ئاشکرا لەسەر شەقام و لە قاوەخانەکاندا سوکایەتیان پێدەکرا و پێیاندەوتن کافرەکان. ڕاپۆرتێکی زۆر لەلایەن ئەوانەوە بەرزکراوەتەوە، کە ژنەکانیان لەماڵەکانی خۆیاندا دووچاری دەستدرێژی بوون، یان لە هەندێ حاڵەتدا دیلکراون و کوژراون. بەتەواوی هەستیان بەوە دەکرد، کە ئەوان خۆیان لە میللەتی خۆیان دابڕیوە.

دوو چالاکی یەکلانەکەرەوە لە مەحمودیە و ئیبن عەلی بە سەرکەوتنی عەرەب بەرپا بوو. کارەساتی سوپای مانچەستەر لە ناوەڕاستی وڵاتەکەدا ڕوویدا، لەو شوێنەی لیڤیی فوراتی دووەم کشابۆوە. بەشە لیڤیی ڕەواندوز، دیوانیە، ئەبوسخێر، کوفە، حلە، خزێر و ناسرییە بانگکرابوون، کە بێنەدەرەوە و پارێزگاریی ماڵ و پەیوەندی خۆیان لە یاخیبووان بکەن. سەرەڕای هەموو ئەو تاقیکردنەوانە، مەسەلەی هەڵهاتن لەناو لیڤیەکاندا زۆر کەم بوو.

ئۆپەراسیۆنە چالاکەکان لە شەوی 13–14/مایس دەستیپێکرد، کاتێ سەد پیاو لە لیڤیی دیجلەی سێیەم لەگەڵ سەد پیاو لە خێڵەکانی عەمارە و سەد لە خێڵەکانی گوڕنە، شەوە هەڵمەتێکی سەرکەوتوویان کردە سەر بەیت جاسم و بەیت مەحمود لە نواف، لە ناوچەی بایدە لە هۆڕەکان.

لە 3/حوزەیراندا، 50 لیڤی بە سواری ئەسپەوە، لەلایەن شێخی دلێمەوە یارمەتی دران، کاتێ کە سوسەی-إستطلاع سەنگەرەکانی دوژمنیان لە مەحمودیە دەکرد، لەلایەن هێزێکی بەتوانای دوژمنەوە دووچاری هێرش بوون. سوارەکان بەرگرییانکرد و هێزەکە پاشەکشەی کرد، زیانی پێنج کوژراو و هەشت برینداریان دا.

لە 3-6/تەموز، شەست کەسی لیڤی هاوڕای تابورێك ئۆپەراسیۆنێکیان لە دەوروبەری ئیمامی حەمزە کرد و پەلاماری گوندەکانی ئەو ناوەیان دا. 26 سوارە و 20 پیادەی لیڤی دەستیانگرت بەسەر ئیمام حەمزە و وێستگەی شەمەندەفەرەکەی ئەوێ و (نەبی مادییان)، ئەمە چالاکی رۆژانە بوو لەگەڵ یاخیبوواندا دەکرا.

لە 9/تەموز، سەرتیپ پریستلی ئیڤانس- Captain Priestly-Evans و 60 لیڤی لە خان جەدوەل- Khan Jadwal، دووچاری هێرش بوون. بەرگریەکی سەرکەوتووانەیان کرد، بەڵام سەرتیپ پریستلی ئیڤانس- Captain Priestly-Evans و 10 پیاو کوژران و 12 کەسیش بریندار بوون. زیانی سەد کوژراویشیان بە دوژمن گەیاند.

سێ رۆژ دواتر، کۆمەڵێك کە بریتی بوون لە 60 کەس لە لیڤیەکان لەسەر هێڵی ئاسنەکە خافڵگیرکران و پەرەوازە بوون.

لە 14-18/تەموز دەستەیەکی بچوکی لیڤیی فوراتی دووەم لە ئەبوسخێر دەوری گیرا. گەمارۆدەران توانیان خانویەك داگیربکەن، کە ژن و منالی لیڤیەکانی تێدایە و زۆر بە گرانی رزگاریانکردن. ئیدی دەستیانکرد بە ئامادەکاری بۆ چوڵکردنی شوێنەکە و لە 18/تەموزدا سەربازگەی ئابلۆقەدراو کشایەوە بۆ کوفە. لە کوفەش چەند دەستەیەکی لیڤیی فوراتی دووەمی لێبوو، کە لەلایەن ئەفسەر ماکوینی- F. J. McWhinnie

فەرمانڕەوایی دەکران. ئەوانە Lieut. و ئەفسەر ماتسیوس- Matthews Lieut. بەشێکی حامیەکەیان پێکدەهێنا و 90 رۆژ لەژێر فشاری ئابڵوقەدا بەخۆڕاگری مانەوە، کە بە خواردنی گۆشتی هێسترەکان بەپێوە مابوون. لیڤیەکان لە ئابڵوقەکەدا زیانی پێنج کوژراو و 15 برینداریان دا.

لیڤیەکان لە ناوچەی حلە، لەماوەی هەموو مانگەکانی تەموز و ئابدا، سەرقاڵی چالاکیەکانی دیدەوانی- الدوریە بوون لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا.

لە 1/ئابدا سێ هێزی لیڤیەکان هێرشیانکرد و (باب ئەلمەسلەخ)یان گرت. هەرچەند ناچارکران بە دەسبەرداربوونی، بەڵام لە بارودۆخێکی باشدا ئەو کارەیانکرد و دوژمن زیانی گەورەی لێکەوت. کەرتێك لە سەربازانی هیندی و 70 پیاو لە لیڤیی فوراِت بە رابەریی ئەفسەران دەیڤس- Lieut. Davies و سیمسن- Lieut. Simpson لە 2-12/ئاب توانیان دەستبگرن بەسەر عەین و (خضر)دا، بە یارمەتی شەمەندەفەری زرێپۆش لەسەر هێڵی ئاسن و دوو بەلەمی جەنگی لەسەر رووبارەکە، کە لەو کاتی ساڵەدا ئاوی روبارەکە زۆر دابەزیوە و یارمەتی بەلەمەکانی دەدا تەواو نزیك ببنەوە، تا نیشانەی باش بۆ تفەنگەکانیان بەدەست بهێنن.

تا 12/ئاب کاری لیڤیەکان لە (دیدەوانیدا- دوریە) چڕبووبۆوە. بەڵام لە دەوروبەری ئەو رۆژەدا هەواڵی گردبوونەوەیەکی گەورەی عەرەب گەیەنرا، بۆیە فەرماندرا بە چۆڵکردنی عەین و خضر و چوونیان بۆ ئور. لە شەوی 12–13/ئاب تەقە دەستیپێکرد و هەموو شەوەکە بەردەوام بوو. لە بەیانیدا شەمەندەفەری زرێپۆش دەرچوو، بەڵام کۆمەڵێکی زۆری دوژمنیان بەسەر گوندی (عەین)دا رێچکەیان بەستبووە و بۆ (خضر) دەگەڕانەوە. ئیدی شارەکە ئابڵوقەدرا. هەموو سەربازگەکە هەر زوو کەوتە شەڕەوە و زۆر لە ئەسپەکان کوژران. شەمەندەفەرێکی زرێپۆشی دی توانی لە (ئور)ەوە بێت و چۆڵکردنی شارۆچکەکە دەستیپێکرد. ئەسپەکان و کەلوپەلی گەنجینەکان خرانە ناو

شەمەندەفەرەکەوە، هەموو گواستنەوەکە لەژێر گوللەبارانێکی چڕدا جێبەجێکرا و بەرپرسێکی هێڵی ئاسن لەوێ نەبوو چاودێری ئەو کارە بکات.

راستەوخۆ شەمەندەفەرەکان دەستیانکرد بە جوڵە، یاخیبووان لەداوێنی گۆڕەپانی وێستگەکەدا پورەیانکرد. هەموو کەلوپەلەکانیان بە هەمووی سێ شەمەندەفەر دەرچوون، یەکەدەی دواوە سەرقاڵی پاسەوانی و بەرهەڵستی بوو.

لە (ئالو ریشە) شەمەندەفەرێك لە دواوە بەسەر یەکێکی تردا رۆشت و سێ فارگۆنی بار هەڵگر چوون بەناو یەکدا و هێڵەکە گیرا. ئیدی ئاگر لە هەرچوار لاوە لە شەمەندەفەرەکە بەربوو. شەمەندەفەرەکەی دواوە، کە دەبوو بەتاڵبکرێت، کەوتبووە لای مەترسیداری فارگۆنە بەناویەکادا چووەکان و هەموو کارمەندان گواسترانەوە بۆ شەمەندەفەری پێشەوە، لە کۆتاییدا گەیشتنە ئور. لیڤیەکان 8 کەسیان لەناوچوو، چەکدارەکانی هیندیش بیستیان کوژرا و لەناوچوون. هەروەها 59 ئەسپ و بڕێك کەلوپەل لەناوچووە. ئەفسەر سیمسن- Simpson مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی پێگەیشت، بۆ کارە باشەکانی لەم چالاکیەدا. لێکدانەوەی فەرمی ئەم چالاکیە بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج بەلای کاری بەردەوامی توانای ئەو هێزە بچوکەی لیڤیدا رادەکێشێ و هێما بۆ ئەو سەرکەوتنە دەکات، کە جێبەجێیانکرد.

لە 14/ئابدا لیڤیی دیالە لە شارەبانەوە دەرچوون و شەمەندەفەرێکی سەربازییان رزگارکرد، کە لەلایەن یاخیبووانەوە گیرابوو. بۆ رۆژی دواتر لە هەموو لایەکەوە دووچاری هێرش بوون، تەقەمەنی تەواوبوو، دوژمن هێرشیکردە سەر شارەبان. سەرتیپ برادفیلد- Captain J. T. Bradfield، فەرماندەی پۆستەکە، سەردەستەی یەکەم نیوتن- Newton و 35 پلەداری تر کوژران، 12 کەس لەریزی ونبوودان و 15 کەسیش بەدیل گیران.

لە 10/ئەیلولدا سوارەی لیڤیی (A) فوراتی دووەم، لە گروپی لیوای 53 پەیوەندییانکرد بە سوارەی پێنجەمەوە بۆ ئۆپەراسیۆن لەسەر کەناری راستی رووباری فورات.

له 11/ئەیلولدا ئەم تابورە چوونە پێشەوە بۆسەر (صدر طومازنة- Sadr Tomaznah) کە چوون گوندەکان دەسوتان و لە 12/ئەیلولدا هێزەکە کرا بە دوو تابورەوە، تیپی سوارەی (A)، لیڤیی فوراتی دووەم، هەروەها پێکهێنانی پاسەوانی پێشکەوتو بۆ سوپای لای راست. شوێنی ئامانج کەناڵی خەواص- Khawas بوو.

(دیدەوانانی- الدوریە) لیڤی بەغاردان چوونەپێشەوە و بە چەند دەقیقەیەك پێش یاخیبووان کەوتن.

ئامانجی دوای ئەو (تویریج) بوو، سوارەی لیڤی ئێستا دەبێتە پاسەوانی لای راست.

گوندی (بەیت سەلمان موسا)یان بەغاردان گرت. دوژمن هێرشی پێچەوانەی کردەوە و سوارە ئابلۆقەی دابوون، تا بە هاوکاریی تیپێکی (راجپوتس)ی سیانزەیەم ئازادکران.

هەر زوو، کە هەستیان بە حەوانەوە کرد، ئیدی فەرمانیاندا بە داگیرکردنی گردێك، کە 1000 یارد بەلای رۆژئاوای بەیت سەلمان موسادا بوو. ئەوان غاریاندا بۆ داوێنی گردەکە، دابەزین و دوژمنیان کردە دەرەوە، کە رۆشتن ژمارەیەك قوربانی لێکەوتەوە.

بەو پێیە دوای ئەو زنجیرە پێشکەوتنانە کەوتن تا گەیشتنە ئامانجی کۆتاییيان، کە کەناڵی (تاجیە) بوو.

لەماوەی مانگی ئەیلولدا ئاژاوە درێژبۆوە بۆ باکور. هەرچەند ئەوە بەشێك نەبوو لە یاخیبوونی عەرەب لە باشووردا، کە کاری نەدەکردە سەر کورد، وەك هەژاندنی لایەنداری تورك لە ئەربیل و دەوروبەری دەستیپێکردبوو.

سەرتیپ لیتلدێڵ- Captain C. E. Littledale لە ئەربیل سەرۆکایەتی لیڤی دەکرد و ناچار بوو هەر یەکە لە رەواندز و باتاس لەگەڵ زیانێکی زۆردا چۆڵ بکات.

لیڤیەکانی کورد لەماوەی ئەو قۆناغە دژوارەدا بەتەواوی بە دڵسۆزی مانەوە.

سەرتیپ لیتلدێڵ- Captain C. E. Littledale خاچی سەربازی بۆ کارەکەی بەدەست هێنا.

دووبارە گەڕانەوە بۆ باشوور، ئیدی وردە وردە یاخیبووان لەناوچوون.

له 3/تشرینی یەکەمدا  لیڤیی  دیجلەی دووەم، بە رابەریی سەرتیپ بێڤان- Bevan Captain [3] لە قەلاّی بەدرە ئابلّوقەی (ئەمین بەگی) یاخیبووی دا و دوای شەڕێك، کە بۆمبای تێدا بەکارهات، توانیان بەدیل بیگرن.

هەروەها لیڤیەکان لەماوەی هەموو مانگی تشرینی یەکەمدا لە ناوچەکانی تریش سەرقالّ بوون و لە 19 و 30، هەمان مانگدا دژی یاخیبووان هاوبەشییان لە چالاکیە سەرکەوتووەکاندا کرد.

لە میانەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەم، لیڤیە سوارەکانی (أ) و (س) فوراتی دووەم، لە ناوچەی حلە کاریان دەکرد و تا رادەیەك بەردەوام لە جولّەدا بوون. لە 11 و 18 و 23/ تشرینی دوەمدا لە چالاکیدا بوون، لە 13/کانونی یەکەمدا سوارەی لیڤیی  (س) گواسترایەوە بۆ دیوانیە، بۆ تەواوی پاشماوەی ئەو مانگە و هەموو کانونی دووەم و شوباتی 1921، ئەوان و سوارەی  لیڤیی  (ب) لە هەمان فەوج و لەگەلّ تابورەکانی ناوچەی دیوانیە هاوبەشییانکرد لە ئۆپەراسیۆنەکاندا.

بەدرێژایی ئەو قۆناغە لە یاخیبوون، لیڤیەکان 73 کوژراویان لە شەڕدا زیانداوە و 15 مەدالیای سوارچاکیان بەدەست هێناوە، ژەنەڕالّ واچۆپ- General A. G. Wauchope، خەلاّتی خاچی سانت مایکلّ و سانت جۆرج، خەلاّتی ئیمپراتۆریای هیندی بە پلەی فەرماندە و مەدالیای خزمەتگوزاری هەلّکەوتووی وەرگرتووە، لە دەوروبەری کۆتایی 1920دا وازیهێنا و لەکاتی رۆشتنندا کاسێکی بەدیاری پێشکەشکردن، کە هێشتا لە بارەگای لیڤی بەناوی کاسی تیراندازیەوە پارێزگاریان لێکردووە. لەماوەی قۆناغی کارکردنی لە سەرۆکایەتی لەشکرەکەدا، جار جارە سەردانی لیڤی لەو ولاّتە کردووە.

---

[3] دواتر سەرتیپ- Captain بێڤان بە هەلّە لە کاتی مۆلّەتی پشوداندا کوژرا.

# بەشی سێیەم
# 1921

لە سەرەتای ساڵی 1921دا، کۆنفرانسی قاهیرە لەبارەی عێراقەوە بەسترا و لەو بڕیارانەی لەوێدا درا، داهاتووی لیڤیەکانی عێراق بڕیاری لەسەر درا، کە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی بریتانیا دانراوە و کورتەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

ئەرکی لیڤیەکانی عێراق، وەك ئەوەی لە کۆنفرانسی قاهیرەدا دیاریکراوە، بۆ جێگرتنەوەی هێزی سەربازی بریتانی و هیندی بوو لە عێراقدا، گرتنەدەستی مەخفەرەکانی سەرسنوور لە ویلایەتی موسڵ و لە کوردستان، کە پێشتر لەلایەن سەربازگەی ئیمپراتۆریاوە ئەو شوێنانە پڕکرابوونەوە، بەگشتی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە، تا ئەو کاتەی، کە سوپای نیشتمانی عێراق ئامادە دەبێت بۆ گرتنەئەستۆی ئەم ئەرکانە.

تا ئێستا لیڤیەکان بەتەواوی لە عەرەب و کورد و تورکومان پێکهاتووە. ئێستا، کە خەریکە سوپای عێراقی پێکدەهێنرێت، پێویستە عەرەبەکان لەجیاتی ئەوەی بچنە ناو لیڤیەوە پەیوەندی بەو سوپایەوە بکەن. بڕیارە ئاشووریەکانیش لە لیڤیدا ناونووسبکرێن.

جگە لە کارەکانیان، کە لە گولی و ئامێدی پێشتر وەسفکراوە، ئەو ئۆپەراسیۆنانەی ئەوان بینیویانە جۆرێکی باشی شەڕکەر لەم بۆنانەی لای خوارەوە پێشان دەدات:

لە مانگی ئەیلولی 1919، کاتێ سەربازگەی ئاشووریە گەڕاوەکان لە میندان، نزیکەی 30 میل باکوری رۆژهەڵاتی موسڵ، لەلایەن کوردەکانەوە دووچاری

هێرش هاتن، لەگەڵ ئەوەشی ئاشووریەکان ژمارەیان لە هێرشبەران زیاتر بوو، کەچی زیانی چوار کوژراو و هەشت برینداریان لە خۆیان دا، هەروەها زیانی 16 کوژراویان بە دوژمنەکانیان گەیاند و راویاننان بۆ سەر رووباری زێ، کە لەوێ زۆریان خنکان.

لە تەموزی 1920، کاتێ کۆمەڵێك لە یاخیبووانی عەرەب هێرشیانکردە سەر سەربازگەی بەعقوبە، ئاشووریەکان نەك هەر بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە، بەڵکو هەروەها هێرشیان بردەوە و تۆڵەی ئەو هەوڵەیان لە هێرشبەران کردەوە.

لە کۆتایی ساڵەکەدا هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ گەڕانەوەی ئاشووریەکان بۆ هەکاری درا. ئەو مەسەلەیە لەلایەن نووسەرانی ترەوە بەدرێژی باسی لێوەکراوە، بەڵام ئەوەندە بەسە بڵێی، کۆمەڵێك لەو خەڵکە هەوڵیاندا بڕۆن بۆ دواوە و بە سەرۆکایەتی پەترۆس ئاغا، کە سەرۆکێکی ئاشوورییە وڵاتەکەی خۆیان بگرنەوە. دواتر لە 1920دا رۆشتن و تاکە ئەنجامێك شەڕکردنێکی زۆر لەگەڵ کوردەکاندا بوو، ئاشووریەکان بە دڵنیاییەوە شتێکیان گەڕانەوە، کە لە ساڵانی پێشودا هەیانبووە و جۆری شەڕکردنی خۆیان پێشاندا. ئیدی ئەو مەسەلەیە سەرنەکەوت و گەڕانەوە بۆ عێراق. ئەوەش کێشەکەی بەبێ چارەسەر هێشتەوە. بەڵام هەروەها ئەوەیان پێشاندا، کە ئاپۆرەیەکی زۆر پیاوی شەڕکەری باش ئامادەن لەبەردەستدا، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك سەرقاڵیان بکات. بۆیە بڕیاردرا دەستبکرێت بە ناونووسکردنیان لە ریزەکانی لیڤیدا. ئیدی سەربازگیری ئاشووریەکان لە سەربازگەی میندانا دەستیپێکرد.

هەروەها یاداشتێك بڵاوکرایەوە، کە داوای دامەزراندنی ئەفسەران دەکات.

لە 17/نیساندا سەرلەشکر ساندەرس- G. A. F. Sanders، کە خەڵاتی بازی بەپلەی فەرماندە و خەڵاتی سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە، لە

سوپای هیندیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەم ئەفسەرانەی لای خوارەوەدا کردووە، کە بڕیارە بەو کارە هەستن. ئەوانەش ئەم سەرتیپانە بوون: ماکنێرنیە- H. McNearnie، ئەردرۆن- R. G. Ardron، کۆولێس- J. F. Knowles، هەبەرد- E. St. J. Hebberd و مێری- R. Merry.

لە 19/نیساندا کاروباری موچە و مەرجەکانی خزمەت رێکخرا و بەشەکە گەیشتنە موسڵ و راپۆرت درا بە سەرهەنگ ناڵدەر- L. F. Nalder Colonel کە بەرپرسی سیاسییە لەوێ، (خەڵاتی ئیمپراتۆریای هیندی بە پلەی فەرماندە و خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە).

دوکتۆر ویگرام- Dr. W. A. Wigram لەوێ پەیوەندی پێوەکردن و لە 20/نیسان هەموو بەشەکە چوون بۆ سەربازگەی میندان. بەهەرحاڵ، هەوڵەکانی ناونووسکردنی پیاوەکان سەرکەوتوونەبوو. ژمارەیەك کۆبوونەوە لەبارەی ناونووسکردنەوە سازکرا، بەڵام کەس نەدەهاتە پێشەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو پیاوانەی رابەرییان دەکردن رێکخرا، بەڵام ئەوەش تەنیا بەرهەڵستیەکانی دروستکرد. هەموو دەیانویست، کە بریتانیا بیانگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، کە لەمیانەی پەیوەندیکردنیان بە هاوپەیمانەکانەوە لەدەستیانداوە.

دوای بەکارهێنانی رەوانبێژییەکی مەزن لەلایەن (دوکتۆر ویگرام)ەوە و بڕێکی باش لە چالاکی لەلایەن ئەفسەرانی بریتانیەوە، پەنجا پیاوێك پێکەوە گردبوونەوە، لە دوا ساتدا هەوڵیاندا لێیدەربازبن، بەڵام راگیرا.

سەربازەکانی بریتانیا بڕیاریاندا دەست بەرنەدەن لەوەی هەیانبووە و بەرهەڵستی لەو پیاوانە بکەن، کە دیسانەوە دەیانەوێ لە سەربازگەکە بچنە دەرەوە، سەرتیپ هەبەرد-Captain Hebberd لەگەڵ 10 پیاو و خێزانەکانیان چوون بۆ ئاکرێ، سەرتیپ مێری- Captain Merry و

ئەردرۆن- Ardron لەگەڵ باقی ئەوانەی مابوون، چوون بۆ سەربازگەکەی (نەبی یونس) لە نزیك موسڵ.

سەرتیپ ماکنێرنی- Captain McNearnie و سەرتیپ ناوڵس Knowles Captain لە میندان مانەوە بۆ ناونووسکردن و ناردنی پیاوەکان بۆ ئاکرێ و موسڵ. سەرهەنگ ناڵدەر- Colonel Nalder لە موسڵ هێزەکەی لە دەرەوە لە خێوەتا دانا و لەو میانەشدا کاروباری گرێبەستەکانی خواردنی رۆژانەی سەرباز سازکرا. هەروەها جلوبەرگ، چەك و تەقەمەنی لەلایەن پۆلیسەوە دابینکرا.

لەسەرەتای حوزەیراندا، بە ناونووسکردنی خەڵکانی ناوچەکە و ئەوانەی لە (میندان)ەوە هێنرابوون، هێزەکە لە موسڵ گەیشتە نزیکەی 250 سەرباز و وەك تیپەکانی ژمارە 8 و ژمارە 9 رێکخرابوون.

ئەفسەرە بریتانیەکان هەڵبژێران و ئەفسەرەکانی خەڵکی ناوچەکەش و ئەفسەریارەکان دامەزرێنران، زۆرێ لەوانە دەرکەوت، کە سەرکەوتوو نەبوون و یەکسەر شکستیان هێنا. هەموو ئەوانەی هەڵبژێرابوون تا ببنە ئەفسەر، هەرچۆنێك بێت دەبێ ماوەیەك وەك ئەفسەریار لە کاردابن. یەکەم ئەفسەری خەڵکی ناوچەکە دیاریکرا بەناوی (راب خامشی یوسف یوخەنا)، کە بوو بە ئەفسەری زانیاری گەیاندن و نیشاندەر لە بەتالیۆنی یەکەمی ئاشووری و لە دەوروبەری هەمان رۆژدا، دانیاڵ ئیسماعیل، کوڕی مالك ئیسماعیل سەرۆکی تیاری باڵای ئاشووریەکان، لە ئاکرێ کرا بە ئەفسەر و ئێستا (راب ترێمایە) لە بەتالیۆنی دووەمی ئاشووری. دوو هەڵبژێراوی تر یاقوب ئیسماعیل، کە کوڕێکی تری مالك ئیسماعیلە و شیمۆیل تیبیا، کە ئەوەی پێشەوە کرا بە (راب ترێما)، ئەوەی دواییان لە بەتالیۆنی یەکەمی ئاشووری لە موسڵ کرا بە (راب ئێما).

له کۆتایی مانگی مایسدا، تیپی ژماره (8) به رابەریی سەرتیپ ئاردرن- Captain Ardron و تیپی ژماره (9) به رابەریی سەرتیپ مێری- Merry Captain، موسڵیان جێهێشت و چوون بۆ دهۆك. دوو هێزی سوارەی حەوتەم هاوڕایان بوون. ئەوە، یەکەم دەرکەوتنیان بوو له ڕێپێواندا، که سەرنج ڕاکێشەر نەبوو. بەشێوەیەکی ناشرین چەکدار کرابوون و بەرگیان پۆشیبوو، لەگەڵ خێزانەکانیاندا، که خۆیان پیاهەڵواسیبوون و دیمەنێکی هەژارانەی دەنواند. ئیدی بۆماوەی سێ مانگێك له دهۆك مانەوە. تیپی ژماره (7) به رابەریی سەرتیپ کرافۆرد کلارك- Captain W. H. Crawford Clarke، که مەدالیای خاچی سەربازیی وەرگرتووە، لەوێ پەیوەندی پێوەکردن.

حاڵەتەکە له 22/ئاب بەم شێوەیە بوو: تیپی ژماره (5) (هەبەرد- Hebberd) و تیپی ژماره (6) (موودی- Moody ) له ئاکرێ و تیپی ژماره (7) (کراوفۆرد کلارك- Crawford Clarke)، تیپی ژماره (8) (بادیلەی ڤایس ئاردرۆن- Baddiley vice Ardron) و تیپی ژماره (9) (مێری- Merry) له دهۆك. هەموو ئەو تیپانە ئاشووری بوون، جگه له تیپی ژماره (7) ، که نیوەی کورد و نیوەی ئاشووری بوو.

له تەموزدا سەرهەنگی فەرماندە- Colonel-Commandant ساندەرس- Sanders وڵاتەکەی جێهێشت، کارگێڕیی لیڤی دایه دەست سەرهەنگی فەرماندە فریز- Colonel-Commandant Frith.

سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel C. R. Barke، که خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و T.D وەرگرتووە، له 20/ئابدا فەرماندەی لیڤیی ناوچەی موسڵی له سەرتیپ ماکنێرنیە- H. D. McNearnie Captain وەرگرت، ئەوەی ڕۆڵێکی مەزنی هەیە له پەروەردەی سەرکەوتوانە و ڕێکخستنی لیڤیەکانی ئاشووری.

لەم ڕۆژەدا بارەگای هەژدەیەمی بەشی هیندی (ژەنەڕاڵ فرەیزەر) و لەشکری پەنجا و چوارەمین (ژەنەڕاڵ نایتینگێڵ) هێشتا لە موسڵن. بەشی کارگێڕی و میرەی ئەم سوپایە لە کاروباری پزیشکی و تەندروستیدا خزمەتی لیڤیەکانی کردووە.

سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel C. R. Barke ئەرکی پشکنینی تیپەکانی لە دهۆك لە 24/ئاب و لە ئاکرێ لە 27/ئابدا جێبەجێ دەکرد. لە 22/ئاب فەوجی پێنجەمی سوارەی لیڤی هات بۆ موسڵ، ئەوەش بۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ گرتنەدەستی ئەرکەکانی، کە تا ئەو کاتە سوپای هیندی جێبەجێی دەکرد.

لە 10/ئەیلولدا دەستکرا بە کەمکردنەوەی سەربازگەکانی ئیمپراتۆریاکە. دوو تیپی سوارە، فەوجی پێنجەمی لیڤی، بە رابەریی سەرتیپ دەڤەنیش - C. Captain O. L. Devenish، لە موسڵەوە بەرەو دهۆك ڕۆشت، پاشماوەی فەوجەکەش، کە لە موسڵدا مابۆوە، لە 12/ئەیلولدا چوون بۆ تەلعەفەر، لەوێ کاروباری سەربازگەی ئیمپراتۆریایان گرتەدەست، کە بریتی بوون لە یەك تیپی سوارەی هەشتەم و یەك بەشی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی و یەك تیپی 3/70 تفەنگی بورما.

ڕێکخستنەکان زیاتر سەرقاڵ بوون بە کێشەی کوردە سورچیەکان و لە 11-14/ئەیلول تیپی ژمارە پێنج لە کەلایتی بوو، کە لە ئاکرێوە دوورە، لە دەشتی حەریر لە ئۆپەراسیۆنی دژ بە شێخ عوبێدوڵڵای باجیر، یارمەتی هێزی دەرەکی دەدا. هەروەها هێزی ئاسمانیی پاشایەتی چالاکیەکی کرد. لیڤیەکانیش شەڕیان نەکرد و لە 14/ئەیلولدا گەڕانەوە.

فریاگوزاری داهاتووی هێزەکانی ئیمپراتۆریا لە زاخۆ بوو. تیپەکانی ژمارە (8) و (9) (دهۆك)یان جێهێشت و لەوێ تفەنگەکانی بورمایان 3/70

گرتەدەست. سەرتیپ مێری- Captain Merry بوو بە ئەفسەری بەرپرس، لەگەڵ ئەفسەر بادیلەی- Baddiley و سەرتیپ پرەڤەت- Prevett Captain، وەك ئەفسەرانی فەرماندەی تیپەکان.

تیپی ژمارە حەوتی تێکەڵ، نیوە ئاشووری و نیوە کورد و رەگەزە موسڵمانەکانی تر دەرکەوت، کە رازی نین. لەوێدا کێشە سەری هەڵدا، لە (دهۆك)یشدا هێشتا لەوە زیاتری تێدابوو. دوای لێکۆڵینەوە تیپەکە هەڵوەشایەوە، ئاشووریەکانیان نارد بۆ ئاکرێ و سەرتیپ کراوفۆرد کلارك- Captain Crawford Clarke لە تشرینی دووەمدا پاشماوەکەی بە کەڵەك[4] لە موسڵەوە برد بۆ بەغدا.

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولدا فەرماندەی هێز سادلەیر جاکسن- Sadleir Jackson، کە (خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتوو، خەڵاتی رێزلێنانی باز بەپلەی یاوەر و خەڵاتی سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە)، فەرماندەی لیڤیەکانی لە سەرهەنگی فەرماندە (فریز- Frith) وەرگرت. فەرمانەکان لەبارەی مەشقکردنەوە دەرچوو، هەروەها راهێنەران دەبوو شارەزا و وردەکاربن لە سەربازیدا. سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.- Barke Colonel دەستیکرد بە خولەکانی مەشقی هونەری سواری بە ئامۆژگاریی سوارەی سێیەمی رمهاوێژ، هەروەها خولەکانی راهێنان و تفەنگچێتی بەئامۆژگاریی بەتالیۆنی دووەم. فەوجی رۆژهەڵاتی یوکشێر لەماوەی تشرینی یەکەمدا. ئەمانە هەمووی لەکۆتایی ئەم مانگەدا بەباشی دەچوو بەرێوە.

لە ماوەی مانگێکدا لیڤیەکان لە بەغداوە پێداویستی هەزار تفەنگ و جلوبەرگی زستانەیان پێگەیشت.

[4] کەڵەك لەسەر کۆمەڵێك پێستەی فووتێکراو راگیرکراوە.

هەروەها دەستکرا بە ڕێکخستنەکانی کاروباری پزیشکی، سەرتیپ مالّکۆلّم- Captain J. W. Malcolm، کە (مەدالیای ڕێزلێنانی ئیمپراتۆریای بریتانی، مەدالیای خاچی سەربازی و مەدالیای خاچی سەربازی سوپای بریتانی وەرگرتووە) و یاریدەدەری پزیشکی نەشتەرگەری یارمەتیدەر سمیس- Assistant-Surgeon C. L. Smith گەیشتنە موسلّ، تا دەستبکەن بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی پزیشکی لیڤی، هەروەها بۆ ماوەیەك بەڕێوەبەری کارگوزاریی تەندروستی (مەدەنی) بەرپرسێتی کاروباری تەندروستی لیڤی هەبوو.

توانای هێزەکە لە 1/تشرینی یەکەمدا، پێکهاتبوو لە 21 تیپی سوارە، 10 تیپ و 2 بنکەی تۆپ. پشکنەری گشتی بڕیاری لەسەر ڕێکخستنەوەی گشتی دا، کە پێشتر تاڕادەیەك لەسەر کاغەز خراوەتە بەرنامەوە، دواجار لە هێزێکی ناڕێکوپێکەوە تارادەیەك لە یەکەیەکی سەیرەوە، بوو بە هێزێکی سوارەی چوار فەوجی و یەك بنکەی تۆپ و دوو تیپی پیادە و سێ تیپی چەکی رەشاش.

هەروەها ژەنەڕاڵ سادلیەر جاکسن بڕیاریدا، هێزەکە بە چەکی خۆکار پڕچەك بکات و تفەنگەکانی (لیویس و هۆچکیس)یش داواکراوە.

ئەگەرچی بارەگای لیڤی لە بەغدا بوو، وردەکاریی سەربازگەی لیڤی لە نەینەوا هێشتا دەگات و گەنجینەکانی دەپشکێنرێت و کارمەندان هێشتا کاری تێدا دەکەن. سەردەستەی یەکەم هیگجین- Higgin لە فەرماندەدا ماوەتەوە.

لە 15/تشرینی یەکەمدا سوپای هەژدەیەم موسڵی جێهێشت.

شوێن و توانای لیڤی لە کۆتایی 1921 دا بریتی بوو:-

## ناوچەی موسڵ:

زاخۆ... دوو تیپی بەتالیۆنی دووەم

ئاکرێ... دوو تیپی بەتالیۆنی دووەم.

دهۆك... بارەگای فەوجی پێنجەم (دوو تیپی سوارە کەمتر). بارەگای بەتالیۆنی دووەم (چوار تیپی پیادە کەمتر).

تەلعەفەر... دوو تیپی سوارەی فەوجی پێنجەم.

## باشووری کوردستان:

ئەربیل... فەوجی چوارەم.

کەرکوك...فەوجی دووەم.

سلێمانی...تیپێکی سوارەی لیڤیی سلێمانی، تیپێکی پیادەی سلێمانی.

رانیە... کەرتێك لە پیادەی سلێمانی.

چەمچەماڵ... نیو تیپ لە پیادەی سلێمانی.

هەڵەبجە... کەرتێك لە پیادەی سلێمانی.

خانەقین... فەوجی سێیەم.

## فوڕات:

دیوانییە... فەوجی یەکەم. (کەرتێکی سوارە کەمتر)

سەماوە...بەتالیۆنی یەکەم (دوو تیپ و دوو کەرت کەمتر)

رومێسە... یەك کەرتی سوارەی بەتالیۆنی یەکەم.

ناسرییە... دوو تیپی بەتالیۆنی یەکەم.

بەغداد...یەك کەرتی سوارەی فەوجی یەکەم، یەك کەرتی پیادەی بەتالیۆنی یەکەم.

کۆی گشتی هێز: هێزەکانی سوارە= 2203 . پیادە = 2051.

لەوکاتەی سەرەتای ساڵەوە، لیڤیەکان هاوبەشی چالاکیەکیان نەکردووە، جگە لە مەسەلەی زۆر بچوکی تەقەکردن لە دهۆك، کە تیپی حەوتەم، لە شەوی 4/تشرینی یەکەمدا بەشداریکرد.

لە 14/کانونی یەکەم، بەهەرحاڵ، لیڤیی سوارەی عەرەب بە رابەریی ئەفسەر بووا- Lieut. H. E. Bois، رۆڵی یاوەریی دەبینی بۆ یاریدەدەری بەرپرسی سیاسی، کە لەلایەن کوردەکانەوە لە نزیك (بابەچیکچیك)ەوە هێرشکرایە سەریان. ئەفسەر بووا- H. E. Bois بریندار بوو، 9 سوارە و ئەسپەکانیان کوژران و هێزەکە گەڕایەوە.

ژەنەڕاڵ سادلیەر جاکسن- Sadleir-Jackson لە 6/کانونی یەکەمدا فەرمانی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی کوردەکان دەرکرد. هێزێکی 700- 800 سوارەی بەهێز، بە رابەریی خۆی لە ئەربیل کۆبوونەوە، ڕێپێوانێکیان بەناو (شەقلاوە)دا بۆ (باتاس) سازکرد، هێزێکی پیادەش لە (ئاکرێ)وە بە رابەریی سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke، بەسەر (باتاس)دا بە (قەندیل)دا چوون بۆ هاوکاری هێزەکانی سوارە.

هەندێ ڕێپێوانی گران بیرکردنەوەی وردی بەرهەم هێنا. تیپێکی سوارەی فەوجی پێنجەمی سوارە، بۆ نمونە، لە 18/کانونی یەکەمدا دهۆکی جێهێشت و تیپێکی سوارەی تریان لە هەمان فەوج بە رابەریی سەرتیپ کارڤۆسۆ- Captain J. P. Carvosso هەڵگرت، کە لە (تەلعەفەر)ەوە دەرچوون، لە 22/کانونی یەکەمدا گەیشتنە ئەربیل و بە هەمووی 110 میل ڕێگایان بڕیوە.

لە سەعات شەشی ئێوارەی رۆژی 25/کانونی یەکەم، هێزێکی سوارە بە رابەریی ژەنەڕاڵ سادلیەر جاکسن- Sadleir-Jackson، سەرتیپ دەڤەنیش-

Captain Devenish لە سەعات شەشی بەیانی ڕۆژی دوایدا لەگەڵ کاروانی ئازوقە و پێداویستیدا دوایانکەوت.

لە 26/کانونی یەکەم هێزەکەی سوارە گەیشتە (سیساوە) و بینیان کوردەکان دەستیان گرتبوو بەسەر (حەریر و باتاس)دا.

بۆ گەڕانەوە بۆ هێزی ژێر فەرماندەی سەرهەنگی دووەم بارك- Barke Lieut.-Colonel ، کە لە ئاکرێوە هاتووە، کەرتێکی ناردۆتە پێشەوە و لەگەڵ عەرەبێکی کەڵەکچی- Kellekchi و پێستە و دەستەکە داری پێویست بۆ دروستکردنی کەڵەکەکان.

سەرتیپ ماکنێرنیە- Captain McNearnie فەرمانڕەوا بوو، ئەم بەشەی پێشەوە لە 24/کانونی یەکەم گەیشتنە گوندی (ئایستێریا- Isteria) و دەستیانکرد بە کەڵەك دروستکردن. جارێکیش لە کەنارەکەی بەرامبەرەوە کەوتنە ژێر شاڵاوی گوللەبارانەوە.

پاشماوەی هێزی پیادەی ژێر فەرماندەی سەرهەنگی دووەم بارك- Barke Lieut.-Colonel لە 24/کانونی یەکەمدا لە باجیل- Bajil بوو. لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆی 25/کانونی یەکەم گەیشتنە (ئایستێریا- Isteria) و بینیان کۆمەڵەکەی ماکنێرنیە لەگەڵ کوردەکاندا لە کەنارەکەی بەرامبەردا لەشەڕدان و هەموو کاری کەڵەك دروستکردنەکە بەهۆی تەقەکردنەوە راوەستاوە.

هەروەها (راب  خامشی پۆڵس ئەلیاس) بریندار بووە.

لە شەودا کەڵەکەکان تەواوبوون. لە سەعات 06:30 لە ڕۆژی 26/کانونی یەکەم، یەکەم کەڵەکی بارکراو بە 50 پیاویان نارد بپەڕێتەوە لەژێر پارێزگاری تەقەی تفەنگ و تەقەی ئەو تاکە رەشاشەی، کە لەلایەن سەردەستەی یەکەم (هیلیەر)ەوە- Hillier لەکاردا بوو، کە تازە هێنابووی بۆ ناوچەی موسڵ بۆ

مەبەستی راهێنان و فێرکردن. کۆمەڵەکە لە پەڕینەوەدا کەوتنە ژێر شاڵاوی گوللەبارانێکی قورسەوە، بەڵام سەرکەوتوبوون و هێزی دوژمن، کە هەندێ سەربازی تورکی تێدابوو لە رەواندوزدا، کشانەوە. لە سەعات 11:00دا پەڕینەوەکە کۆتایی هات. لە 11:30دا دوو فڕۆکە لە پۆلی ژمارە (55) دەرکەوتن. یەکێکیان کەوتە خوارەوە و لە هەوڵی دیسانەوە هەڵفڕینەوەیدا بەتەواوی تێکشکا. فڕۆکەوانەکە لاکەی تر دەستگیریان کردبوو، لەکاتێکدا عەدەد رەشاشی فڕۆکە تێکشکاوەکە خۆی و تفەنگە لیویسیەکەی، پەیوەندیکرد بە هێزەکەوە. هێزەکەی بارك- Barke لە گوندی (خرا)ی نزیك قەندیل وەستان. لە 27/کانونی یەکەمدا گوندی (خرا)یان سوتاند و چوون بۆ (باتاس- Batas)، لە سەعات 11:05دا گەیشتن بە خاڵێك، کە یەك میل بەلای رۆژهەڵاتی ئەو شوێنەدا بوو.

لەمیانەی ئەوەی هێزی سوارە لە (سیساوا)وە چووەپێشەوە و هێرشیکردە سەر حەریر. لەوێدا بەرەنگارییەکی دڕندانەیان پێشهات و لە نزیکەی سەعات 11:00دا بە دڵنیاییەوە راگیران. شەڕەکە هەموو رۆژەکە بەردەوام بووە و لە ئێوارەدا سەرتیپ کارڤۆسۆ- Captain Carvosso و پێنج لە پیاوەکانی کوژران. رۆژی دوایش ئەفسەر بوریدج- R. A. Burridge دووچاری برینداریيەکی کوشندە بوو.

هیچ فەرمانێك بۆ بارك- Barke نەهات، کە هێرشیکردە سەر باتاس. ئەوەش لە سەعات 12:45دا لەگەڵ پشتیوانی فڕۆکەدا کراوە و لە سەعات 15:40 گوندەکە لەگەڵ زیانی دوو برینداردا لەلایەن سەرتیپ هەبەرد- ەوە Captain E. St. J. Hebberd داگیرکرا. ئێستا بارانێکی قورس دەستیپێکرد. هێزی سوارە هێشتا لە دەوروبەری سیساوان، لەگەڵ دوو پۆلی بنکەی تۆپ، کە بە توندی هێڵی پێشەوەیان لە نزیك حەریرەوە گرتووە.

لە سەعات 17:00دا سەرتیپ دەڤەنیش- Captain Devenish، ئەوەی هەر ئەو کاتە لەگەڵ کاروانەکەدا گەیشت، فەرمانی پێدرا، کە بە هاوڕای کاروانەکە بڕوات، هەر دەستبەجێ دوای ئەوەی پیاوەکان ژەمەخۆراکێکیان درایە، بە تاریکی هێرش بەرن بۆ شاخی حەریر.

ئەسپەکانی لە سیساوا جێهێشت و لە سەعات 17:30 کەمێکی شاخەکەی بە تاریکی گرت و دوای ئەوە بەهۆی باران و شەوەزەنگەوە گیری خوارد.

لە 28/کانونی یەکەم چالاکیەکە نوێکرایەوە. دەڤەنیش دەستیکرد بە چوونە سەر شاخ، هەر زوو، کاتێ توانی شت بەدی بکات، کوردێکی لەسەر رێگاکە دەستگیرکرد و لەنزیك لوتکەکەوە کەوتە چالاکی. تیپێکی فەوجی سێیەم دوای کەوتبوو، کوردەکانیش کشانەوە. ئەویش لە سەعات 08:00دا گەیشتە سەر لوتکەکە، بە درێژایی شاخی حەریر چووە پێشەوە بۆ خاڵێك لەسەرو (باتاس)ەوە و لەوێدا مایەوە و سەنگەری لێدا. چەندین کۆمەڵی بچکۆلەی دوژمن دەبینران، بەڵام نزیك نەدەبوونەوە و کاتێ تەقەیان لێکرا هەڵهاتن.

لە بەیانیدا هێزەکەی بارك- Barke لە (باتاس)ەوە دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بە هێزی سوارە لە (حەریر)دا. پاسەوانانی دواوە بە توندی هێرشکرایە سەریان و لەلایەن کوردەکانەوە فشاریان بۆ هێنان بۆ ناو باخەکان. راب- ترێما دانیاڵ ئیسماعیل فەرماندەی پاسەوانانی دواوەی دەکرد، بە دژە هێرشێك، حەوت تفەنگ و شمشێرێکی گەڕانەوە. لە سەعات 15:00 ژەنەڕاڵ سادلەیر جاکسن، بۆی دەرکەوت، کە بەهۆی کەشوهەواوە ناتوانێت یارمەتی هێزی ئاسمانیی بەدەست بهێنێت، فەرمانی بە بارك- Barke کرد، کە پەلاماری حەریر بدات. ئەوەش بە یارمەتی سەرتیپ لیتلدێڵ- Littledale Captain و پۆلیس جێبەجێکرا، لەگەڵ زیانی دوو کوژراو و یەکێکیش بە

برینداری مرد و یەك برینداری تریش. شارەکەش سوتابوو. ئەوە کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکان هێنا.

لە بەیانی رۆژی 29/کانونی یەکەم دەڤەنیش- Devenish، کە لەسەر شاخی حەریر شەوێکی لەناو بەفردا بەسەربرد، پاسەوانانی ناردە دەرەوە، بەلاّم هیچیان نەدۆزییەوە. هێزەکان هەموو لە سیساوا کۆبوونەتەوە و چوون بۆ شەقلاّوە. سەرتیپ دەڤەنیش- Captain Devenish و ئەفسەر فۆستەر- D. Lieut. S. Foster بە هێزەکانیانەوە لە حەریرەوە دوایانکەوتن، نیو تیپی ئاشووریەکان لە هێزەکەی بارك- Barke گوندی (سیساوا)یان گرتبوو تا ئەوان گەیشتن.

لە 31/کانونی یەکەمدا هەموو هێزەکە گەڕایەوە بۆ ئەربیل.




بوارەکانی کاری لیڤی لە 1915- 1921

# بەشی چوارەم
# 1922

لە 17/کانونی دووەم/1922، لیڤیەکان، جگە لە بەشەکانی دارایی و کارگێڕیی، ئەوانی تری خرانە ژێر دەستەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزەکانی سەربازییەوە.

دوای گفتوگۆ لەبارەی توانا و ڕێکخستنەوەی هێزەکەوە، ئیدی بەم شێوەیە ڕێکخرایەوە:-

سێ فەوجی سوارە.

چوار بەتالیۆنی پیادە.

یەك تیپی ڕەشاش.

دوو بنکەی تۆپ.

سوارە، هیچ چەکێکی ئۆتۆماتیکیان نەبوو. بەتالیۆنەکانی پیادەش، تا مانگی تەموز تفەنگی (لیویس)یان بەدەست نەهێناوە. تا ئەو کاتە چوار فەوجی سوارە هەبوون، تەنیا کەمکردنەوەیەك لە پێنجەوە بۆ چوار ڕوویدا. ئێستا دەبێ فەوجێکی دی بڕوات و بە هاتنەدی ئەوەش فەوجەکانی دووەم و سێیەمی سوارە تێکەڵکران و ناوی فەوجی سوارەی سێیەمی لێنرایەوە، لەکاتێکدا، کە فەوجی چوارەم بوو بە فەوجی دووەمی سوارە.

لە مایسی 1922دا، ژمارەی سەربازانی هێزەکە بریتی بوو:-

- سوارە 1410 کەس- فەوجێك 457 کەس بوو.
- پیادە 3248 کەس- بەتالیۆنێك 701 کەس بوو.
- بنکەی تۆپ 210 کەس.

- گەنجینە 173 کەس.

ڕەشاشی ڤیکەرس لەو کاتەدا لەگەڵ بەتالیۆندا بوون، بەڵام گۆڕانکاری ڕوویدا و لە چەکی ڕەشاش تیپێکیان پێکهێنا.

لەبارەی بۆدجەی ئەم هێزەوە، تێچوونی ساڵانەی یەك تیپی سوارە 157.728 ڕوپیە بووە و بۆ تیپێکی پیادەش 170.928 ڕوپیەیە.

دوای چالاکی باتاس، ژەنەڕاڵ سادلیەر جاکسن- General Sadleir-Jackson فەرمانیدا 1500 ئاشووری زیاتر بخرێنە ریزەکانی لیڤیەوە. ئەو ناونووسکردنەش لە 7/کانونی دووەمدا دەستیپێکرد.

تیپی ژمارە (6) (سەرتیپ موودی) لە (ئاکرێ)وە چوون بۆ دهۆك بۆ بنیاتنان و یارمەتی لە مەشقکردنی ناونووسکراوانی نوێدا. سەرتیپ ماکوینیە- Captain McWhinnie لە ناوچەی فوراتەوە گواسترایەوە بۆ ئاکرێ، بۆ پێگەیاندنی تیپێکی ئاشووری لەوێ.

سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke دەستبەجێ چوو بۆ دهۆك و سەربازگێری ئاشوورییەکان جێبەجێکرابوو. بەشێکیان لەلایەن دەستەیەکی سەر بە سەرهەنگی دووەم بارك، دەیڤد دی مار شەمعون، سەرۆکی قەشەکان، راب ئێما دانیال ئیسماعیل، کوری مالك ئیسماعیل و بەدەستەڵات ترینی ئەفسەری لیڤیی ئاشووری و بەشێکی تری لە ڕێگای سەرتیپ مانێرنیە- Captain McNearnie، کە پێشوتر لە پێکهێنانی تیپە بنەڕەتیەکاندا سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنابوو، گەشتێکی فراوانیان بۆ سەربازگێری بەناو کوردستاندا کرد، بەتایبەتی ناوچەی ئامێدی و بەشی باکوری، کە زۆر لە ئاشوورییە نیشتەنیەکانی لێبوو. یەکەم دەستە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردن میستەر جاردین- Mr. R. F. Jardine، پشکنەری کارگێڕیی و پاشماوەی ئاشووریە مالکەکان، بەڵام ئەنجامەکانی

بەتەواوی رەزامەندی لەسەر نەبوو. یەك حاڵەتی دیاریکراو هەبوو، کە لە بۆتانیەکان روویدا، ئەویش کاتێ داوایان لێکرا کە پیاوەکانیان بچنە ریزی لیڤیەوە، پیاوەکانیش بەروبوومەکانیان فرۆشت و هاتنە خوارەوە بۆ ناونووسکردن، کەچی ئاگاداریان کردبوون کە پێویستیان پێیان نییە. لە زاخۆ و ئاکرێ پەنجا پیاویان لە تیپە ئاشووریەکان بۆ مەشقکردن لە تیپی پشتیوانیدا هەڵبژاردبوو. چەکیان لە سوپاوە لە موسڵ بەدەست هێنا و لە 1/شوباتدا سەرتیپ دەڤەنیش- Captain C. 0. L. Devenish لەگەڵ دەستەکەی بە کەڵەك لە موسڵەوە چوون بۆ بەغداد.

کۆمەڵێکی تر، کە بریتی بوون لە ئەفسەرێکی ئاشووری و پەنجا پیاوی تر بە پلەی جیاواز، لە موسڵەوە ناردیانن بۆ کەرکوك، بۆ ئەوەی مەشق بکەن لەسەر تۆپ و فێری بەکارهێنانی چەکی رەشاش بن، بە رابەریی ئەفسەر سیمسن- Lieut. Simpson و بە یارمەتی تیمێك لە ئەفسەریارانی بریتانی.

هەروەها کۆرسی فێربوونی:

- بۆقی ژەند، 8 پیاو.
- بۆ کەڵەك دروستکردن، 10 پیاو، ئەوە زۆر پێویست بوو بۆ ئۆپەراسیۆنەکان لەناو گردۆڵکەکاندا.
- کاری کۆتری نامەبەر (تەتەر)، یەك پیاو.

هەشت راهێنەر، چواریان بۆ راهێنانی سەربازی و چوارەکەی دی لە هونەری تفەنگ تەقاندندا، لە بەتالیۆنی دووەمەوە لە فەوجی رۆژهەڵاتی یۆرکشایرەوە ناردیانن بۆ سەربازگەکەی دهۆك.

له 26/شوباتدا ئەفسەر ئۆستین- Lieut. J. B. F. Austin، سوارەی حەوتەم، لەگەڵ بێتەلێکدا گەیشتنە موسڵ، جیهازی بێتەلەکەی لە هێزی ئاسمانیی پاشایەتی وەرگرتووە و بەرەوپێش چوون بۆ دهۆك.

له سەرەتای مانگی ئازاردا، مەشقکردن لە سەربازگەکەی دهۆکدا بەباشی بەرەوپێش دەچوو. راپۆرتێك لەبارەی ئەو رۆژەوە دەڵێت، کە مەشقکردن لەسەر تفەنگ تەقاندنی لیڤیەکان باشتربوو لە مەشقی سەربازی.

لەگەڵ هەندێ بەربەستی دیاریکراودا، سەربازگیریی لە برەودا بوو. سەفەرەکەی ماکنێرنیە بۆ مەبەستی سەربازگیری زۆر سەرکەوتوو بوو، ئەوە بوو لە ناوەڕاستی مانگی ئازاردا، 1200 سەربازی ناونووسکراو و خێزانەکانیان لە دهۆکدا کۆبوونەوە.

لەو کاتەدا سەرتیپ پریڤەت- Captain Prevett فەرماندەیی دهۆکی دەکرد، لەگەڵ سەرتیپ موودی- Captain B. C. Moody و سەرتیپ فۆڕەیکەر- H. A. Captain Foweraker وەك ئەفسەرانی فەرماندەی تیپەکان. هەروەك شوێنی ئێستا زۆر تەنگ بووە و لە مەدای نیشانگرەکانی گردەکانی دەوروبەردا بوو، ئیدی لە کۆتایی مانگی ئازاردا سەربازگەکە گواسترایەوە بۆ (دولیپ).

له 14/ئازاردا ژەنەڕاڵ سادلەیر- جاکسن- General Sadleir-Jackson فەرماندەی لیڤی رادەستی سەرهەنگ فریز- Colonel G. R. Frith کرد. لە مانگی نیساندا، رێکخستنەوەی زیاتر لە فەرماندەیدا بەڕێوەچوو. هەروەها ناوچەکانی لیڤی هەڵوەشایەوە.

له 12/نیساندا ناوچەی موسڵ کۆتایی پێهات و بۆ رۆژی دوایی سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Bark چوو بۆ (دولیپ) و لەوێ فەرماندەی بەتالیۆنەکەی گرتەدەست.

سەرتیپ پریڤەت- - Captain Prevett، سەرتیپ موودی- Captain Moody، سەرتیپ بادیلەی- Captain Baddiley و سەرتیپ یەنگ- Captain Young و

سەرتیپ فۆڕەیکەر- Captain Foweraker. ئەمەی دواییان کرا بە فەرماندەی تیپە نوێکەی، کە دادەمەزرا. هەروەها هەشت ئەفسەریاری راهێنەری بریتانی لە فەوجی رۆژهەڵاتی یۆکشە، یەك ئەفسەریاریان لە موسڵەوە نارد بۆ راهێنانی جەستەیی و یەکێکیش بۆ راهێنان لەسەر ئامێرێکی بێتەل. لەسەرو ئەوانەشەوە 1200 سەربازی نوێ و 1500 ژن و منداڵ لە سەربازگەکەدان.

یەکەکانی ژێر فەرماندەی بارك- Barke لە سەربازگەی (دولیپ) بریتی بوون لە:
بەتالیۆنی دووەمی بارەگا و دوو تیپ، هەروەها تیپەکانی تری، کە لە زاخۆن.
بەتالیۆنی سێیەم لەگەڵ دوو تیپ لە سەربازگەی دولیپ و دووانیش لە ئاکرێ. لەم کاتەدا بەتالیۆنەکان تیپی 240 کەسییان هەیە، بەڵام جگە لە تیپی بارەگا. هەروەها فەوجی دووەمی سوارە لە دولیپە.

دواتر پێکهاتن لە سێ تیپی سوارەی کورد و بە رابەریی پێشەنگ ئیڤلی- E. N. Major Eveleigh، کە (خاچی سەربازی و مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.) بڕیاردرا، کە تیپێکی ئاشووری لە فەوجەکەدا پێکبهێنرێت، سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی تایبەتی لە پیاوەکانی گواستەوە بۆ فەوجەکە.

بەلایەنی کەمەوە ئەوە کرا بۆئەوەی شوێنی کەسانی عەرەب لە لیڤیەکاندا بگرنەوە، لەبەرئەوەی هەموو عەرەب لە وڵاتەکەدا داواکراوە بۆ پەیوەندیکردن بە سوپای عێراقەوە. بڕیاردرا ئیدی عەرەب نابێ لە لیڤیدا ناونووسکرێت و ئەوانەشی لە لیڤیدان، تا ماوەکەیان تەواو نەبێت دەستیان لێنادرێت.

بارك- Barke تا کاتی گەیشتنی پێشەنگ بەنتینك- Major Bentinck فەرماندەی هەردوو بەتالیۆنەکەی لە دولیپ دەکرد. سەرتیپ پریڤەت- Captain Prevett وەك یاریدەدەری بەتالیۆنی سێیەم دیاریکرا و سەرتیپ موودی- B. C. Moody Captain وەك یاریدەدەری بەتالیۆنی دووەم دانرا.

ئەوە ئاشکرایە و بە ئاسانی تێیدەگەن، بەتایبەتی ئەوانەی قۆناغەکانی یەکەمی پەروەردەکردنی سوپای نوێیان لە 1914دا لەیادە. دامەزراندن و هۆشیارکردنەوەی ئەو بەتالیۆنانە هەروا بێ کێشە و تەنگوچەڵەمە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو زۆر جار دووچاری سەغڵەتی بووە.

لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەفسەریاری ئاشووری لە تیپەکانەوە نێرران، کە نۆ مانگ لەوەپێش کاری لەسەر کراوە، کۆمەڵێك لە ئەفسەر و ئەفسەریاری ئاشووری لەوانەی، کە لە 1200 سەربازەکەی لەم دوایییەدا ناونووسکران هەڵبژێراون. لەوکاتەدا ژمارەیەکی کەم شارەزا لە زمانی ئینگلیزیدا هەبووە و ئەفسەر و ئەفسەریارە بریتانیەکانیش بە هەمان شێوە شارەزاییان لە زمانی سریانیدا نەبووە. لەگەڵ ئەو کێشە و سەغڵەتیانەشدا ئەفسەر و ئەفسەریارە بریتانیەکان بە تەواوی کاریان لەسەر راهێنان و مەشقکردنەکان دەکرد و ژەنەراڵ نایتینگێڵ- General Nightingale ناوبەناو سەردانی سەربازگەکەی دەکرد و هانی رەنجی هەمووانی دەدا.

هەروەها کێشەی دواکەوتنی جلوبەرگ و چەك و تەقەمەندی و خەیمەکان روویدا، برێکی باش لە چەك و تەقەمەنی لە بنکەی سەربازی موسڵ دەستکەوت، کەمێ پێش ئەوەی لە مانگی کانونی دووەمدا دابخرێت، پاشماوەکەی تا لە بەغداوە دێت و لە رێگەدا هەندێ بەهەڵە تێگەیشتن هاتە پێش و بووە هۆی ئەوەی زۆر درەنگ بگات.

لە مانگی ئازاردا سەربازە نانوسکراوەکان لە سەربازگەی دهۆك، کە ژمارەیان دەگاتە نێوان دوو سێ هەزار، ناکرێ بەو پەلەپەلە جلوبەرگیان بدەنێ و تەیاربکرێن، بەردەوام نائارام بوون و دەیانویست بگەڕێنەوە دواوە. سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.- Barke Colonel دەبێ پێشیان پێبگرێت و دڵنیایان بکاتەوە، کە ئەو خۆی جلوبەرگەکانی ئەوانی لە سەندوقی گەورە گەورەدا بینیوە لە هێڵی ئاسنی (شەرگات) باردەکران لە وشتر و بەم نزیکانە دەگات.

لە حوزەیراندا فەوجی دووەمی سوارە لە (دولیپ)ەوە هاتنە خوارەوە بۆ سەربازگەی نەینەوا، ئەو بینایەی، کە لەلایەن (سەرتیپ پارنێڵ)ەوە Captain W. E. Parnell تەواوکراوە. ئەو تیپەی لە ئاشووریەکان دروستکراوە، بە رابەریی راب- ئێما شام گۆرگیس- Rab-Emma Sham Gewergis خرایە ژێر مەشقکردنەوە.

لەو ماوەیەدا سەربازگەی دولیپ تەواو ناتەندروست بوو. لە کۆتایی مانگی مایس مەلاریا بڵاوبووەوە و لە مانگی ئابدا بەتەواوی هەموو ئەفسەر و ئەفسەریارانی بریتانی دووچاری بوون و هەروەها رێژەی لەسەدا حەفتا لە ئاشووریەکانیش توشبوون. ژەنەڕاڵ فرایزەر- General Fraser سەردانی سەربازگەکەی کرد و هەموو هێزەکانی پشکنی و فەرمانی بۆ بەتالیۆنی سێیەمی بارك- Barke دەرکرد، جگە لەو دوو تیپەی، کە لە ئاکرێن، بگوازرێنەوە بۆ میندان. بڕیارە هێرشێك بۆ ئەربیل لەلایەن کوردەکان و تورکەکانەوە بکرێت. هێزەکە لە 13/تەموز (Dulip- دولیپ)ی جێهێشت و لە 16/تەموزدا گەیشتە مندان. زۆر لە دەستەکان نەیاندەتوانی بەهۆی مەلاریاوە بە رێگادا بڕۆن. ئاوی ناو بوتڵ نەبوو، دەبووایە ئاو لە Chagall- گۆزە و گلێنەدا هەڵگرن، کە لەسەر پارەی دەرەوەی بۆدجە کڕیبوویان.

بڕیارە کاتێ دەگەنە مندان، 110 وشتر بەکرێ بگیرێت بۆ گواستنەوەی کۆڵەپشت و پێداویستیەکان، نیشانەگەیاندەرەکان لەلایەن (راجپوتسی یانزەیەم)ەوە پەیوەندی لەگەڵ موسڵ لەسەر بەرزایی (جەبەل مەقلوب)ەوە دامەزراند.

دوای ئەوەی بارەگای گشتی بەرپرسیارێتی لیڤی گرتە دەست، کە ئەو بڕیارە لە ئەنجامی کۆنفرانسەکەوە هات، ماکنێرنیە- McNearnie پەیمانی دا، مانگانە 50 روپیە بدرێ بە لیڤیەکان، هەروەك رێی بەوەش دا، گەشتێك بۆ سەربازگریی بکرێت، ئیدی موچەکە بۆ هەر مانگێك گۆڕا بە 45 روپییە.

لە راستیدا ئەوە پێشێلکاری متمانە بوو. تاکە شتێك، کە فەرماندەکانی بەتالیۆن دەیانتوانی بیکەن بانگکردنی ئەفسەرە ئاشووریەکان بوو. بڕیاری سەرکردایەتی گشتیان پێڕابگەیەنن و پێیانبڵێن خەڵکانی خۆیان ئاگاداربکەنەوە.

ئەوەی روویدا، بە هیچ جۆرێ بەهەڵە نەکەوتەوە و پیاوەکانیش بارودۆخەکەیان بەبێ رەخنەگرتن پەسەندکرد. بەڵام ئاشکرابوو، کە لە 1923دا بەهۆی بەرپەرچدانەوەی ئاشووریەکانەوە بۆ بەشداریکردنەوەی یەکەکانی ئاشووری، تا بەهاری ئەو ساڵە لە ئارادا نامێنێت.

لە پایزی 1922دا کۆنفرانسێك لە دهۆك بەسەرپەرشتی سەرهەنگی فەرماندە Colonel-Commandant بەڕێوەچوو، کاتێ، کە مەرجی باشتری خستە بەردەست و داوای یارمەتیدانی لە (مالك)[5] کرد. لەسەرەتادا بارودۆخەکە ئەنجامێکی زۆر ئاڵۆزی هەبوو، بەڵام لەکۆتاییدا خێزانی گەورە قەشەکان کاریگەرییان خستە سەر لە برەوپێدانی سەربازگیریدا و دەستکرایەوە بە ناونووسکردن. دەیڤد دی، مار شەمعون، گەورەی بەتریرکەکان، بوو بە فەرمانبەر لە لیڤیدا و لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەودا، شانبەشانی لایەنەکانی تری سەربازگیری، بەکردەوە هەموو خزمەتکردنی ئاشووریەکان ناونووسکردنێکی تەواو لە سەربازگیری نوێدا کاریگەری لەسەر رزگارکردنی تەواوی بارودۆخەکە هەبوو. ئیدی لەو کاتەوە کێشەیەکی تر بۆ بەرزکردنەوەی سەربازگیری پێش نەهاتووە.

لە مانگی کانونی دووەمدا، یەکەم تیپی سەربازی عێراقی گەیشتە موسڵ. دەستەیەك لە فەوجی رۆژهەڵاتی یۆکشە رۆڵیان تێدابینی. لە هەمان کاتدا بەتالیۆنێکی تری سوپای هیندی و سیکەکانی پانزەیەم چوونەدەرەوە. ئامادەکاری بۆ سوپای عێراقی کرا، کە دەستبەجێ تەلەعفەر لە لیڤیەکان وەربگرێت.

---

[5] مالك، واتە خاوەندار، یان ئاغا و دەستەڵاتدار لەناو ئاشووریەکاندا– وەرگێڕ.

لە مانگی حوزەیراندا، ژەنەراڵ نایتنگەیڵ- General Nightingale ئەرکەکەی خۆی جێهێشت، هەموو لیڤیەکان زۆر بەداخ بوون، کە تا ئاستێکی زۆر یارمەتیانی داوە. جار جارە بەسەری دەکردنەوە و راپۆرتی باشی لەبارەیانەوە دەنووسی.

لە 7/تەموزدا بارەگا کۆنەکەی لیڤیی فوڕات داخرا، کە لە بەغدا لەسەر کەناری لای راستی رووباری دیجلە بوون، لە هێڵەکاندا دواتر لەلایەن بەتالیۆنی یەکەمی لیڤیی عەرەبی هۆڕەکانەوە بەکارهێنرا.

لە مانگی تشرینی یەکەمدا، هێزی ئاسمانیی پاشایەتی دەستیگرت بەسەر سوپادا. ئەوەش لە کۆنفرانسی قاهیرەدا بڕیاری لەسەر دراوە و هەروەها ئەوە راستیەکی بەرجەستەیە لە مێژووی لیڤیەکان و بگرە لە مێژووی عێراقیشدا، ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لە سەرەتای 1922-ەوە تا ئەم رۆژە سەرقاڵی کردبوون، ئێستاش باسیان دەکرێت.

لە کانونی دووەمدا، لیڤیی سلێمانی ئۆپەراسیۆنێکیان دژی کوردە هەورامیەکان ئەنجامدا، لەگەڵ کۆمەکی هەندێ لە جافەکانی نزیك هەڵەبجە. لە چالاکیەکدا نزیکی خورماڵ، سەرتیپ فیتزگیبن- Captain H. C. 0. FitzGibbon کوژرا، کە سەر بە سوارەی سیانزەیەم و لەگەڵ لیڤیەکاندا کاری دەکرد.

کاروبارەکان لە ناوچەی باکوردا لە سەرەتای ساڵدا ئارام بوو، هەرچەندە لەبارەی کوردەکانەوە هەندێ نائارامی هەبوو، کە لە مانگی شوباتدا هێرش دەکەنە سەر ئاکرێ. ئەوەش هیچ نەبوو. لە مانگەکانی مایس و حوزەیراندا، ژەنەراڵ نایتینگێڵ- General Nightingale ئۆپەراسیۆنێکی دژی کوردەکان لە ناوچەی باکوری رۆژهەڵات ئەنجامدا. لە بانی بنۆك، باکوری هەڵەبجە شەڕێك بەرپابوو، کە ئەفسەر مۆت- V. T. Lieut. Mott و چوار پلەداری تر لە لیڤیەکان لەوێدا کوژران.

ئەو ئۆپەراسیۆنانە بەئاستەم کۆتایی هاتبوو، کاتێ لە ناوچەی چەمچەماڵدا کێشە سەریهەڵدا.

پێشتر لە جەباری لە 21/مایسدا، بەڕێوەبەرەکە لەلایەن سەید محەمەد جەبارییەوە هێرشی کرایە سەر و بریندار کرا، هەروەها پاسەوانەکەی چەك و ئەسپەکەی لێسەندرا. بەشی بەگزادەی هەمەوەند بەکەمکردنەوەی تواناو دەستەڵاتیان نائارامن، کەریم فەتاح بەگ، رۆحی پێشڕەوییەکەی، بەئاشکرا هەڕەشەی یاخیبوونی دەکرد.

پڕوپاگاندە بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود بەردەوامە و کاریگەریشی دەبێت.

لە 12/حوزەیراندا بەرپرسی سیاسی داوای هێزێکی لیڤی کرد بۆ بەرەوپێشچوون بۆ تەیناڵ. لە 16/حوزەیراندا گەیشت، بریتی بوو لە بەتالیۆنێك لە لیڤیی سلێمانی، کە سێ تیپی پیادە و یەك تیپی سوارە بوون و بەشێك لە چەکی رەشاشی ئاشووری، کە لە قوتابخانەی چەکی رەشاشی کەرکوکەوە هاتبوون، هەر هەموویان لەلایەن سەرهەنگ مینت- Colonel E. C. T. Minet، فەرمانڕەوایی دەکران، کە (مەدالیای خاچی سەربازیی و مەدالیای رێزی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە)، وەك (ئەفسەری یەدەك)، لە لیڤیی عێراقدا کاریدەکرد. لە 17/حوزەیراندا سەرۆکی بنەڕەتی ئامادەکرا و لەلایەن سەرتیپ بۆند- Captain S. S. Bond یاریدەدەری بەرپرسی سیاسییەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا.

ئیدی کەریم فەتاح بەگ بەیانی ئەمەکدارییی خۆی نووسی، پرسی بۆچی سوپا ئامادە کراوە و داوای بینینی سەرتیپ- Captain بۆندی کرد، کە لە گوندی مۆرتەکە یەکدی ببینن.

لە 18/حوزەیراندا، سەرتیپ بۆند- Captain S. S. Bond بە هاوڕێیەتی سەرتیپ ماکانت- Captain R. K. Makant، کە خەریك بوو لە لیڤیەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشی سیاسی و بۆ سەرکەوتنی سەرتیپ بۆند بوو لە چەمچەماڵ، چوون بۆ مۆرتەکە. دوو میل دوور لە گوندەکەوە لەگەڵ کەریم فەتاح بەگ یەکترییان بینی. هەر، کە یەکیان گرت لەگەڵ ئەودا هەردوو ئەفسەرەکە لە دواوە تەقەیان لێکرا، دەڵێن لەلایەن

سابیر و عەبدوڵڵای کوڕەکانی کەریم فەتاح بەگەوە تەقەیان لێکراوە و دەستبەجێ کوژران.

سەرهەنگ مینت- Colonel Minet لاشەکانی هێنایەوە و لە هەمان رۆژدا بەخاکی سپاردن و دەستیکرد بە کارکردن بۆ بەدووکەوتنی کەریم فەتاح بەگ و پیاوەکانی.

فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی لە کەرکوکەوە پەیوەندی پێوەکرد، شوێنەکەی بە تیپێکی فەوجی سێیەمی سوارەی لیڤی پڕکرایەوە، لەماوەی مانگی داهاتوودا، مینت- Minet دەستیکرد بە راونانی کەریم فەتاح بەگ، لە ناوچەی چەمچەماڵەوە دەستیپێکرد، ئینجا بۆ رووباری دیالە لە سەنگاو و لەوێشەوە بەرەو باکور بۆ دۆڵی سورداش. تیپێکی تری سوارەی سێیەمی لیڤی لە خانەقینەوە لە 20/حوزەیراندا کەوتەڕێ بۆ مەیدان بۆ یارمەتیدانی ئۆپەراسیۆنەکە.

لە 23/تەموزدا هەواڵ گەیشت، کە کەریم فەتاح بەگ لە دوکان لە زێی بچوك پەڕیوەتەوە، کە هەواڵەکە هات ئەو پەڕیبووەوە. مینت- Minet دەستیکرد بە هەوڵدان لە هەمان کاتدا و لە 27/تەموزدا گەیشتە دەربەند، بۆ بارەگای میستەر ئەدمۆنس، یاریدەدەری بەرپرسی سیاسیی رانیە.

لەو ناوچەیەدا کێشەی زیاتر روویدا. خێڵی پشدەر ماوەیەك بوو لە حاڵەتی ناڕەزاییدا بوون. لەسەرو ئەوەشەوە لە 23/حوزەیراندا ئەفسەرێکی تورك بەناوی (ئۆز دەمیر)، لەگەڵ دەستەیەك ئەفسەر گەیشتنە رەواندوز، بە ئەرکێکی تایبەتی بەکاریگەری شۆڕشێکی عەشایەری بە پڕوپاگاندەیەکی دڵنیا لەلایەن پان ئیسلامیەوە، کە تەقەمەنی و دیاری تریان پێبوو.

لە 10/تەموزدا بارودۆخەکە لە رەواندوزدا ئاوابوو، لەلایەن فڕۆکەکانەوە لە 10 و 11 و 18/تەموزدا دووچاری بۆردومان بوو، دواتریش جارجارە هەر بۆردومان دەکرا.

لە 29/تەموزدا سەرهەنگ مینت- Colonel Minet هێزەکەی گواستەوە بۆ قەڵادزە، بە هاوڕێیەتی یاریدەدەری بەرپرسی سیاسی. هەرچەند هیچ چالاکیەك بەرامبەر پشدەر

نەکرا، چونکە لە وڵاتی فارسدا لە هەواری هاوینەدا بوون، بەڵام ئەم جوڵەیە بەگشتی کاریگەریەکی باشی هەبوو.

لە 1-4/ئاب لە قەڵادزە مانەوە. کەشوهەوایەکی ناتەندروستی هەبوو، پڕبوو لە مێشولە و شەپۆلی گەرمایەکی توندی هەبوو. ڕێژەی لە سەدا هەشتای هێزەکە دووچاری مەلاریا بوون، لە 5/ئابدا گەڕانەوە بۆ دەربەند، دوو ڕۆژ مانەوە، ئیدی لە 9/ئابدا بە کۆیسنجاقدا دەرچوون بۆ سلێمانی. سەرتیپ سیمسن- C. E. Simpson Captain، کە لە لیڤیدا کاری دەکرد، بە فڕۆکە گواسترایەوە بۆ سلێمانی، بەڵام بە گەیشتنی لەوێ مرد.

سەرهەنگ مینت- Colonel Minet (100) تفەنگی لە لیڤیی سلێمانی جێهێشت و بەشی چەکی ڕەشاشی ئاشووریەکانی لە دەربەند بە ڕابەریی سەرتیپ بۆوڕن- J. Captain Bourne (ئەفسەری یەدەك) ، لە بەتالیۆنی چوارەمی لیڤیەکان دانا. ئیدی سەرتیپ ماکوینیە- Captain F. J. McWhinnie، (ئەفسەری یەدەك) لەگەڵ تیپێکی لیڤیی سلێمانی لە چەمچەماڵ جێهێشت و خۆی چوو بۆ سلێمانی.

لە 9/ئابدا کەریم فەتاح بەگ لە ناوچەی کۆیسنجاقەوە ڕۆشت و گەیشتە ڕەواندوز. لە 16/ئابدا تورکەکان بەرەو پێشەوە چوون، ئەو ڕۆژە گەیشتنە ناودەشت و لە 18/ئابدا گەیشتنە دۆڵی شاور لە باکوری ڕانیە.

لەشکری خێڵەکان کۆکرایەوە بۆ پێشگرتن بە هێرشی تورك و داکۆکی لە ڕانیە و گوندە تۆپبارانکراوەکانی، کە لەلایەن تورکەوە داگیرکراوە. تۆپبارانەکە لە بنەڕەتدا لە لایەن ئەفسەرانی فڕۆکەوان ڕۆب- Flight-Lieuts. Robb و کینکاید- Kincaid کراوە، کە دواتر خەڵاتی (شنایدەر)یان وەرگرتووە.

لە 18/ئابدا سەرکردایەتی گشتی فەرمانی پێکهێنانی هێزی (ڕانیکۆڵ)ی دا، کە ئەوەش بریتی بوو لە دوو تیپ و یەك دەستەی چەکی ریزی سیکی پانزەیەم.

یەك بەشی دەستەی تۆپی ئەمبالە- Ambala.

یەك تیپی فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی.

50 پیاوی فەوجی سێیەمی سوارەی لیڤی.

بەتالیۆنی چوارەمی لیڤیی سلێمانی.

کەرتێکی چەکی رەشاشی لیڤیی ئاشووری.

بەشێك لەو هێزە، واتە، سەد پیاو لە لیڤیی سلێمانی و بەشێکیش لە کەرتی چەکی ریزی ئاشووری، کە لەوێ بوون. یەك تیپ لە سیکی پانزەیەم و 50 پیاو لە سوارەی سێیەمی لیڤی، کە هەرگیز لە کۆیسنجاق نەچوون بەولاوە.

یەکەم یەکەکانی ئەم هێزە لە 29/ئابدا گەیشتن. کاتێ، کە ئەو هێزە گەیشتە دەربەند، مەرگە و ناحیەی چنارەی رانیە و قەڵادزە هەر هەموویان لە کۆنترۆڵ دەرچووبوون.

لە 30/ئابدا یەك تیپی پیادە و یەك تیپی سوارە لە لیڤیی سلێمانی، بە رابەریی سەرتیپ ئۆینگ- Flight-Lieuts. H. E. D. Orr-Ewing، دەستی بەسەر رانیەدا گرت، باقی هێزەکەش لە دەربەند بوون.

بەرامبەر دەربەند، لەوبەر زێی بچوکەوە لەلای باشوورەوە زنجیرەیەك لە گردۆڵکەی بەردەڵانی بەرز هەیە. ئەوە لەلایەن دەستەیەکی دوانزە پیاوی لە سیکی پانزەیەمەوە گیرابوو. لە بەرەبەیانی 31/ئابدا، کوردەکان هەڵیانکوتایە سەر ئەم دەستەیە، 10 کەسیان لێکوژرا و لە هەمان کاتدا دووانیان بە برینداری دەربازبوون.

لە بەرزاییە بەردەڵانیەکانەوە دەستکرا بە دەسترێژی تەقە بەسەر سەربازگەی دەربەندەکەدا و لەگەڵ هێرشی ئاسمانییشدا، کەچی ئەو هەر بەردەوام بوو، ئەسپ و هێسترێکی زۆر پێکرابوون.

هەرزوو، کە ئەو بەشە سەری تێداچوو، فەرمان بۆ سەرتیپ ئۆر- ئوینگ هات، تا بکشێتەوە بۆ دەربەندی رانیە. ئەو فەرمانانە سڕایەوە، بەڵام راستەوخۆ ئەو جێیهێشت و رانیەش لەلایەن کۆمەڵانی دوژمنەوە دەستی بەسەرداگیرا. لە زەردەپەڕدا سەرتیپ ئۆر- ئوینگ لە (بۆسکین)دا بەشێوەیەکی کاتی هەڵیدا.

سەرهەنگ هیوز- Colonel Hughes فەرماندەی سیکی پانزەیەم لە دەربەند، لە تاریك و لێڵی ئێوارەدا فەرمانیدا بە چۆڵکردنی ئەو شوێنە.
لە نزیك گوندی (قورەگۆ)وە تابورەکە دووچاری گوللەباران هات و کەوتە حاڵەتێکی شڵەژانەوە. سەرلەنوێ رێکخرانەوە و لەدوایدا لەگوندی بۆسکێن توانیان پەیوەندی بکەن بە سەرتیپ- Captain ئۆر- ئوینگ، کە لە رانیەوە هاتبوو بۆ ئەوێ. بۆسکێن گوندێکە لەپاڵ گردێکدا و دار و درەخت و ئاوێکی زۆری هەیە.
ئێستا، کە رانیە لەژێر دەستەڵاتی دوژمندایە، سەرهەنگ هیوز- Colonel Hughes بڕیاریدا بۆ کۆیسنجاق بکشێتەوە. ئیدی رێپێوانەکە لە سەعات (10)ی سەرلەبانی رۆژی 1/ئەیلولدا دەستیپێکرد. دەشتەکە پڕبوو لە چەکدارانی خێڵەکان، کە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری تابورەکەیان دەدا. گواستنەوەکە لەحاڵەتی شڵەژاندا لەناو پاسەوانانی ریزی پێشەوەدا پەیدابووە. سوارەکانی سلێمانی، کە دوای دوو رۆژ ئەفسەرەکەیان بۆ ناو دوژمن هەڵهات، لە چالاکیەکەدا بەشدار نەبوون. تیپێك لە لیڤیی سلێمانی، کە لەگەڵ تیپێکی سیکی پانزەیەمدا پاسەوانانی ریزی دواوەیان پێکهێنا و تفەنگە رەشاشەکانی ئاشووری کاری زۆر چاکیان دەکرد. تابورەکە راستەوخۆ بە ولاتەکەدا دەڕۆشتن و بەشێکی دەشتی رانییە ناوچەیەکی گەورەی کێڵگەکانی مەرەزەیە. ئێستا سوپاکە هاتوون بۆناو ئەو ناوچەیە، سیستمی گواستنەوە و پاسەوانانی پێشەوە پێکەوە تێکەڵبوون. هەندێ لە گواستراوەکان گیریانخوارد، تفەنگێك و زۆر کەلوپەل لەلایەن کوردەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. لێرەدا نێزەی سەری تفەنگەکان لەلایەن سیکی پانزەیەمەوە بۆ ژمارەیەك لە دوژمنان بەکارهێنرا. کوردەکانی تر لە باکورەوە لەو لایەوە دەهاتنە خوارەوە بۆسەر سوپاکە، کاتێ سوپاکە لە کێگەکانی مەرەزە چوونە دەرەوە، دوو فڕۆکە لە کەرکوکەوە گەیشتن و دوژمنیان دایە بەر رەشاش، بەتایبەتی ئەوانەی لە باکورەوە هاتونەتە خوارەوە. ئێستا ئەوەی دەیکەن کەمکردنەوەی فشارە لەسەر سوپاکە، کە ئەو رۆژە گەیشتنە گردی بورایسێ و

له 2/ئەیلودا گەیشتنە کۆیسنجاق. کۆی گشتی زیانەکانی سوپاکە 27 کوژراو، 7 ونبوو، 32 بریندار بوو، کە لە لیڤیەکان 13 کوژراو و 19 بریندار هەبوون. هەروەها تۆپەکانی ئاشووری، کە کارێکی چاکیان کرد، لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکەدا لەلایەن سەرۆکی گشتی هێزەکانەوە سوپاس کران.

ئەنجامی ئەو مەسەلە پەژاراوییە، کاروبارەکانی لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتدا، تا رادەیەك زیاتر سەختکرد، کە بڕیار لەسەر چۆڵکردنی سلێمانی درا. کۆمەڵەیەکی تێکەڵی شەست و پێنج کەسی بە فڕۆکە گواسترانەوە، کە ئەفسەرانی لیڤیشی تێدابوو.

شێخ مەحمود وەك سەرۆکی ئەنجومەنی هەڵبژێراوی کارگێڕیی ناوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی دانرا، ئەفسەران و پیاوە لیڤیەکان، لەگەڵ چەك و تەقەمەنیەکانیان رادەستی شێخ مەحمود کران. هەرچەند لیڤیەکان وازیان لە کارکردن هێنا، بەڵام موچەیان بەردەوام لە بۆدجەی لیڤییەوە دەدرایە. ئەو مەسەلەیەش رادەستی شێخ مەحمود کرا، تا مامەڵەی لەگەڵدا بکات. هەندێ لە لیڤیی سلێمانی و هەندێکی کەرکوك لە مۆڵەتی پشودا بوون. ژمارەیەکی دیاریکراو هەوڵیاندا پەیوەندی بە لیڤیەکانەوە بکەنەوە. ئەوەش دڵ ساردبوونەوەیە، بۆیە شێخ مەحمود ناتوانێت بڵێت هانی ئەو پیاوانەم نەداوە بۆ ئەوەی جێیبهێڵن.

کەرتەکەی سەرتیپ ماکمینیە- Captain McWhinnie لە چەمچەماڵ هیچیان لەبارەی چۆڵکردنەوە نەدەزانی، تەنانەت فڕۆکەکانیش لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی چۆڵیانکردبوو بەسەریاندا تێپەڕین، پەیامێکیان بەسەر سەربازگەکەیاندا بەردایەوە. کەچی ئەو لەو کاتەشدا هەر لە چەمچەماڵ مابووەوە.

کارەساتێکی تر لەگەڵ ئەنجامێکی قایل نەکەر لە ناوچەی ئامێدی روویدا. کۆمەڵێك لە کوردانی بەرزانی بە رابەریی شەریف ئاغا، هاتنە ناو شارەوە و تەنیا لە کاتێکی گونجاودا کۆمەڵێکیش لە ئاشووریەکان بە رابەری مەتران مار سەرجیوس گەیشتن، شوێنەکەیان لە تالانی و وێرانکردن پاراست و هەروەها ژیانی قایمەقامیشیان پاراست.

فەرماندرا دژی کوردەکانی بەرزان چالاکی بکرێت، سوپاکە، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك لە لیڤیی بەتالیۆنی دووەم و کۆمەڵێکیش لە ئاشووریە نادەستووریەکان بە رابەری زیا دیمار شەمعون لە خانەی سەرۆکی قەشەکانەوە و مالك ئیسماعیل لە تیاری سەرووەوە، هەر هەمووشیان بە رابەریی سەرهەنگ بەنتینك- Colonel Bentinck، لە رۆژئاواوە چوونە پێشەوە بۆ سەر بەرزان.

تابورێکی بچوکی تر، کە بریتی بوون لە دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەم و کۆمەڵێکی لیڤی، بە رابەریی پێشەنگ لەیك جیەر- Major Lake-Geer، چوون بۆ ئاکرێ.

نادەستووریەکان، لەگەڵ سوپاکەی بەنتینك- Bentinck هێرشیان برد و بەرزانیان گیرت و ئەو لەگەڵ ئەو بەتالیۆنەی لە بلیندا- Belinda بوو، کاتێ فەرمانەکانی بۆ گەڕانەوەی هێجگاری لە سەرکردایەتی گشتیەوە بۆ هات. ئەویش ئەو فەرمانەی جێبەجێکرد و لە شەودا لە (بلیندا)وە بەڕێکەوت. هیچ هەواڵێك لەوبارەیەوە لەوەناچی گەیشتبێتە نادەستووریەکان، کە دوای گرتنی بەرزان بۆ ماوەیەکی کورت دژی هێرشەکانی کوردەکان، ریگای گەڕانەوەیان لەگەڵ هەندێ قوربانی و کێشەی زۆر گەورەدا گرتەبەر.

تابورێکی بچوکی تر سەر شاخی ئاکرێی گرتووە و تیپێك گوندی نەقابای لە دۆڵەکەی خوارووەدا سوتاند، کاتێ هەمان فەرمان هات، ئەوانیش دیسانەوە گەڕانەوە.

ئەو روداوانە لە ناوچەکەدا کاردانەوەیەکی نابەجێی جێهێشت، کە کوردە بەرزانی و زێباریەکانی خستە سەر ئەو بڕوایەی واهەست بکەن، سوپاکە بەهۆی ئەوانەوە کشاوەتەوە، ئەوەش دیدێکی هەڵەی پێدان لەبارەی توانای خۆیانەوە.

# بەشی پێنجەم
## 1924 -1922

لە تشرینی یەکەمدا، کاتێ هێزی ئاسمانیی پاشایەتی دەستەڵاتی سوپای گرتەدەست، ئیدی گۆڕانکاریەکان روویاندا. بەو پێیە لیڤیەکانیش چوونە ژێر فەرمانی بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانییەوە، کە ئەم زنجیرە پەیوەندیەی هەبوو. لە فەرماندەی هێزی لیڤیەوە بۆ بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانی، لەویشەوە ئینجا بۆ وەزارەتی فڕۆکەوانی و لەوێشەوە بۆ وەزارەتی کۆلۆنیاڵ.

هەروەها لە تشرینی یەکەمدا، سەرهەنگ دۆبین- Colonel H. T. Dobbin، کە مەدالیای ڕیزی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە، بە پلەی پۆستی سەرهەنگی فەرماندە- Colonel-Commandant، فەرماندەی لیڤی گرتەدەست. ڕێکخستنەوەکان و گواستنەوەکانی ئەم دواییە، یەکەکانی لیڤی زۆر پەرەوازە کرد. کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:-

- بارەگای سەرەکیی لیڤی، بەغدا. لە کۆتایی 1922دا گواسترایەوە بۆ موسڵ.
- فەوجی دووەمی سوارە، موسڵ.
- تیپی پشتیوان. موسڵ.
- بەتالیۆنی سێیەم (دوو تیپ کەمتر). موسڵ.
- چەك و تەقەمەنی. موسڵ.
- بارەگای سەرەکی تیپەکانی شەستتیر. موسڵ، کە بوو بە لیوا.
- بەتالیۆنی دووەم (بێجگە لە سێ تیپ). دولیپ.
- دوو تیپی بەتالیۆنی دووەم. زاخۆ.
- یەك تیپی بەتالیۆنی دووەم. فیشخاپور.

- دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەم. ئاکرێ.
- فەوجی سێیەمی سوارە. ئەربیل.
- فەوجی یەکەمی سوارە(بێجگە لە تیپێك). کەرکوك.
- بەتالیۆنی یەکەم. ناسرییە.
- یەك تیپی فەوجی یەکەمی سوارە. خانەقین.

لەوەوە، بۆ پێشاندانی ئەوەی چۆن میللەتە رەگەز جیاوازەکان رۆڵیان بینیوە:-

- فەوجی یەکەم و سێیەمی سوارە، بریتی بوون لە کورد و تورکومان.
- فەوجی دووەمی سوارە. بریتی بوون لە کورد و ئاشووری.
- بەتالیۆنی یەکەم. بریتی بوون لە عەرەبی هۆرەکان.
- بەتالیۆنی دووەم و سێیەم. بریتی بوون لە ئاشووری.
- بەتالیۆنی چوارەم. بریتی بوون لە کوردەکان (یەك تیپی سوارە).
- دەستەی پشتیوان. بریتی بوون لە ئاشووری.

دواتریش کەمێك لە ئیزیدیەکان ناونووسکران.

لە مانگی تشرینی دووەمدا جارێکی تریش پێشنیار بۆ گۆڕینی ناوی لیڤی کرایەوە، بۆ هێزی سنووریی عێراق، کە لە ئەنجامدا پەسەند نەکرا.

لەماوەی هەموو ئەو قۆناغەدا، نیگەرانیەکی زۆر لەبارەی چالاکی تورکەوە دژی عێراق هەبوو، لە مانگی ئازاردا ترسێك لە زاخۆدا هەبوو، ئەویش لەسەر حسابی گەیشتنی جەنەڕاڵێکی تورك و کارمەندان بۆ جەزیرەی ئیبن عومەر، لەماوەی ساڵێکدا ڕێکخستنێکی گشی کرا بۆ بەرەنگاری هێرشێك، کە لیڤیەکان بەشێکی دوو سوپایان پێکهێنابوو، یەکێکیان لە موسڵەوە کاری دەکرد و زنجیرەیەك پێگەی بەرەنگارییان وەرگرتووە، ئەویتریشیان دەبێ لە ناوچەی مندان- ئەربیل- کەرکوکەوە بێت. کاروباری گواستنەوەی خێزانەکانیش سازکرابوو.

دەستەیەك لە تورکەکان بە رابەریی ئوزدەمیر رەواندوزیان گرتووە و بە پەیوەندیکردن بە (شێخ مەحمود)ەوە، کە لە تشرینی دووەمدا جاڕی مەلیکی کوردستانی بۆ خۆی راگەیاند و پڕوپاگاندە لەناو کوردەکاندا بڵاوکرایەوە، کە کاروبارەکانی زیاتر و زیاتر گران دەکرد.

لە مانگی شوباتدا، سورمە خانمی دبەیت مار شەمعون، پووری سەرۆکی قەشەکان، لە بێبادی- Bebadi دا نووسی: دەیوت، کە ئاشووریەکانی تیارا و تاخۆما لە نزیکی سنووری تورکیا، مەترسی هێرشیان لەسەرە. ئینجا بڕیاردرا رەواندوز بگیرێت و هەموو بارودۆخەکە لەوێ رێکبخرێتەوە. پێشتر ئۆپەراسیۆنێکی بچوکی ناوخۆیی روویداوە. لە 19/کانونی دووەمدا، فەوجی سێیەمی لیڤیی عێراق و پۆلیس لە (ئەربیل)ەوە کەوتنە رێ و لە 23/کانونی دووەمدا لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانیی بەبێ بەرهەڵستی (وانکە- Wanka) گیرا. لە شەوی 23/کانونی دووەم، بەهەرحاڵ هێرشکرایە سەر بنکەی لیڤی. دوو پیاو کوژرا و رەشاشێك گیرا، بەڵام لە پاشاندا رەشاشەکەیان دەستکەوتەوە.

لە مانگی ئازاردا ئۆپەراسیۆنی رەواندوز دەستیپێکرد. هێزەکە بریتی بوو لە دوو سوپا، سوپای یەکەمیان بەناوی کۆیکلْ- Koicol، کە لە بنەڕەتدا پێکهاتبوو لە هێزی بریتانی بە رابەریی سەرهەنگی فەرماندە ڤینسنت- Colonel--B. Vincent Commandant، کە (خەڵاتی سانت مایکلْ و سانت جۆرج و خەڵاتی رێزلێنانی باز بەپلەی یاوەری وەرگرتووە) و سوپای دووەمیان بەناوی فرۆنتیەرکۆلْ- Frontiercol، کە بە تەواوی پێکهاتبوو لە لیڤیەکان بە رابەریی سەرهەنگ دۆبین- Dobbin Colonel، کە (خەڵاتی رێزی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە) و سەرهەنگی فەرماندەی لیڤیی عێراقە. بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی سێر جۆن سالمۆند- Sir John Salmond، سەرکردایەتی هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی دەکرد، کە خەڵاتەکانی (بازی شتایشی باڵا بە پلەی فەرماندەی سوارچاك، مەدالیای رێزی خزمەتگوزاری

هەڵكەوتوو، مەدالیای سانت مایکڵ و سانت جۆرج و مەدالیای شاژنە ڤیکتۆریای وەرگرتووە ).

نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکان گردکردنەوەی کۆیکڵ بوو لە کۆیسنجاق و فرۆنتیەرکۆڵ لە ئەربیل و ئینجا بەرەو رەواندوز بچنەپێشەوە. سوپای کۆیکڵ لە باشوورەوە بە بالیسیاندا دێن و سوپای فرۆنتیەرکۆڵ لە رۆژئاواوە بە شاخی سپیلك و دۆڵی رەواندوزدا. هەردوو سوپاکە راستەوخۆ لەلایەن چالاکی ئاسمانییەوە پشتیوانی دەکران.

لە 26/ئازاردا سەرهەنگی دووەم مینت- Lieut.-Colonel Minet لەگەڵ بەتالیۆنی چوارەمی لیڤیەکان و دەستەی پشتیوان و دوو کەرتەکەی رەشاشی ڤیکەرس لە موسڵەوە بۆ ئەربیل رێکەوتن. بەتالیۆنی دووەم لە 29/ئازار و بەتالیۆنی سێیەم لە 30/ئازار موسڵیان جێهێشت. فەرماندەی سوپاکە و کارمەندان بە رێگای ئاسمانییدا لە ئەربیل پەیوەندییان پێوەکردن.

هەموو سوپاکە، کە بریتی بوو لە هێزێکی: 25 ئەفسەر، 2482 پلەکانی تر و 378 ولاخ، لە 5/نیساندا لە ئەربیل کۆبوونەوە. کەشوهەوا زۆر نالەبار بوو، ولاتەکە پڕئاو بوو. بڕیاربوو لە 7/نیساندا بکەونە رێ، بەلام لەسەرەتادا بۆ 8/نیسان و دواتریش بۆ 10/نیسان دواخرا.

لە 10/نیسان سوپای فرۆنتیەرکۆڵ (ئەربیل)ی جێهێشت و گەیشتە بەستۆرە. لە 11/نیساندا بەرەو دێرا رێکەوتن و لە 12/نیسان بۆ قەلای دووین. لێرەدا بەهۆی بارانی زۆرەوە، تا 15/نیسان گیریانخوارد، شەوانە چەکە نیشانگرەکان- (تفەنگی قەناص) تەقەیان لە سەربازگەکە دەکرد. سوپاکە لە 15/نیساندا بەڕێکەوت و لە چیای هوراش پەڕییەوە، کە ولاخەکان لەناو لافاودا گرفتار بوون. لە 16/نیساندا گەیشتنە (سورێك) و بینیان کە کوردەکان شاخی سپیلکیان گرتووە. ئەفسەری ئۆپەراسیۆنی ئاسمانیی داوای لە فرۆنتیەرکۆڵ کرد بەرامبەر شاخی سپیلك بمێنێتەوە، تا کۆیکڵ بتوانێت ئەوەندە بچێتە پێشەوە، کە رێیان لێبگرێت. بۆ ئەو دەمە لەبەرئەوە فرۆنتیەرکۆڵ لەو

ئاستەدا مایەوە. بەتالیۆنی دووەم لەلای چەپی فرۆنتیەرکۆڵەوە لە کانی چیرگان- Chirgan بەرەنگاری کوردەکان بوونەوە و برێ تەقوتۆقی باش روویدا، بەڵام لیڤیەکان زیانیان لێنەکەوت. لە 17/نیسان سەرتیپ لیتڵدێڵ- Captain Littledale، کە لەگەڵ پۆلیسەکەیدا لە دەشتی حەریر بوون، لە باتاس بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و ژمارەیەکی کەم قوربانی هەبوو.

لە رۆژانی 17 و 18/نیساندا هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بۆردۆمانی شاخی سپیلکی کرد. کۆیکلڵ لە 19/نیساندا چالاکیەکی کرد و لە 20/نیساندا هێرشیکردە سەر دەربەندی بایجان. لە هەمان رۆژدا فرۆنتیەرکۆڵ شاخی سپیلکی گرت و بەرێکەوت بۆ قەرەچین. لە 21/نیسان لە کانی وتمان بوون. فەرمان درا رۆژی دوایی هێرش بکەنە سەر رەواندوز، بەڵام ئۆزدەمیر و تورکەکان لە شەوی 20/نیساندا ئەوێیان جێهێشت.

بۆ چوونەپێشەوە، سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke بەتالیۆنی سێیەمی برد و پەیوەندی کرد بە کۆیکلڵەوە، تیپێك لە بەتالیۆنی چوارەم چوونە سەر شاخی کۆرەك و لە 22/نیساندا رەواندوز گیرا. هانی کەرتەکان دەدرا بۆ گەران و لە 24/نیساندا راب- ترێما دانیەڵ ئیسماعیل دووچاری زیانێکی کەم هات و کوردێکی کوشت و دەستی گرت بەسەر هەندێ سەر رەشەوڵاخ و گوێدرێژدا.

سەرهەنگ دۆبین- Colonel Dobbin لەگەڵ فرۆنتیەرکۆڵ لە فەرماندەیدا لە رەواندوز مایەوە. ژەنەراڵ ڤنسنت- General Vincent لەگەڵ کۆیکلڵ رێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکەی سلێمانی. شوێنی خێوەتگەی هێزەکە لای نزیك رەواندوزی بۆ هەڵبژێرا و شوێنی نیشتنەوەی فرۆکەش لە دیانەدا نزیکەی سێ میلێك دوور دروستکرا. بەتالیۆنی چوارەم سەربازگەی کانی وتمانی بەکارهێنا. ئیدی تەواوی ساڵەکە بە رێکخستنەوە و کاروباری کارگێرییەوە سەرقاڵ بوون. هەروەها فەوجی دووەمی سوارە ئێستا گەراوەتەوە بۆ موسڵ. دوو تیپیش (زاخۆ)یان لە بەتالیۆنی دووەم وەرگرت، کاتێ ئەوان چوون بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی رەواندوزدا.

به گەیشتنی بەتالیۆنێك لە سەربازی عێراقی بۆ زاخۆ، فەوجی دووەمی سوارە (زاخۆ)یان رادەست کرد و لە 1/نیساندا گواستیانەوە بۆ فیشخاپور. لێرەدا تا نیوەی مانگی حوزەیران مانەوە و دوایی گەڕانەوە بۆ سەربازگەی تانك هیلّ- Tank Hill لە موسلّ، کە لەوێ کاتێکی زۆر خراپیان بەهۆی مەلاریاوە بەسەردەبرد.

بنکەی سەربازیی سوارە لە موسلّ پێکهێنرا و خرایە ژێر فەرمانی فەرماندەی بەرپرسی فەوجی دووەمی سوارەوە. بەتالیۆنی یەکەمی عەرەبی هۆرەکان لە ناسرییەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا، بەرپرسێتی پاسەوانێتی بارەگای مانەوەی نوێنەری دیبلۆماسی و پاسەوانێتی بارەگاکانی هێزی ئاسمانیی و هەروەها پاسەوانی وێستگەی شەمەندەفەری شەرگاتیان وەرگرت.

وردەکاریی سەربازگەی لیڤی، بەتەواوی کارمەندانەوە، کە هاتوون بین بە لیڤی، تا ئێستا بەیانکراوە و لە رۆژی 29/شوباتدا داخرا.

لەمیانەی مانگەکانی نیسان و مایسدا، فەوجەکانی دووەم و سێیەمی سوارە تێکەلّکران و بوون بە فەوجی دووەمی سوارە و لە موسلّەوە گواسترایەوە بۆ ئەربیل. هەروەها لە مانگی مایسدا، ئۆفیسی موچەی لیڤی لە بەغداوە گواسترایەوە و لە 26/مایس لە موسلّ کرایەوە.

رێکخستنی زیاتری لە مانگی حوزەیراندا بۆ کراوە، کاتێ هێلّی گواستنەوەی دووەم بۆ چوار بەتالیۆنی پیادە کۆکرایەوە و کرا بە تیپی گواستنەوەی ئاژەلّ بە رابەریی فەرماندەی بەرپرسی سوارەکان. ئەوە سەرکەوتووبووە و لەدوایدا لە تشرینی یەکەمدا پەسەندکرا. لە تەموزدا دەستکرا بە ناونووسکردنی ئیزیدیەکان بۆناو ریزەکانی لیڤی. پێشنیارکرا بۆ پێکهێنانی تیپێکی ئیزیدی، کە لە ئەنجامدا بەشێکی فەوجی یەکەمی سوارەی تایبەت پێکبهێنێت. ئەفسەرەکان، کە بڕیارە ناونووسکرێن، دەبێ یان ئاشووری یان ئیزیدی بن، بەلاّم نابێ موسلّمان بن، ئەویش لەبەر هۆکاری ناکۆکی ئایینی. ئەو نەخشانە کاری نەکرد، چونکە ئیزیدیەکان سەلماندیان، کە زۆر مەحالّە

مەشقیان پێبکرێت و زۆر گونجاو نین بۆ رێکوپێکردن، بەڵام لەبواری خزمەتکردنی ئاژەڵەکاندا باشن. لەدوایدا ژمارەیەکیان چوون بۆ یەکەم هێڵی گواستنەوەی بەتالیۆنی چوارەم و کاتێ چوونە دەرەوە بۆ رێپێوان، لەوێدا هەندێ کێشەیان نایەوە. ئیدی بەتالیۆنی چوارەم هەڵوەشایەوە و دەستبەرداری هەموو ئیزیدیەکان بوون.

دوای هەندێ تاقیکردنەوە ئەوەش ئاشکرابوو، کە کلدانیەکان وەك دەستوور سەربازی باشیان تێدا هەڵناکەوێت و وردە وردە دەستبەرداری ئەوانیش بوون.

لێرەدا باسکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم ساڵە تەواو بوو. فەوجی یەکەمی سوارە هەر زوو لە مانگی شوباتدا دەستیپێکرد، کاتێ تابورێك لە کەرکوکەوە چوو بۆ ئەو ناوچەیەی، کە جافەکان تێیدا هەواریان هەڵداوە، لە پێناوی چارەسەرێکی ئاشتیانە لەبارەی باجەکانەوە. ئەوەش بەسەرکەوتویی چارەسەرکرا.

# بەشی شەشەم

## 1924 -1923

ئەم ساڵ چالاكیەكانی شێخ مەحمود لە سلێمانی مەسەلەكانی گەیاندە چڵەپۆپە. لە مایسی 1923دا، بەهۆی نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ توركەكان، لەلایەن (ژەنەڕاڵ ڤینسنت)ەوە لە سلێمانی دەریانپەڕاند، ئەوەی، كە شوێنەكەی داگیركرد، بەڵام دواتر لە تەموزی 1923دا هێزی بریتانی بەجێیهێشت و ئەویش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

بەدرێژایی وەرزی زستان شێخ مەحمود لەوێ مایەوە، بەڵام لە مایسی 1924دا یاخیبوون و زوڵم و زۆری، لەرادە بەدەربوو، بۆیە مەندوبی سامی دوامۆڵەتی بۆ نارد، **لەسەر وەڵامێكی ناشیاو، كە بۆی ناردەوە، سلێمانی بۆردومانكرا.**

لە مانگی مایسدا مەسەلەیەك، كە زۆر جێی داخە روویدا، پێیدەوترا ئاژاوەكەی كەركوك، كە بیرەوەریەكەی تا ئێستاش لەیادی زۆر كەسدا ماوە.

پێویستە ئەوەمان لەیادبێت، كە ئاشووریەكان لە عێراقدا جەماوەریان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشی هەندێ لە تیرەكانیان بە دەیان سەدە لە ناوچەی (ساپنا)دا ژیاون و ئەوانی تر وەكو پیاوانی تیرەی باز و جیلو، بەزۆری هاتوون بۆ موسڵ و شارەكانی تر، بۆ كاركردن، وەك دەستوورێكی گشتی شاخاویەكانی هەكاری بەتەواوی بێگانەن.

ئیدی لە ساڵی 1918دا وەك پەناهەندە هاتن و كێشەیەكی سەختی دروستكرد. لەكاتیكدا، كە خۆیان وەك شاخاویەكان خۆشەویست نەبوون و كەچی بە سوكی دەیانڕوانیە دانیشتوانی شارو دەشتەكانی عێراق، لەبەرئەوەش ئەوەندەی تر بوغزێنراون و تا ئاستێكی دیاریكراو ئاشووری دەترسان. دەبێ ددان بەوەشدا بنێین، كە ئاشووریەكان خۆیان هەوڵیان نەداوە تا خۆشەویست بن، نەیاندەزانی ئەو مەسەلەیە

چۆن کارا بکەن. نەفرەت و بێزاریی سروشتی بەجیاوازی ئایینەکان بەرجەستە و بەردەوام دەبوو، ئیدی بارودۆخەکە پێویستی بە بیانوی دی نەبوو بۆ بەرپابوونی کێشە.
ئەوەی لە موسڵدا روویدا، لە مانگی ئابی 1923دا کێشەیەك لە بازاڕی گۆشت فرۆشەکاندا بەرپابوو، کە پەرەیسەند و یەکێ، یان دوو منداڵی ئاشووری تێیدا کوژرا. هیچ کەس لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ لێپرسینەوە بانگ نەکرا، کە ئەوەش ئاشووریەکانی زۆر بێزارکرد و باسی دەوڵەتی عێراقیان دەکرد بەوەی دادوەری پیادە ناکەن لە مەسەلەکەیاندا دژی موسڵمانەکان.
لە مانگی مایسی 1924دا بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق لە کەرکوك بوو، هەروەها خێزانەکانیشیان لەگەڵیاندا بوون. بەتالیۆنەکە خەریکی پێکهێنانی سەربازگەیەك بوو لە چەمچەماڵ بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی سلێمانی، لە 4/مایسدا تەنیا دوو تیپ و خێزانە ئاشووریەکان لە کەرکوکدا مابوونەوە.
گەر لەوەپێش برێکی دیاریکراو وتە وت لەناو خەڵکی شارەکە و ئاشووریەکاندا هەبووبێت، بە بینینی ئەوەی، کە بەشێکی زۆری بەتالیۆنەکە چوونەتە دەرەوە، ئیدی مەترسی بەرەنگاری ژنان و خێزانە ئاشووریەکان بووەوە، کاتێ، کە ئەوان رۆشتن. لە راستیدا بارودۆخەکە زۆر نالەبارە. زووربەی خەڵك لە شارەکەدا هاوسۆزن لەگەڵ (شێخ مەحمود)دا.
لە سەعات 9:30، لە رۆژی 4/مایس ئاژاوەیەك لە بازاڕدا هەبوو. سەربازێکی ئاشووری بە برینداری گەڕایەوە، دوای ناکۆکیەك لەبارەی نرخی شتێکەوە لە دوکانێکدا.
(راب خامشی بایجۆ) لەگەڵ پۆلیسی فەوجدا چوون لە بازاڕدا ئاشووریەکان گردکەنەوە. فەرمانیش درا، کە بەتالیۆنەکە ئەوەی ماوە لە ئامادەباشیدا بن، لەو شوێنەی لێین. سەرتیپ گرۆودن- Captain Growdon ئەفسەری پۆلیس، گەیشتە سەربازگەی لیڤی و لەگەڵ سەرتیپ کینگ- Captain P. P. King هەر یەکە و فەرماندەی یەکێ لەو

دوو تیپەیان دەکرد، کە لە کەرکوکدا مابوونەوە، هەردووکیان پێکەوە بەڕیز ڕۆیشتن. هەر کە گەیشتن، (ڕاب خامشی بایجۆ) و پۆلیسی فەوجەکە گەڕانەوە، دوو پیاوی بریندازی تریان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە و ڕایانگەیاند، کە بازاڕ پاکراوەتەوە. دوو پیاوە بریندارەکە وتیان ئەوان لەکاتی ناکۆکیەکەدا بە دارێکی قورس لە دواوە لێیاندراوە. هەروەها وتیان خەڵکی لە بازاڕدا پێیاندەوتین " ئێستا نیوەتان چووە بۆ چەمچەماڵ، ئێمە لە ئێوە ناترسین."

سەرتیپ کینگ- Captain P. P. King و سەرتیپ گرۆودن- Captain Growdon بۆ پیاوەکانی لە ریزی ئامادەباشیدابوون روونیانکردەوە، لەبەرئەوەی لەبازاردا کێشە هەیە، بۆیە ئەمڕۆ نابێ سنوور ببەزێنین. خاوەن دوکانەکان، کە هۆی ئاژاوەکەن، دەبێ بگیرێن و دادگایی بکرێن. هەروەها دەبێ بەتالیۆنەکە لە باشترین ئاستی هەڵسوکەوتدا بێت و نەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە. دەستەیەکی پۆلیس لەسەر پردەکە دادەنرێت. پیاوەکانی تر سکاڵاکانیان هێنابووە پێشەوە. گرۆودن و کینگ دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە و چوونە ناو سکاڵاکانەوە و ریزی نمایشکاران مەرەخەسکران.

لە کاتی جێهێشتنی مەیدانی نمایشەکە، پیاوەکان دەبووایە بەلای چایخانەیەکدا تێپەڕن. کوتوپڕ لە وەڵامی هەندێ توانج لەلایەن میللەتەوە لەناو چایخانەکەدا، ئاژاوەی لێکەوتەوە.

پیاوەکان هەڵیانکوتایە سەر شوێنەکە و کورسیەکانیان لەناو چایخانەکەدا لەسەری خەڵکەکەدا شکاند. ئینجا گورپێکی بچوکی دار بەدەست چوونە پێشەوە بۆ سەر پردەکە. سەرتیپ کینگ- Captain P. P. King لەگەڵ بایجۆ و گۆرگیس، ئەفسەرانی دانیشتوی ئەوێ، بەخێرایی بەرەو پردەکە چوون، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن پیاوەکان بوەستێنن و چاوشی پۆلیس بورجس لە بەشی پۆلیس، بۆ ئەو مەبەستە ئارەبانەیەکی ئامادەکرد.

دەستەکەی پۆلیس و ئەفسەرەکان هەوڵیان دا پیاوەکان ناچارکەن لە پردەکە بگەڕێنەوە، بەڵام هەندێك زووتر چووبوونە سەر پردەکە و لە بەرەکەی ترەوە تەقەیان لێدەکردن. ئەوە بڵاوەی پێکردن و ژمارەیەك زیان هەبوو. هەروەها دەستەکەی ئاشووریەکان لە بەری رۆژئاوای پردەکەوە کەوتنە ژێر تەقەوە. ژمارەیەك لە پیاوەکان لەگەڵ تفەنگ و تەقەمەنیەکانیان گەڕانەوە بۆ ریزەکانی خۆیان و تەقە لە هەموو لایەکەوە دەستیپێکرد.

سەرتیپ کینگ چەندی توانی لە پیاوەکانی دەستگیرکرد، بردنی بۆ قەڵای کەرکوك، لەوێ چەك کران و لە گەنجینەی هێزی سوارەدا خرانە ژێر چاودێریەوە.

لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك توانیان رێی خۆیان ببڕن و بە پردەکەدا بپەڕنەوە و دەستبگرن بەسەر خانویەکی بەرزی ناسراو بە خانوی تۆما، لەوێ لەسەربان پێگەی خۆیان وەرگرت، کە لەوانەیە لە قەڵای کەرکوکەوە بەدیبکرێن. سەرتیپ میلەر- A. T. Captain Miller پشکنەری کارگێڕیی کەرکوك، لەگەڵ سەرتیپ کینگ و گرۆودن، لە رێی بێتەلەوە پەیوەندییان بە سەرهەنگی فەرماندەوە کرد، کە لەگەڵ فەرماندەی ناوچەکەدایە لە بەغدا. ئەویش بە فڕۆکە هات، شوفێری زرێپۆشەکانیان بۆ نارد، پەیامێکیشیان نارد بۆ سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron لە چەمچەماڵ، و بروسکەش بۆ بەغدا کرا، کە چ کێشەیەك لە ئارادایە.

سەرتیپ فرای- Captain 0. M. Fry لە لیڤیی فڕۆکەخانە بوو، پەیامێکی پێگەیشت، کە دەستبەجێ بێت. ئەویش لەژێر تەقەی ماڵەکانی کەرکوکدا کەوتەڕێ، نزیکی پۆلیسخانە، بەسەر پردەکەدا بۆ ماڵی تۆما و دوای هەندێك لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵانی ئاشووری کۆبوونەوە. لەکۆتاییدا هەشتا ئاشوورییەکی پێکەوە گردکردەوە، کە سێ ئەفسەریشیان تێدابوو، ئیدی بردینیەوە بۆ ناو قەڵاکە، لە ماڵەکانی نزیك پۆلیسخانەکەوە تەقەیان لێدەکرا. تەقەکردن لە شارەکەدا بەردەوامە. لیڤیەکان زیانی پێنج کوژراو و حەوت بریندایان دا و کارمەندێکی مەدەنی عەرەبیش کوژراوە.

قوربانیەکانی خەڵکی کەرکوک بریتی بوو لە پەنجا کوژراو، هەروەها نزیکەی سەد پەناهەندەی مەسیحی لە قەڵاکەدا کۆکرانەوە و خواردەمەنییان بەسەردا دابەشکردن. دەوروبەری سەعات پێنجی ئێوارە شارەکە بێدەنگ بوو، لەو سەعاتەدا کەرتێك لە (فەوجی ئنیسکلین فوسیلیەرسی پاشایەتی)، کە (فەوجێکی سەربازی پیادەی ئایرشە) بە فڕۆکە گەیشتن و ئەرکی پاسەوانی و پۆلیسی دیدەوانیان گرتەدەست.

هەروەك بارودۆخەکە زیاتر قەیراناوی و هەستێکی زۆر تاڵ بوو، هەموو بەتالیۆنی ئاشووریەکان و خێزانەکانیشیان بەتەواوی چوونە دەرەوە و چوار میل دوور لە دەرەوەی شار هەڵیاندا. لەوێدا بە رابەریی سەرتیپ فرای- Captain Fry بۆ ماوەی رۆژێك مانەوە، ئینجا دوای کۆکردنەوەی هەندێ ئامرازی گواستنەوە، ئەوەندەی دەستیانکەوت، لە رێگای عارەبانە و ئاژەڵەکانەوە ماوەی دوورییەکی کورتیان بەرەو چەمچەماڵ بڕی. سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron لە 6/مایسدا کەرکوکی جێهێشت، فەرماندەی تابورەکەی گرتەدەست و دەستیکرد بە رۆشتن بۆ چەمچەماڵ.

تابورەکە بریتی بوو لە 23 پیاوی پیر، 404 ژن و 172 منداڵ، بە هاوڕێیەتی دوو تیپ. لە 6/مایس گەیشتنە چیمەنی بچوك و لە 7/مایس گەیشتنە قەرەهەنجیر. لەوێدا لە سەعات شەشی ئێوارەدا، کوردەکان پەلاماری یەکێ لە دەستەکانیان دا، بەڵام ناچاریانکردن هەڵبێن و یەکێکیان بینی هەڵیانگرتبوو.

لە رۆژی دوایدا تابورەکە لە سەعات 8:30 دەستی بە رۆشتن کرد، کوردەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنا و بەردەوام تەقەیان لە تابورەکە دەکرد، تا ماوەی سێ میل لە چەمچەماڵەوە دوور. زیانی تابورەکە، کوژراوێك و یەکێکیش بێ سەروشوێن بوو. کوردەکان بە فڕۆکە تەقەیان لێدەکرا و لە خاڵێکدا ئاشووریەکان سەرکەوتنیان بەدەست هینا بۆ داخستنی بنکەکان و زیانی ژمارەیەك قوربانیان دا، 15 کوژراو گواسترایەوە بۆ کەرکوك.

له ئێستادا بەتالیۆنەکە لە چەمچەماڵدا ماوەتەوە.
ئەنجامی ئەم مەسەلەیە دادگایەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ئامادەکرا. دوای ئەوە سێ ئەفسەر و دوانزە پیاو دەستگیرکران، بەڵام دوای دادگاییەکە، سێ ئەفسەرەکە و دوو پیاو، دەرکەوت بێتاوان بوون و نۆ کەسەکەی تر تاوانبارکران و خرانە بەندیخانەی بەغداوە.
کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە بێ چەکە، ناکرێ لێیگەڕێیت بەبێ سزایەکی توند هەروا تێپەڕێت، بەڵام ئاشکرا بوو، کە ئاشووریەکان هۆیەکی گەورەن لە بێزارکردن و بوون بە ئاگری هەڵگیرسانی سەرگەرمی ئەو خەڵکە، تا ئەوە بکەن، کە کردیان.
سێر هێنری دوبس- Sir Henry Dobbs ، مەندوبی سامی، بەڵێنیدا کێشەی ئەو پیاوانەی دەرکەوت تاوانبارن، دەبێ لە ماوەی نۆ مانگدا چاوی پیابخشێنرێتەوە. دوای کارە چاکەکەی بەتالیۆنی دووەم لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی شێخ مەحمود لە 1925دا، سکاڵانامەی ئازادکردنیان خراوەتە سەرەوە، دیسانەوە لە 16/کانونی دووەم/1926دا جارێکی تریش خرایەوە سەرەوە، لە کۆتایی رێکەوتنەکانی سنوور لەگەڵ تورکیادا و دووبارە لە 15/نیسان/1926دا سەرەك وەزیران، عەبدلموحسین بەگ، خودی خۆی لەو مەسەلەیە چووەپێشەوە.
ئیدی حوکومەتی عێراقی بڕیاری ئازادکردنی دان، لە 5/کانونی دووەمدا گەیشتنە موسڵ و راستەوخۆ چوون بۆ (مای)، کە بە فەرمانی حوکومەتی عێراق چوون لەوێ بژین. لە کۆتاییدا ئەو وابەستەیە لە کارخرا و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.
سەرتیپ فرای- Captain Fry لە پاداشتی ئەو هەڵوێستە مەردانەیەی لەمیانەی ئەو قۆناغە پڕ ئاژاوەیەدا هەیبوو، خەڵاتی خاچی سەربازیی وەرگرت.
لەگەڵ ئەوەی، کە کارەساتەکان ئێستا رابردوویەکی درێژە و لەلایەن حوکومەتی عێراقیەوە کۆتایی پێهێنراوە و زیندانیەکان ئازادکراون، هەروەها لەلایەن (دەیڤد دمار شەمعون)ەوە، سوپاسگوزاری بۆ مەلك، مەندوبی سامی و سەرەك وەزیران نوسراوە بۆ

بەخشندەییان، کەچی هێشتا لە کەرکوك هەڵچوونەکان یاد دەکرێتە، کارەساتی بچوك جار جارە روودەدا و هێشتا لەوێ ئەگەری کێشە هەر هەیە.

لە مانگی تەموزدا دوای بۆمبابارانی سلێمانی بڕیاردرابوو، کە شوێنەکە دەبێ داگیرکرێت و یاسا و دەستووری تێدا پیادەکرێت و سوپای عێراقی بە یارمەتی لیڤیەکان، هێزی ئاسمانیی پاشایەتی و زریپۆشەکان دەبێت ئۆپەراسیۆنەکە جێبەجێ بکەن.

لە 15/تەموزدا بەتالیۆنی دووەم (جگە لە دوو تیپ و بەشی چەکی رەشاش) کەوتنەڕێ بۆ سەربازگەکەی، کە سێ میل باشووری رۆژئاوای دەربەندی بازیانە، زریپۆشەکان گەیشتنە چەمچەماڵ. لە 16/تەموزدا دەربەندەکە گیراو کەرتەکان دامەزران، زریپۆشەکان ماوەیەکی کورت روشتن، پارێزگاری رێگا چاکردنەکەیان دەکرد، کە لەلایەن کۆمەڵێك کارگوزارانی سەرتیپ- Captain ماکای لویس- McKay Lewis تیپی (أ)ەوە خەریکی کارکردن بوون. ئەوەش بۆ ئەوە بوو رێگاکە والێبکەن ئامێرە پێچکەدارەکانی بەسەردا بڕوات.

بەتالیۆنەکە لە کانی شەیتان حەسەن هەڵیدا. تابورەکەی سەربازی عێراقی بە رابەریی سەرهەنگ- Colonel عەلی رەزا، لە 17/تەموزدا پەیوەندیکرد بە سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron و تابوری لیڤیەکان لە کانی شەیتان حەسەن. فرۆکە سوسەکەرەکان إستطلاع بەسەر دەربەندی تاسڵوجەدا دەسوڕانەوە.

لە 18/تەموزدا، چوونەپێشەوە بۆسەر دەربەندی تاسڵوجە بەردەوام بوو. زریپۆشەکان رویانتێکرد، لەگەڵ کۆمەڵە لیڤیە کارگەرەکانی رێگاکە. بە گەیشتنی دەربەندەکە لیڤیەکان چوون بۆ هەردوو بەرەکەی و کەرتەکان دابەشکران. سوپای سەربازانی عێراقی چوونە ناوەوە و لە خاڵێکدا هەڵیاندا، سێ میل بەدرێژی ریگای سلێمانی. لە شەودا درانە بەر گوللەی نیشانگرەکان- قەناص و ئیدی تەقەی تفەنگ و رەشاش و هاوەن لە هەموو لایەکەوە دەستیپێکرد.

رۆژی دوایی سوپای عێراقی و زرێپۆشەکان بەرەو سلێمانی رۆشتن و دەستیان بەسەردا گرت. شێخ مەحمود بۆ بەرزنجە کشایەوە و بەتالیۆنی دووەم گەڕایەوە بۆ چەمچەماڵ.

لەمیانەی ئۆپەراسیۆنەکاندا، فەوجی دووەمی سوارەی لیڤی پارێزگاری و پاسەوانی ئەو کەلوپەلانەی دەکرد، کە دەگەیشتە سوپای عێراقی.

ئیدی لە گرتنی سلێمانیەوە، ئۆپەراسیۆنەکان دژی شێخ مەحمود دەستیپێکرد، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو.

لە مانگی ئابدا، سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron سوپایەکی لە چەمچەماڵەوە برد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گوندەکانی تەیناڵی لای ئەڵایی و باخ، کە هەردووکیان بەشداری یاخیبوونەکەی (شێخ مەحمود)یان کردووە و دووەمیان بارەگایەکی دڵخوازی کەریم فەتاح بەگ بوو.

سوپاکە بریتی بوو لە:-

دوو تیپی سوارەی سوپای عێراق،

بارەگا و دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق،

بەشێکی چەکی رەشاشی لیڤیی عێراق.

ئەو سوپایە لە 21/ئابدا تاسڵوجەی جێهێشت و دوو گوندەکەی لە 23/ئابدا سوتاند. تەنیا بەرەنگاربوونەوەیەك لەلایەن تاقمێکی بچوکی چەکە نیشانگرەکانەوە، کە تەقەیان لە (دیدەوانەکانی- دوریە) سەربازی سوارەی عێراقی دەکرد، هێرشیان بۆ کردن و یەکێکیان کوژرا و ئەوی دی بە دیلگیرا و هەردوو تفەنگەکانیان هێنان.

ئەم سوپایە لە 25/ئابدا گەڕایەوە بۆ چەمچەماڵ.

تیپێکی بەتالیۆنی دووەم، لە جێگای تیپێکی سوپای عێراقی، لە دەست بەسەراگرتنی دەربەندی تاسڵوجەدا مایەوە، کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی نزیك سلێمانی داواکرابوو.

لە 22/ئەیلولدا گەڕایەوە بۆ چەمچەماڵ. سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Cameron Lieut.-Colonel پێش وەخت بە کردەوە شوێنی بەرگریەکانی ئەو دەربەندەی

هەڵبژاردبوو، کە لەمەودوا لەلایەن یەك تیپی سوپای عێراقیەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

لە کاتێکدا ئەو ئۆپەراسیۆنانە لەگەڕدابوون، مەندوبی سامی داوای ڕێپێوانی خۆپێشاندانێکی کرد بەرەو سنووری وڵاتی فارس لەدەوروبەری پشتاشان. ئەو نەخشەیە لەلایەن تیپەکانی بەتالیۆنی چوارەمەوە لە کانی وتمانەوە جێبەجێکرا.

خاڵی گرنگیپێدان ئێستا بۆ باکور دەگۆڕێت. بۆ هەندێ کات ئاشووریەکان، بەتایبەتی خێڵەکان لە تخوما و تیاری باڵاوە، زۆر بە هێواشی خۆیان دەدزییەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان لەسەر سنووری تورکیا.

ئەم سنوورە هێشتا نەناسراوە و دوو ئەفسەری لیڤی پێشتر سەردانی خەڵکیان لە ماڵەکانی خۆیاندا لە تیاری باڵا و تخومادا کردووە.

جارێکیان لە مانگی ئابدا والی تورکیا لە جۆلەمێرگەوە گەشتێکی کرد بۆ هەکاری و لەگەڵ ئاشووریەکاندا کەوتنە ناکۆکیەوە. هەندێ تەقەکرا و باروبنەی والی دەستی بەسەردا گیرا.

ئەوە سەرنجی حوکومەتی تورکی بەو ڕێگایەدا وەرچەرخاند و خۆیان سازکرد بۆ هەڵوێست وەرگرتن.

لە 13/ئەیلولدا، هێزێکی تورکی کوتوپڕ لە ڕووباری هیزل پەڕییەوە و لەوەدەچوو زاخۆ بترسێنێت. ڕۆژی دوایی چالاکی ئاسمانیی دژیان کرا.

لە 15/ئەیلولدا، تورکەکان هێرشیانکردە سەر بەرسیڤی، کە تەنیا نۆ میل لە باکوری ڕۆژهەڵاتی (زاخۆ)وە دوورە. بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانی، سەرهەنگی فەرماندە دۆبین- Colonel-Commandant -H. T. Dobbin-ی دانا بە فەرماندەی موسڵ و زاخۆ و ئامێدی.

لە ئامێدی:-

یەك تیپی بەتالیۆنی سێیەمی لیڤی،

یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەمی لیڤی،
یەك کەرتی چەکی ڕەشاش.
سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke، فەرماندەی بەرپرسی بەتالیۆنی سێیەم، بە ڕێکەوت بۆ پشکنین چوو بۆ ئەوێ و فەرمانڕەوایی گرتەدەست. بەر لەوەخت دەنگۆی هاتنە پێشەوەی تورکی هەبووە و مار یۆیالە، سەرۆکی قەشەکانی دۆرە ڕایگەیاند لە نزیك ئەشیتا- Ashita تەقەکردن لە ئارادایە و تۆپیش دەتەقێنرێت. بارك- Barke دوو کەرتی بە ڕابەریی (ئەفسەر هارت)ی سەربە بەتالیۆنی چوارەم نارد بۆ عەین دینونی.
لە 17/ئەیلولدا، بارك- Barke لەگەڵ باقی هێزەکە چووە پێشەوە بۆ عەین دینونی، جگە لە دوو کەرت، کە لە ئامێدیدا مایەوە.
لە هەمان ڕۆژدا، تورکەکان لە خاپور نزیك بە مەرگە پەڕینەوە و سوسەکەرێکی ئاسمانیی لە پۆلی 55، لە موسڵەوە خرابووەگەڕ، کە لە ڕۆژهەڵاتی (چیلیك- Chellek)ەوە تەقەی لێدەکرا.
تا ڕادەیەك ژمارەیەك لە نادەستووریەکانی ئاشووری لە عەین دینونی بوون و ئامادەبوون بۆ بەرەنگاری تورکەکان. یەکەم پەرۆشبوونی ئەو خەڵکانە، بەهەرحاڵ، سەلامەتی خێزانەکانیان بووە و (عەین دینونی)یان جێهێشت و لەگەڵیاندا بۆ بێبادی گەڕانەوە. ئەوەش سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke و هێزە بچوکەکەی بە دابڕاوی لە قۆڵی لای چەپی بەرەکانی جەنگدا هێشتەوە. دواتر فەرمانێکی بۆ هات، کە ڕێگە ڕۆشتنی یەك ڕۆژ زیاتر لە (عەین دینونی)ەوە نەڕوات.
یەکێ لە هەرە گومان لێکراوەکان لە ناوچەکەدا، (حاجی ڕەشد بەگ)ی سەرۆکی کوردەکانی بەرواری باڵا بوو. ئەو لە 1919 و 1920دا لەگەڵ حوکومەتدا جەنگاوە و لەو بڕوایەدان لایەنگیری تورکیایە. سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.- Barke Colonel لە 18/ئەیلولدا چوو بۆ بێناوی و پەیامێکی بۆ (حاجی ڕەشید) نارد تا بێت

بۆ دیدەنی. (حاجی رەشید بەگ) وەڵامیدایەوە، کە نەخۆشە و ناتوانێ ئامادەبێت، بەهانەکەشی لەوانەیە راست نەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوە نەبوو، چونکە زۆر گومان لێکراوبوو. کۆمەڵێکی حەفتا ئاشووری نادەستووری بە رابەری رەئیس ئایسکاریە لەو رۆژەدا پەیوەندیکرد بە (بارك- Barke)ەوە.

لە 19/ئەیلولدا بروسکەیەك لە ئەستەنبوڵەوە گەیشت، کە دەڵێت بۆ ئەو هێرشەی کرایە سەر والی جۆلەمێرگ، پۆلیسی تورکی دژی رێگرەکان هەڵوێست وەردەگرێت. دواتر ئەوە سەلمێنرا، کە ئەوەی ناردبوویان زیاتر بوو لەوەی پۆلیس بەکاری دەهێنا. بارك- Barke سوپاکەی برد بۆ عەین دینونی، ئایسکاریە و حەفتا پیاوەکەشی بۆ پارێزگاریکردن لە بێناوی هێشتەوە.

پۆلی 55، تورکەکانیان لە (هەوریس) بۆمباباران کرد، بەڵام تورکەکان (ئاشیتا)یان گرت و پەناهەندەکان هاتن بۆ عەین دینونی لەسەر بروسکەی شیکردنەوەی بارودۆخەکە لەلایەن (بارك- Barke)ەوە. فەرماندرا دوو تیپی زیاتر لە بەتالیۆنی سێیەمەوە لە بارەگای سەرەکی لیڤی لە دیانەوە بچێت بۆ ئامێدی و لە 20/ئەیلولدا فەرماندرا تیپێك لە بەتالیۆنی چوارەمەوە شوێنەکەی پڕبکاتەوە. دوو کەرتیش لە بەتالیۆنی سێیەمەوە بە رابەریی سەرتیپ مودی- Captain Moody فەرمانی پێدرابوو، لە موسڵەوە بچێت بۆ دهۆك. داگیرکردنی ئاشیتا بووە هۆی کشانەوەی زووربەی ئاشووریەکان لە وڵاتی خۆیان، ژمارەیەك لە سەرەك خێڵ و ئەوانی تر ئێستا لە (عەین دینونی)ن. بارك- Barke چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرەك خێڵەکان کرد و رازیکردن بەوەی دەستەکان بەرەو ئاشیتا بڕۆن و دوژمن بکەنە دەرەوە، بە یارمەتی دوو کەرتی لیڤیەکان و بە رابەریی ئەفسەر هارت- Lieut. R. Hart. رەئیس ئایسکاریە و حەفتا پیاوە نادەستووریەکەی، هێشتا (بێناوی)یان بە دەستەوەیە لەلای چەپی سەرهەنگ بارك- Colonel Barke-ەوە. کۆمەڵەکان هێشتا شاخی زاوێتە، دەشت، ئەدەن و گەلی سارهارا-یان گرتووە. مالك خۆشابا هێشتا لە (لیزا)یە. شەماشا یۆنان

رایگەیاند، کە چواردەوری بە تورکەکان گیراوە و لە شاخی والتۆیە و سەد پیاویشی لەگەڵە. ئەو فرۆکەیەی بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە دووچاری تۆپ و گوللەبارانی تفەنگ دەبوو، کارێکی باشی کرد بۆردومانی کرد و توانای دایەوە بە ئاشووریەکان بۆ گرتنی گوندی زاوێتە. لە سەعات 01:30، لە 21/ئەیلولدا ئاگادارکردنەوەیەکی لە لایەن مار یۆئەلاّیای سەرۆکی قەشەی بەروارییەوە بۆ هات، بۆ ئەوەی پێیبلێت نادەستووریەکان، جگە لە رەئیس ئایسکاریە و حەفتا پیاوەکەی، لە بێناوی- Benawi رۆشتوون. فەرمانەکانی ئەویش بۆ خۆڕاگرتن بوو، بەلاّم نەك بۆ پەیوەندی نەمان و لە رۆشنایی ئەو فەرمانە و راپۆرتەکەی حاجی رەشید بەگ، کە بە دڵنیاییەوە دوژمنانە بوو، ئەو لە سەعات 14:30دا گەڕایەوە بۆ بێبادی، دوای ئەوەی فەرمانی نارد بۆ ئایسکاریە تا بێناوی لە سەعات 13:00دا جێبهێڵێت، هەروەها فرمانی نارد بۆ فەرماندەی فەوج لە بێبادی بۆ ناردنی دەستەیەك کە لەسەر (سەرێ ئامێدی) دامەزرێت.

دوو دەستە لە بەتالیۆنی سێیەم لەلایەن بارەگای سەرەکی لیڤیەوە فەرمانیان بۆ هات تا بچن بۆ دهۆك.

لە 22/ئەیلولدا، هێزی پیشتیوانی لیڤی بە هاوڕێیەتی هێزێکی سوارەی یەکەمی لیڤی فەرمانیان پێدرا بەرەو ئامێدی دەستپێبکەن،. سەرهەنگ بارك- Barke فەرمانیدا بەردەوام بن لە گرتنی سەرێ ئامێدی و داوای لە مالکەکانی ئاشووریەکان کرد لەگەڵ چەند پیاویان لە توانادایە کۆیبکەنەوە و پەیوەندی بەمەوە بکەن.

دوو دەستە لە بەتالیۆنی چوارەم وەك پارێزگاری ئەو قۆڵە نێررا بۆ (ئەرادین)، لەوێ ئیسلام یان کورد کۆمەڵی سەرەوەی گوندەکەن، کە هەندێ ناکۆکی کەمیان هەبوو. لە موسڵەوە فەرمان بۆ سەرتیپ مودی و دوو دەستە لە بەتالیۆنی سێیەم دەرچوو، کە لە دهۆکەوە بچن بۆ ئامێدی.

سوسەکردنێك لە ناوچەی بەروار لە 23/ئەیلولدا دەریخست، کە گوندەکان لەو ناوچەیەدا سوتاون. سوپایەکی لیڤی، کە بریتیە لە دوو تیپ لە دیانەوە، بە رابەریی سەرتیپ وات- Captain J. 0. Watt، ئەو رۆژە گەیشتنە رێزان. رۆژی دوای رید- Reed ئەفسەری فڕۆکەوان، کە ئەم جارەیان وەك ئەفسەری زانیاری رۆڵ دەبینێت، لەگەڵ خانمی سورمە، کە 400 پیاوی هەیە پەیوەندییانکرد بە (بارك- Barke)ەوە.

خانمی سورمە وەك بزوێنەری گیانی راپەڕین، هاواری دەکرد بۆ مالکەکان و ئاشووریەکانی تر، تا راپەڕن و بەرەوپێش بچن بۆ چالاکی دژی تورکەکان. کە لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە و خەڵاتی ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانیشی وەرگرتووە. مەخفەرێکی بچوك لە (هەیاس- Hayas) بنیات نرا، کە پێکهاتبوو لە لیڤی و پۆلیس و نادەستووریەکان. (دیدەوانان- دوریە) لەم مەخفەرەوە بەرەنگاری تورکەکان بوونەوە و دوو پۆلیس لە ریزی ونبووانن.

لە 25/ئەیلولدا سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke لە (سەرێ ئامێدی)ەوە هاتەپێشەوە.

نادەستووریەکان کران بە سێ تابورەوە و دوو دەستەی بەتالیۆنی سێیەمیان تێکەڵکردن، بۆ ئەوەی سەرسەخت و توندوتیژبن و هەمووشیان خرانە ژێر فەرمانەدەی ئەفسەر هارت- Lieut. R. Hart و سەردەستەی یەکەمی فەوج ماکگرێگۆر-MacGregor A.ەوە. سەرۆکی قەشەکان مار یۆئەڵڵاها جبەی قەشەیەتی خۆی دا بە یاریدەدەرەکەی خۆی و لەگەڵ نادەستووریەکاندا کەوتەرێ. ئەم هێزە چوونە سەر عەین دینونی و ئاگریانکردەوە وەك ئەوەی، کە پێشڕەوتن بۆ پێشاندانی چوونەپێشەوەی خۆیان. بەناو (هەیاس)دا رۆشتن، کە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە، توانیان بۆ دواوە پاشەکشەیان پێبکەن و لە شەودا هەر یەکە لە بێناوی و مای و عەین دینونی بگرنەوە، لەگەڵ زیانی یەك کوژراو و دوو برینداردا. بارك- Barke بارەگای سەرەکی خۆی لە عەین دینونی دامەزراند. دوو هەزار پەناهەندە لە ساپنا، کە خواردنیان نەبوو، بووە

هۆی نانەوەی هەندێ کێشەی تالآنی لەناو گوندەکانی دەوروبەری سوارەتوکەدا، بۆیە دەبێ خواردنیان بۆ پەیدابکرێت. 26/ئەیلول بارودۆخەکە ئارام بووەوە. لە 27/ئەیلولدا سەرتیپ مودی- Captain Moody لەگەڵ دوو کەرتدا لە موسڵەوە گەیشتن، هەروەها تابورێکی دوو تیپی لە دیانەوە بە رابەریی سەرتیپ وات- Captain Watt و سەرتیپ مۆڵدینگ-Captain J. Moulding**.** راستەوخۆ هێڵی پیشەوەیان لە نادەستووریە دامەزراوەکان وەرگرت، کە ئێستا خراونەتە بەرەی پشتیوانیەوە.

لیڤیەکان و نادەستووریەکان بەردەوامن لە گرتنی ئەو هێڵە. هێشتا پەناهەندەکان بەردەوام دێنە ناوەوە. لە 1/تشرینی یەکەمدا سەرەك خێڵی باز و 60 پیاو لە دهۆکەوە گەیشتن و لە 4/تشرینی یەکەمدا، سێ پیاو و یەك ژن لە (داراوا- Darawa) لەسەر (شاخی والتۆ)ەوە هاتن. پۆلی 55 بەردەوام لە نزیکەوە سوسەی تورکەکانی دەکرد و دووچاری تەقەلێکردن دەبوون و لە 3 و4/تشرینی یەکەمدا لە ئاشیتا بۆردومانی تورکەکانیان کرد. لە 2‌3/تشرینی یەکەمدا هێزەکەی بارك- Barke بەرەنگارییەکی بچوکیان هەبوو لە (بەیدو- Beidu). دیلەکانی تورك درانە قایمقامی ئامێدی و هەروەها حاجی رەشید بەگ، کە کاتی خۆی گیرابوو بەهۆی ئەو رۆڵەی لە مەسەلەکەدا گێڕابووی. تورکەکان لە 5/تشرینی یەکەمدا (چاڵ- Chal) یان گرت. لە 8/تشرینی یەکەمدا سەرتیپ بادیلەی- Captain Baddiley تێبینی ئەوەی کرد، کە بەرزایی زاوێتە نەگیراوە و لەگەڵ دوو دەستەدا چوون ئەوێشیان گرت. ئیدی بۆی دەرکەوت، کە ئاوی نیە، بۆیە گەڕایەوە بۆ هێڵە کۆنەکە، هەرچەند برینداریێکیشی دا. لە هەمان رۆژدا تورکەکان پیاوەکانی (تیاری)یان لە (نارامیك- Naramik) وەدەرنا و دەستیان بەسەرداگرت.

بەم جۆرە لە 11/تشرینی یەکەمدا کۆتایی بەم مەسەلەیە هات، سەرتیپ بادیلەی- Captain Baddiley لەگەڵ بروسکەیەکی مەندوبی سامی چوو بۆ لای بەرپرسی تورك لە ئۆرا، لە میانەی هێڵەکانی تورکدا رێی پێدرا تا ئۆرا بڕوات، کاتێ ئەو نامەکەی

خۆی دەگەیاندە دەست ئەفسەرێکی لاو، کە وتی فەرمانم پێیە، کە نەهێڵم لەوە زیاتر بێیت. لەمەودوا ئاگربەستە، جگە لە شەڕی نێوان پۆلیس و تورکەکان لە (چەلەك- Chellek)، کە تورکەکان زیانی یەك کوژراو و هەشت دیلیان لەو ئاشووریانە دا، کە لە تورکیادا دەژیان. کاتێ ئەم مەسەلەیە دەستیپێکرد، شاماشا یۆنان بە کاریگەری برینداریەکەی، کە لە 25/تشرینی یەکەمدا لە شاخی والتۆ پێکرابوو، کۆچی دوایی کرد. ئەو شەڕێکی زۆر ئازایانەی دژی تورکەکان دەکرد.

لە پێشبینی کێشەکاندا ئازوقەی لە ئەشکەوتێکی سەر شاخی والتۆ قایم کردووە، کاتێ باقی تیاری بالاّ جێیانهێشت، ئەو لەگەڵ حەفتا پیاو و هەندێ ژن و منداڵدا مانەوە. بێبەختانە ئاو تەنیا لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە هەبوو، تفەنگ و رەشاشەکانی تورکەکان بەسەریدا زاڵ بوون. هەرچەند بانگیان دەکرد، کە خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو. کاتێ کاروبارەکە بەرەو نائومێدی دەچوو، بڕیاریان دا بەشەو لە ئەشکەوتەکە بچنە دەرەوە و بڕۆن. لە هەمان کاتیشدا نادەستووریەکانی کە لەگەڵ بارك- Barke بوون، داوایانکرد لیڤی لەگەڵیاندا بچن و شاماشا یۆنان رزگاربکەن. بارك- Barke وەڵامی دایەوە، کە لیڤیەکان ناتوانن بە بەرگی فەرمی سەربازییەوە بچنە ناو تورکیاوە. بۆیە تاقمێك نادەستووری سنووریان بەزاند، پەیوەندییانکرد بە شاماشا یۆنانەوە و خۆی و ئەوانەی لەگەڵیابوون هێنانیانەوە، لە ئەشکەوتەکەشدا 4 پیاو و 24 ژن دەستگیرکران و ناردیانن بۆ جۆلەمێرگ.

ئیدی دەستەی پشتیوانی لیڤی و بارەگاکانی چەکی رەشاشەکان بۆ موسڵ گەڕایەوە، لە 21/تشرینی دووەمدا جێیانهێشت و لەهەمان رۆژدا تیپەکەی بەتالیۆنی چوارەم چوو بۆ کانی وتمان. دوو تیپەکەی بەتالیۆنی سێیەم لەگەڵ بەشێك لە رەشاشەکان رۆشت بۆ بێبادی و ئەوەش لەگەڵ یەکەیەکی بێتەل لەگەڵ کەسانێك لە هێزی ئاسمانیی پاشایەتی سەربازگەیەکیان لە بێبادی پێکهێنا بۆ وەرزی زستان. دوو دەستەش بە رابەریی یۆخەننا نورییا لە عەین دینونی بۆ وەرزی زستان مانەوە.

ئەم مەسەلەیە لەوانەیە سەرکەوتوترین تاقیکردنەوە بووبێ بۆ ڕێکخستنی لیڤیی ئاشووری، کە بتوانرێت بۆیان دابینبکرێت. لەوانەیە بتوانن ماڵەکانیان ببینن ئاگری تێبەربووە و بە دڵنیاییەوە ناتوانن بزانن خزم و خێزانەکانیان سەلامەتن. بەڵام فەرمانی ئەفسەرانی بریتانیایان بەبێ هیچ مەرجێك جێبەجێکردووە. ئەم خاڵە بە تەواوی خراوەتە ڕوو لە ڕاپۆرتی مەندوبی سامیدا لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانەوە.

ئەمانەی لای خوارەوە ئاماژەی تایبەتیان پێکراوە بۆ چالاکیەکانیان لەم ئۆپەراسیۆنەدا. سەرتیپ وات- Captain - J. 0. Watt، ئەفسەر هارت- Lieut. R. Hart، ئەفسەر بادیلەی- Lieut. P. J. T. Baddiley و ئەفسەر بۆڕن- Lieut. J. R. Bourne، سەردەستەی دووەم ئیدواردس- H. J. Edwards، کە (مەدالیای ڕەوشتی بەرزی وەرگرتووە) و سەردەستەی دووەم ریچیس- E. H. Riches. ڕاب ئیما شاین گۆرگیس و ڕاب- خەماشی زیاگۆرگیس و ئیبراهیم ئەفەندی، فەرماندەی پۆلیس لە عەین دینونی و وەك لەوەپێشیش هێما بۆ ناوەکەی کراوە، هەروەها خانمی سورمە دیبێیت مار شەمعون. لە ماوەی 1924دا سێ ئەفسەر، سەرتیپ- Captain ماکویمنیە- W. McWhimnie و سەرتیپ- Captain ئێم. هەمەوەند، کە (مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە) و سەرتیپ- Captain بۆیس- H. E. Bois، هەروەها سەردەستەی دووەم داوسن، کە بەهۆی ئەو نەخۆشیەی لە وڵاتەکەدا بڵاوبووبۆوە کۆچی دوایی کرد.

# بەشی حەوتەم

## 1925

ساڵی 1925، بوو بە ساڵێکی پڕ لە چالاکی بۆ لیڤیەکان. بارودۆخی یەکەکان لەسەرەتای ساڵەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:-

فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی □ ئەربیل.

فەوجی دووەمی سوارەی لیڤی □ کەرکوك.

بەتالیۆنی یەکەمی عەرەبی هۆرەکان- بەغدا، لەگەڵ یەك تیپ لە شەرگات.

بەتالیۆنی دووەمی ئاشووریەکان- چەمچەماڵ، یەك تیپ لە کۆیسنجاق.

بەتالیۆنی سێیەمی ئاشووریەکان- ئاکرێ، لەگەڵ دوو تیپ لە بێبادی.

بەتالیۆنی چوارەمی ئاشووریەکان- کانی وتمان، یەك تیپ لە رەواندوز.

بارەگاکانی لیڤی، دەستەی پشتیوانی، یەکەی فریاگوزاری، ئەمبار، گواستنەوە و جبەخانە، هەمووی لە موسڵ بوو. بارەگاکانی تیپی چەکی رەشاش لە موسڵ لەگەڵ بەشەکانی لە بێبادی، چەمچەماڵ و کانی وتمان.

زستانی 1924- 1925 زستانێکی گران بوو لە عێراقدا و سەرما زۆر لە ئاژەڵەکانی کوشت، ئەوانەی لە کاردا بوون و ئەوانەشی لە تەویلەکاندا وەك یەدەك خزمەت دەکران. هەروەها بەروبوومیش بەهۆی درێژی وەرزی زستانەوە، درەنگتر هاتەبەرهەم و کوللەش، کە ئەو ساڵە زۆر سەخت بوو، هەر شینایییەك لە زەویدا سەری دەربهێنایە کوللە تێیدەدا، لە ئەنجامدا خەڵکی دووچاری نەهامەتی و برسێتی هات و نرخی دانەوێڵە زۆر بەرزبووەوە، ئیدی لەم حاڵەتەدا کاری کردە سەر خەڵکی و کەوتنە سەر

ڕێگاکان بۆ ڕێگری و پەیوەندیکردن بە گروپە جەردە و یاخیبووەکانی شێخ مەحمود و هەوادارانیەوە.

سلێمانی چەقی سەرەکی پەیوەندیدار بوو. شەڕوشۆڕ لەوێ زوو دەستییپێکرد، لە ڕاستیدا بارودۆخەکە بەدرێژای زستان نەوەستا و بگرە هەموو ساڵەکەی خایاند.

سوپای عێراق لە تەموزی 1924دا سلێمانی گرت. ژمارەیەك (دیدەوانی- دوریە) و پاسەوانیان لە ناوچەکەدا دەکرد، بەڵام دوو زیانی مەترسیداریان لێکەوت، یەکێ لە خورماڵ و یەکێکی تر لە نزیك قەڵاچوالان، کە تاقمەکەی شێخ مەحمودی هانداوە. ئەو دەستیکرد بە نزیکبوونەوەی لە چواردەوری شارەکە و لە مانگی ئازاردا هەموو خواست و ئارەزووەکانی بەشێوەیەکی بەرجەستە هاتە بەرهەم، بەجۆرێ کەس نەیدەتوانی ئەگەر لەگەڵ یاوەران و پاساوانانی بەتواناداا نەبێت بچێتە دەرەوەی شوێنەکە. لەوەش زیاتر، هەوادارانی شێخ مەحمود لەناو شوێنەکەشدا چالاك بوون و موتەسەڕیف (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ)، خۆی کوردێکی سەر بە خێڵی پشدەری بوو، شەوێك بیست گوللەیان نا بە ماڵەکەیەوە، خۆشبەختانە بێ زیان بوو. ئەفسەری کارگوزاریی تایبەتی، فڕۆکەوان ماکگریگۆر- A. McGregor، هەڵگری مەدالیای فڕۆکەوانی هەڵکەوتوو، خەریك بوو شەوێك لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن پیاوێکەوە بکوژرێت، کە لە شەقامەکەی داوێنەوە تەقەی لێکرد. لەکۆتایدا میستەر چاپمان، پشکنەری کارگێڕی، ئەوەی پێشاندا، کە پێویستی بە هێزێکی بەتوانا هەیە، بۆ ئەوەی ناوچەکە بە ڕێکخراوی بهێڵێتەوە.

لە 22/نیساندا سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron بە دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی ئاشووریەوە هات بۆ سلێمانی، یەك تیپی لە کۆیسنجاق جێهێشت و بارەگا و تیپێکیشی بۆ پاراستنی سەربازگەکە لە چەمچەماڵدا دانا.

ئۆپەراسیۆنەکانی باکوری موسڵ لە ئارادایە. یەکەم چالاکی دژی ئیزیدیەکانی سنجار بوو. ئەوەش لەلایەن هێزی ئاسمانیی پاشایەتی و زرێپۆشەکانەوە جێبەجێکرا، بێبەختانە

ئەفسەری فڕۆکەوان پۆنتیفێکس- R. W. Pontifex و عەدەد ڕەشاشەکەی خرانە خوارەوە و لە مێرکان- Merkan کوژران.

کوردەکانی دۆسکی لە ناوچەیەکی شاخاوی باکوری (سیمێلّ) دژایەتی حوکومەتیان دەکرد. لەوێ تیپێکی سوارەی لیڤیی فەوجی یەکەم دهۆکی گرتووە، تیپێکی تریش بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو تیپەی پێشو تازە گەیشتبوو.

سەرهەنگی دووەم بڕاون- Lieut-Colonel Browne فەرماندەی لیڤیەکان بوو، لە کاتی ئەوەی سەرهەنگ دۆبین- Colonel Dobbin مۆڵەت بوو، ئیدی ئەو فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکەی دەکرد، هەردوو تیپەکەی سوارەی لیڤی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی لە دهۆکەوە بچێت بۆ داخستنی دەرچەکانی رۆژهەلات، تیپێکی بەتالیۆنی سێیەم بە رابەریی ئەفسەر هارت- Lieut. Hart لە (سیمێلّ)ەوە هات بۆ باکور و یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەم لەگەڵ سەرهەنگی دووەم گیلات- Lieut-Colonel Gillatt و ئەفسەر والاس- Lieut. Wallace بەدرێژایی ساپنا هاتن و لە باکورەوە هێرشیانکرد.

کۆمەڵێکیش لە چۆلیس بە رابەریی سەرتیپ سارگن- Captain Sargon، هەروەها بەشێك لە ئۆپەراسیۆنەکەیان گرتبووەدەست.

هەریەکە لە تیپی ژمارە (6) و یەك پۆل فرۆکەی سوپایی لە تیپی (30) خرانە ژێر فەرماندەی سەرهەنگ بڕاون- Colonel Browne-ەوە. بەهەرحاڵ، هەموو گوندەکان جگە لە یەك گوند نەبێت خۆیاندا بە دەستەوە و ئەو گوندەش، کە ناوی (هۆجاوا)یە بۆردومانکرا. ئەو هێزەی چۆتە پێشەوە، بەرەنگاریی نەکرا، هۆجاوا تەواو وێرانکرا و ئۆپەراسیۆنەکە بە خۆبەدەستەوەدانی زووربەی کوردەکان کۆتای هات، کاتێ، کە سەرکردەکەیان، ئەوەی، کە هۆی کێشەکە بوو، بۆ تورکیا هەڵهات.

خاڵی گرنگیپێدان ئێستا بۆ سلێمانی وەرچەخا. بە گەیشتنی سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron بۆ ئەو شوێنە، ئەفسەرێك لە فەرماندەی هێزی سوپای عێراقی (عەلی رەزا بەگ ئەلعەسکەری)، برای جەعفەر پاشا

ئەلعەسکەری و پلەبەندی سەرهەنگی تەواوە. بەڵام بارودۆخەکە، وەك ئەوەی ئەم حاڵەتەی بەرپاکردووە بەو چەشنەی ئێستا لە سلێمانی، بەپێی مادەی نۆی پەیمانی ڤەرسای مامەڵەی لەگەڵدا کرا، کە فەرمان دەدا لەو ئۆپەراسیۆنانەی، کە هێزی پاشایەتی بریتانی بە هاوبەشی هێزی عێراقی دەیکات، فەرمانڕەوایی لە هەر ڕێکخستنێکی تایبەتیدا دەبێت لەژێر دەستەڵاتی فەرماندەی سەربازی بریتانیدا بێت. ئەوەش بە فەرمانێکی نووسینگەی جەنگی پشتیوانیکراوە، کە نوسراوە لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێ ئەفسەرانی بریتانی، یان سەربازانی بخرێنە ژێر فەرمانی هیچ ئەفسەرێکی عەرەبەوە.

لەبەرئەوە بە گەیشتنی بۆ سلێمانی، سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.- Cameron Colonel فەرماندەی هەموو هێزەکانی لەو شوێنەدا گرتەدەست، کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانەکانی بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانییدا ڕۆڵی دەگێڕا، کە سەرپەرشتی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکانی لە بەغداوە دەکرد. لە 2/مایسدا لە کەرکوك بەسەرپەرشتی مەندوبی سامی کۆنفرانسێك بەسترا و ئەو چالاکیانەی بڕیارە بکرێت بۆ گەڕانەوەی یاساو دەستوورە بۆ ناوچەی سلێمانی.

یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron ئەوەبوو کوردەکان ڕاستەوخۆ لە ناوچە نزیکەکانی سلێمانی پاکاتەوە و هێڵی بەرگری بگوێزێتەوە بۆ دەوروبەری شوێنەکە. شاخی ئەزمڕ لەلایەن سێ تیپی لیڤیەکان و سەربازی عێراقیەوە لە کوردەکان پاکرایەوە و خاڵێکی سەربازی دانرا بەمەبەستی پاراستنی دەربەندی ئەزمڕ بەکراوەی. یەك تیپ لە سەربازی عێراقی لەگەڵ سەرتیپ کۆفی- Captain J. M. Coffey سەربە تیپی چەکەکانی ئنیسکیلینگی پاشایەتی و ئەفسەری ڕێخەرە لەگەڵ سوپای عێراقیدا، لەوێ دەمێنێتەوە بۆ تەواوکردنی کارەکە.

بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی بڕیاریدا، کە هەڵەبجە پێویستە بگیرێت بۆ تەواوکردنی ڕێکخستنەوەی ناوچەکە و لە 15/مایس سەرهەنگی دووەم لەورەنس، کە

(مەداڵیای خاچی ڤیکتۆریا و ئەفسەری فەرماندەی وەرگرتووە) فەوجی دووەمی سوارەی لیڤی، لە کەرکوکەوە بۆ ئەو مەبەستە خستەڕێ. تیپێك لە فەوجی دووەمی بێدفۆردشێر و هاردفۆردشێرەوە شوێنەکەی وەرگرت.

لە 17/مایس سەرهەنگی دووەم لەورەنس- Lieut-Colonel B. T. T. Lawrence، لە رێکردندا بوو لە پشتی چەمچەماڵەوە، کە بیستی کوردە یاخیەکان لە(کانی سیرێ)ن، ئەویش تیپێکی جیاکردەوە بۆ هەوڵی دەستگیرکردنیان، بەڵام تا ئەمان گەیشتن، ئەوان هەڵهاتبوون.

لە 18/مایس سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron، لەبارەی ئەو زانیارییەی، کە دەڵێت کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند لە داریکەلی بووە، هەوڵیدا لە شەودا خافڵگیری بکات.

خۆی لەگەڵ تێکەڵەیەك لە لیڤی و سەربازی عێراقیدا رۆشتن، هێزێکی سوارەی عێراقی لەگەڵ سەرتیپ گرادیج- Captain J. H. Gradidge، کە (مەداڵیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە) و ئەفسەری پەیوەندی لەگەڵ سەربازی عێراقی و داواش لە سەرهەنگی دووەم لەورەنس- Lieut-Colonel Lawrence کرا بە تیپێکەوە هاوکارییان بکات.

لەم ئۆپەراسیۆنەدا لەگەڵ سەرکەوتنێکی زۆر کەمدا کوردەکانیان بینی هەڵهاتن، پێش ئەوەی دوو دەستە سوارەکە، کە شارەزای ناوچەکەش نەبوون بگەنە پێگەکانیان. تاریکایی، نەشارەزایی ناوچەکە و رێپێشاندەری گومانلێکراو، بووە هۆی سەرنەکەوتن و گرتنی سەرۆکەکەیان، بەڵام کوردەکان دوو کوژراو و یەك برینداریان هەبوو، هەروەها هەشت کەس لە داریکەلی لە پەلامارەکەدا بەدیل گیران.

لە 18/مایسدا فەوجی دووەمی سوارە گەیشتە سلێمانی و لە 20/مایس بۆ عەربەت. سەرهەنگی دووەم لەورەنس- Lieut-Colonel B. T. T. Lawrence، 1200 یاردێك بەلای باکوری رۆژهەڵاتی گوندەکەدا خێمەیان هەڵدا. هێشتا کوردەکان

نەبینراون، بەڵام هەر، کە تاریك داهات، لەناو عەرەبەت و لەسەر بەرزاییە نزیکەکانەوە بە چەکە نیشانگرەکان تەقەیان لە سەربازگەکە دەکرد. هەندێ کەس و هەندێ لە ئاژەڵەکان لەهەمان کاتدا پێکران، سەرهەنگی دووەم لەورەنس- B. T. T. Lieut-Colonel Lawrence فەرمانی کرد سەرتیپ فۆسدیك- S. Fosdick Captain بەرزاییەکە لەگەڵ تیپەکەیدا پاکبکەنەوە. ئەویش بە هێرشێکی پیادەیی ئەو فەرمانەی جێبەجێکرد، 19 دیلی دەستگیرکرد. لیڤیەکانیش یەك کوژراو و سێ برینداریان هەبوو، پێنج ئاژەڵیش پێکران. لەماوەی شەودا تەقوتۆق هەبوو، بەڵام لە بەیانیدا هیچ نیشانەیەك لە دوژمنەوە دیارنەبوو.

ڕۆژی دوایی ڕەوتەکە بەرەو سەرئاو بوو. لە مووان، یان (موهون- Mohun)، قەڵایەکی کۆنی لە شێوەی گردێك تێدایە، کە دەڵێن لەلایەن ئاشووریە کۆنەکانەوە بنیات نراوە، ڕێگاکە بەلای باکوری ڕۆژهەڵاتدا پێچپیکردەوە و دوای تێپەرین بەنێوان گردۆڵکە نزمەکان و گوندی گرێزەدا، لەناو دۆڵێکی کراوەی بچوك، کە چوار میل درێژ و دوو میل پان بوو. کەم تا زۆر شێوە هێلکەیی بوو. ئەو گردانەی دەوری داوە نزمن و بەهێواشی شۆڕدەبنەوە بۆ ناو دۆڵەکە، جگە لە لای باشوور نەبێ، کە گردێکی بەردەڵانی لێیە، 300 پێیەك سەرو دۆڵەکەیە. چوونە ناوەوە و هاتنەدەرەوەی دۆڵەکە هەردووکی تەسکە. لە کۆتایی گوندی سەرئاو بەتایبەتی ڕێگاکە بەناو دەربەندێکی بچوکدا دەڕوات، کە 100 مەترێك درێژ دەبێت. چەمێکی تەنکاو لە نزیك گوندی گرێزەوە دەستپێدەکات و لاردەبێتەوە بۆ ناو دۆڵەکە، لەگەڵ ژمارەیە لێژبوونەوە و لاربوونەوەدا و لەگەڵ ڕێگاکەدا لە کۆتایی گوندی سەرئاودا دۆڵەکە جێدێڵێت.

فەوجەکە چووە ناو دۆڵەکەوە و بەناو گوندی گرێزەدا تێپەڕی. تا ئەو کاتە چەند کوردێك لەسەر گردە بەردەڵانیەکە لەلای ڕاست و باشووریانەوە بەدیکرابوون.

فرۆکەکانی پۆلی یەکەم لە جۆری (سناپیس) هاتن، بەڵام کوردەکان لەوە دەچێت کشابنەوە بۆناو ئەشکەوتەکانی ناو گردەکان، بەهەرحاڵ تەنیا ژمارەیەکی کەم پیاوان دەبینرێن و سوپاکە لە ڕەوتەکەی خۆی بەردەوامە.

هەر ئێستا لەلایەن سەرهەنگی دووەم لەورەنس فەرمان بۆ تیپێك دەرچوو، کە بچێت گردە نزمەکان لەلای راستی هێڵی ڕەوتەکەوە بگرن و تیپێکی تریش بچێت گردەکانی پێشەوە بگرن، کە دەربازبوون لە دۆڵەکە دەستەبەر دەکات و پاسەوانی دواوە لەلایەن ئەفسەر فوڵەر براون- W. Fuller Brown رابەری دەکرا، کە نزیکی دەوروبەری گوندی گرێزەیە، کاتێ کوردەکان لەلای گوندی مووانەوە دەردەکەون، دەستبەجێ زۆر بەقورسی تەقە دەکەن بەناو پاسەوانانی بەشی دواوە. لەهەمان کاتیشدا ژمارەیەکی زۆر لەسەر گردەکانی هەردوو لای راست و چەپی سوپاکەوە دەردەکەون.

سوپاکە تەنیا زرێپۆشی لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو بڕێکی زۆر ئامێر و ئۆتۆمبیل و شتومەکی خەڵکی ناوچەکەشی پێبوو، کە ئەو کەلوپەلانە تایبەت بوون بە بەڵێندەرێکی خەڵکی ناوچەکەوە. لەسەرو ئەوەشەوە، وەك ئەوەی بەڵێندەرەکە داواکاری دەکرد ئاوا دەستوور دراوە، بڕێکی زۆر شتومەکی زیادەی تێدابوو، کە زیاتر لەوە دەچوو شتومەکی بازرگانیکردن بێت لە هەڵەبجە. لەو فرۆشیارە گەڕۆکانەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر پشتی گوێدرێژەکانەوە لەناو گەڕەکەکاندا دەسووڕێنەوە.

راستەوخۆ تەقەکان ئاژەڵە باربەرەکانی بڵاوە پێکرد و وڵاخدارەکانیشی خستە حاڵەتی شڵەژاندنەوە. لەپێش هەموویدا ژمارەیەکی زۆر هەوڵیاندا بەرەو گوندی گرێزە بگەڕێنەوە. بۆئەوەی ئەو کارە بکەن، لەگەڵ پاسەوانەکانی دواوەدا تێکەڵ بوون. ئیدی روانییان کوردەکانیش دێنە ناوەوە، هەموو جەنجاڵیەکە رژایە ناو سوپاکەوە. لە ئەنجامی ئەو ئاژاوەیەدا، ئەو دیلە کوردانەی لە عەربەت گیرابوون، لەو کۆمەڵە پاسەوانە پیادەیەی پاسەوانیان دەکردن، هەڵهاتن، پاسەوانەکانیش یان کوژران یان برینداربوون.

ئەفسەر فولّەر براون- W. Fuller Brown، سوارەی چوارەم، لەگەڵ پاسەوانەکانی دواوەی، بەرەنگارییان لە هێرشی کوردەکان کرد و دوو سەربازی سوارەش کەوتنە ناو ئەو ولآخانەی لە شیرازە دەرچوون و بەرەو ناو شیوەکەیان دەبردن، کە دەچووە ناو دۆڵەکەوە.

لەبەردەم تیپەکەی بە رابەریی سەرتیپ هایفای- Captain R. C. Hifi، کە (مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە)، لەلایەن سەرهەنگی دووەم لەورانس- ەوە نێررابوو بۆ گرتنی گردۆڵکە نزمەکان لە دەم دەرچەکەدا، سەیریانکرد گیراوە و بە تەقەی کوردەکان گەڕانەوە دواوە. ئینجا سەرهەنگی دووەم لەورەنس فەرمانیدا هەموو هێزەکە پارێزگاری لە شیوەکە بکەن، کە خودی خۆشی ریزەکانی نێوان بار و گواستنەوەکانی خەڵکە شلّەژاوەکانی رێکدەخستەوە و سەربازەکانیشی ئامادە دەکردەوە بۆ چالاکی داهاتوو.

شیوەکە لە هەندێ لاوە پارێزرابوو، بەڵام بەردەوام لەژێر گوللەباراندا بوون و هێزەکە هێشتا بە زیانەکانەوە دەینالآند.

ئینجا سەرهەنگی دووەم لەورانس- Lieut-Colonel Lawrence (سەرتیپ هیلّ- Captain Hill)ی نارد بۆ ئەوەی لە شیوەکەوە هێرشێکی سوارە بکات و گردۆڵکەکانیش بەشێوەیەکی رێکوپێك و لەلای راستەوە پاکبکاتەوە و هەروەها دوو هێزیش بە رابەریی ئەفسەر (نەریمان ئەفەندی) بۆ پاکردنەوەی گردۆڵکەکان لەلای چەپەوە. ئەوەش لای باشوورەوەیە. هەردوو هێرشەکە بەدەم غاردانەوە جێبەجێکران و سەرکەوتووبوون و کوردەکان پێش هێرشەکەی سەرتیپ هیلّ- Captain Hill هەڵهاتن، کە لە دەشتاییەکەدا لەلایەن تیپی چەکی رەشاشی یەکەمەوە لە سلێمانییەوە دووچاری گوللەباران بوون. دوای ئەوە هێرشێکی سوارە لەلایەن تیپی پێشەنگ فۆسدیك-Major Fosdick لەسەر گردۆڵکەکان لەلای بەرەی راستەوە، کە دوژمن بێ بەرەنگاری چۆڵیکرد.

ئیدی ڕێگەکردن بەردەوام بوو، ئەفسەر فولەر براون- W. Fuller Brown بەردەوام بەرەنگاریی کوردەکانی دەکرد، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بە وریایی لە تەقەکردندا بوون. ئەو شەوە فەوجەکە گەیشتە قەرە تەپە. 9 کەس کوژرا و یەکێ دیارنیە و 18 کەس برینداره، لەکاتێکدا 30 وڵاخیش کوژراوە، 9 دانە دیارنیە و 29 برینداره. بڕێکی زۆریش شتومەك و پێداویستی لەناوچوون، بەهۆی ئەوەی بەکۆڵی ئەو وڵاخانەوە بوون، کە کوژراون، یان بەدیل گیراون و هەندێ عارەبانەی دەستی، یان ئەوانەی بەهۆی وڵاخەکانەوە شتومەکی پێگوێزراوەتەوە بۆ ناو دۆڵەکە قڵپبوونەتەوە، یان کە وڵاخەکەی کوژراوە عارەبانەکەش لەناوچووە.

بۆ ڕۆژی دوایی بەبێ بەرەنگاریی گەیشتنە هەڵەبجە. لەوێ تا مانگی ئەیلول مانەوە. لە چالاکیەکەی 21/مایسدا هەر یەکە لە یاریدەدەری پزیشك، (گوڵ ئەکبەر شاە- Gul Akbar Shah) و یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرینەری، (نور محەمەد)، کە مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانییان وەرگرت، بۆ ئەو پاڵەوانێتیەی لەمیانە کارەکەیاندا بەجێیان گەیاندووە. ئەوەی دواییان لەگەڵ ئەوەدا، کە خۆشی برینداربووە و پەراسوەکانی شکابوون، کەچی لەکاتی شەڕەکەدا بەردەوام لەناو وڵاخەکاندا لە کاردابوو. لەسەرو ئەوەشەوە ئەفسەر (عابد عەبدوڵڵا ئەفەندی) و ئەفسەر (مەجید موسا ئەفەندی)، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان برینداریش بوون، لەو چالاکیەدا پاڵەوانێتیەکی زۆریان نواند. یارمەتیەکەی لەلایەن ئەفسەری فڕۆکەوان لۆکسمۆر و تیپی ژمارە یەکەوە پێشکەش کراوە، بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی لەوبارەیەوە ئاگادارکراوەتەوە.

ئەو هێزەی هێرشیکردە سەر سەرهەنگی دووەم لەورانس- Lieut- Lawrence Colonel بریتی بوو لە پیاوە تایبەتیەکانی شێخ مەحمود، هەروەها هەندێ لە تیرەی هەمەوەند بە ڕابەریی سابیر، کوڕی کەریم فەتاح بەگ، کۆمەڵانی خێڵی شاتری، ڕۆخزایی و جافی هارونی و ژمارەیەك لە خەڵکی ناوچەکە و گوندەکانی ئەو دەوروبەرە.

سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron دەستبەجێ لە سلێمانییەوە کەوتەڕێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچەکەدا.

کامیرۆن لە 22/مایسدا لەگەڵ تابورێکی تێکەڵەدا چوو بۆ هەڵەبجە، کە لە 24/مایس گەیشتنە ئەوێ، رێچکەی رێکردنەکەی (سەرهەنگی دووەم لەورانس- Lawrence Lieut-Colonel)ی گرتبووە بەر. رۆژانی (25 و 26)ی لە هەڵەبجەدا بەسەربرد و هەندێ زانیاری کۆکردەوە، لە27/مایسدا بە گوندەکانی هەیاس، مووان، بێستان سور و عەربەتدا دەستیکرد بە گەڕانەوە، هەموو ئەو گوندانەی سوتاند، کە لە هێرشەکەدا بۆ سەر سوپاکەی لەورەنس- Lawrence بەشدارییانکردووە و دەستیگرت بەسەر هەموو شتومەکە ونبووەکاندا. تەنیا یەك بەرەنگاریی لە گوندی هەیاس هەبوو، کە تەقەی لە سوارەیەکی (دیدەوانی- دوریە) سوپای عێراقی کردبوو، لە ئەنجامدا یەك ئەسپ کوژرا.

لە 30/مایسدا، هێزەکەی کامیرۆن- Cameron گەیشتە سلێمانی. شارەکە زۆر تێکچووبوو، زووربەی شەوان تەقە لەناوشاردا هەبوو. لەلایەن هێزی سەربازی و پۆلیسەوە پشکنینێکی تەواوی بۆ کرا و کاروبارەکە بەرەو باشی دەچوو.

لەو کاتەدا پلانێکی نوێ بۆ زیادکردنی 200 سوارە و 50 پیادەی نادەستووریی لەناو ئاشووریەکاندا دانرابوو. ئەرکەکەشیان گەڕان بەدوای شێخ مەحمود و بەرچاوترین پیاوەکانیدا بوو.

ئەو هێزە نادەستووریانە بەشێوەیەکی گونجاو هێنراون و چەکدارکراون و ناردویانن، کە لە سلێمانی پەیوەندی بکەن بە (کامیرۆن- Cameron)ەوە. ئەوانە بە چەند هۆیەکی جیاوازەوە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن، سەرەکیترینی ئەو هۆیانە ئەوەبوو کە ئەوانە خەڵکی ناوچەکە نین و لە وڵاتی خەڵکانێکدا کاردەکەن، کە لە رووی نەتەوەییەوە لەوان جیاوازن و هەروەها بەگشتی هاوسۆزن لەگەڵ شێخ مەحموددا. بەهەرحاڵ ئاشووریەکان کۆمەڵێك خەڵکی گێرەشێوێنی هەمەجۆر بوون، جلوبەرگی جیاوازیان لەبەردابوو، هەندێك بەرگی میللی ئاشووریی تەواویان پۆشیوە و هەندێك

جلوبەرگی ئەوروپییان لەبەردایە، شەپقەیەکی شێوە خڕی قەراغ هەڵگەڕاوەی خۆڵەمێشییان لەسەردایە، لە نمایشێکدا لەبەردەم سەرهەنگی فەرمانده لە موسڵ، رەوانەکراون بۆ سلێمانی بۆ پەیوەندیکردن بە (کامیرۆن- Cameron)ەوە. سێ ئەفسەری ئاشووری، راب- خامشیس ماکست نیکۆ، راووڵ یۆخانان و ئۆزاریۆ تامراس، هەموو لە بەتالیۆنی دووەم، هەڵبژێران بۆ فرمادەیی نادەستووریەکان و ئەفسەر فاری- Fairrie، لە لیڤیی عێراقەوە، دانرا بە فەرمانده‌ی هەموو هێزەکە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە هەڵدەسەنگێنرێن: نادەستووریەکان تەنیا بە زیادکردنی موچەکانیان ژمارەیان زیاد دەکەن. هیچ بیرو بۆچوونێکیان لەبارەی رێکردنەوە نەبوو، یان لە گۆڕەپانی شەڕدا. لەمیانەی چالاکیەکە لە کەناروێ لە 25/حوزەیران، بەو پەڕی ئازایەتیەوە هەر یەکێکیان لەپێناوی خۆیاندا دەکوشت، بەڵام بەبێ هیچ گوێپێدانێك بە باقی هێزەکە (وەك لە شیکردنەوەی وەسفی ئەم چالاکیەدا پێشاندەدرێت) کاتێ لە نزیك پێنجوێنەوە لە ئەرکی سیپەدا دایاننان، هەموویان هێڵی سیپەکەیان جێهێشت و دابەزینە ناو گوندەکەوە بۆ تالآنی. لە بەراوردا لەگەڵ دیدەوانە سەربەخۆکاندا، ئەوان کارێکی تەواو چاکیان دەکرد و هەمیشە حسابی تایبەتیان لەلایەن کوردەکانەوە بۆ کراوە. لە گرتنی چوارتادا کاتێ فەرمانی مانەوەیان درا، ئامادەنەبوون ئەوە بکەن، جگە لەژێر بارودۆخەکاندا، کە ناکرێ جێبەجێ بکرێت. ئەوەش سەرپێچیکردن بوو لەوەی لەسەری رێکەوتبوون. ئەفسەر فاری- Fairrie، دەیڤد دی مار شەمعون و سەرهەنگی فەرمانده چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەموویانکرد و لە ئەنجامدا 69 کەسیان بڕیاریاندا لەسەر ملکەچی فەرمانەکانی حوکومەت. ئەوەش لە شێوەی سوارەدا رێکخران و لە ناوخۆدا پێیاندەوترا (سوارەی شەستونۆیەمی سوکەڵە، یان خەفیفە) بە رابەریی راب- خامشیس ماکست نیکۆ و راووڵ یۆخەنان. ئیدی ئەوانی دی نێرانەوە بۆ موسڵ و بڵاوەیان پێکرا. سوارەی شەستونۆیەمی خەفیفە، بە رابەریی پشکنەری کارگێڕیی، سەرتیپ لاین- W. Captain A. Lyon تا کۆتایی ئەو ساڵە مانەوە. لەکاتێکدا کامیرۆن- Cameron

بەهۆی سەرقاڵیی کوردەکانەوە لەوناوە دوور بوو، کە هێرشیانکردبووە سەر تابورەکەی لەورەنس- Lawrence، ئیدی کارکردن لە بەرگریکردنەکانی سلێمانیدا بەردەوام بوو. هەرچۆن رەبایەیەك لەسەر لوتکەی شاخی ئەزمڕ دامەزرێنرا، لەسەر رێگای نزیك دەربەندی ئەزمڕ، لەلایەن تیپێکی سەربازی عێراقیەوە. سەرتیپ کۆفی- J. M. Captain Coffey، کە مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە، سەربە تیپی چەکی ئینیسکلینگ فوسیلیەرسی پاشایەتیە و یەکێکە لە راهێنەرانی سوپای عێراقی، لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بوو. بەردەوام لە شەودا لەژێر تەقەی نیشانگرەکاندا بوون. لە شەوی 4/حوزەیراندا تاقمێك لە کوردەکانی خێڵی سمایل عوزێری، کە لقێکی جافە، لەگەڵ دانیشتوانی گوندی سیتەك دەهاتنە نزیك رەبایەکەوە و بەردەوام گوللەبارانیان دەکرد. سەرتیپ کۆفی- Captain J. M. Coffey خودی خۆی چووە دەرەوە بۆ سوسەکردن و بە گوللەیەکی نیشانگر- قەناص بریندار کرا، کە دوای چەند دەقیقەیە مرد. سوپای عێراقی کەڵەکە بەردێکی بچوکی بۆ نیشانەی یادەوەری لە شوێنی پێکرانەکەی دروستکرد. سمایل عوزێریەکان چوون بۆ وڵاتی فارس و نەتوانرا دوایانبکەون، بەڵام گوندی سیتەك لەلایەن هێزی ئاسمانیی پاشایەتیەوە بۆردومانکرا. لە 6/حوزەیراندا کامیرۆن- Cameron لە سلێمانیەوە چوو بۆ چوارتا، بە مەبەستی دانانی بەڕێوەبەرێك لەوێ و رێکخستنی کار و چالاکی نادەستووریەکان بۆ داهاتوو لە ناوچەکەدا و بۆ بەرەنگاریکردنی هەر کەسێك لە هێزی شێخ مەحمود، کە لەوانەیە لەو ناوەدا دەرکەون.

کامیرۆن سوپایەکی بەم شێوەیەی لەگەڵ خۆیدا برد:

بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق (جگە لە دوو تیپ).

یەك بەش، لە فەوجی سێیەمی سوارەی سوپای عێراقی.

بەتالیۆنی دووەمی سوپای عێراق (جگە لە دوو تیپ).

یەکەیەکی بیّتەل.

50 پیادەی نادەستووریی ئاشووری.

سەرتیپ مێری- Captain R. Merry، فەرماندەی لیڤی کرد و سەرهەنگی دووەم حەسان حیلمی، فەرماندەی بەتالیۆنی دووەمی سوپای عێراقی دەکرد. دوو پۆلی هێزی ئاسمانیی ژمارە (1) و ژمارە (30) پشتیوانیان دەکردن.

بەسێ سوپاوە بەرەو شاخی ئەزمڕ رۆشتن، بۆ ئەوەی لە شوێنی مەبەستدا بن، تا بتوانن بەرەنگاری هەر کوردێك ببنەوە، کە لەوانەیە بەرهەڵستی رێکردنەکە بکەن. لە ئێوارەی 6/حوزەیراندا لە سیتەك کۆبوونەوە و لەوێدا لەلایەن ئاغایەکی پشدەرەوە بەناوی عەباسی سەلیم ئاغا، لەگەڵ 400 سوارە و 200 پیادەدا دیدەنیەکی دۆستانە کرا. کامیرۆن- Cameron پێیوت بۆ رۆژی دوایی خۆی و هێزەکەی لە پشتی هێڵی (شێخ مەحمود)ەوە دامەزرێنێت، لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی فارس لە نیوەڕۆدا. ئەویش کارەکەی جێبەجێکرد، بەڵام وەك تابورەکە دەچوونە پێشەوە بۆ سەر چوارتا و پێش ئەوەی لە 8/حوزەیراندا دامەزرێن بۆ هێرشکردن، شێخ مەحمود لەگەڵ 300 پیاودا کشانەوە بۆ سەرکان و سوپاکەش چوارتای گرت. هەواڵ هات کە لەشکرێکی نەیاری پشدەریەکان لە ماوەتە. لە 12/حوزەیراندا سوپاکە کەوتەگەڕان لەناو گوندەکانی نۆڕك و موبرە، کاتێ، کە لایەکی پاسەوانەکان لەگەڵ کوردەکاندا لە نزیك شوێنەکەی پێشویانەوە بەرەنگاری یەك بوون و زیانی دوو کوژراویان لێکەوت.

لە 19/حوزەیراندا ئەفسەر فاری Lieut. Fairrie لەگەڵ 100 سوارە و 100 پیادەی نادەستووریە ئاشووریەکان پەیوەندی بە سوپاکەوە کرد. هەواڵ گەیشت، شێخ مەحمود لەگەڵ 600 پیاودا هێشتا لە گوندەکانی چەمك و نۆڕکە و خەریکە پەیوەندی بکات بە پشدەرەوە، کە دەڵێن 800 چەکداری بەهێز لەژێر فەرمانی عەباسی مەحمود ئاغادایە. شێخ لە شەوی 20-21/حوزەیراندا ئەوەی کرد. لەو رۆژەدا و لە 22/حوزەیراندا سوسەکەران بۆ دواوە پاشەکشەیان پێکرا، تاکە پەیوەندی بە دوژمنەوە لە

20/حوزەیراندا لە گوندی هەرمن بوو. لە 23/حوزەیران، نیشانگرەکان تەقەیان لە مەخفەرەکەی ئەزمڕ دەکرد لەسەر هێڵی پەیوەندی (کامیرۆن- Cameron)ەوە.
لە 25/حوزەیران کامیرۆن- Cameron چووە دەرەوە بە ئامانجی خافڵگیرکردنی دوژمن لە دەرەوەی سەربازگەکان لەسەر روباری سیوەیل و بۆ ئەوەی لە توانای دوژمنیش دڵنیابێت.
کامیرۆن- Cameron ئەم هێزانەی لەگەڵ خۆیدا برد:-
بارەگا و بەتالیۆنی لیڤیەکان (جگە لە دوو تیپ)،
یەك دەستەی فەوجی سێیەم، فەوجی سوارەی سوپای عێراقی،
بارەگا و یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی پیادەی سوپای عێراقی و 250 نادەستووریی ئاشووری، 100 سوارە و 150 پیادە، بە رابەریی ئەفسەر فاری- Lieut. Fairrie و لەگەڵ (ماکست- R.K. Maxut) و (ئۆزاریۆ تامراس) بە رابەریی ئەو. سەربازگە قایمکراوەکەیان لە چوارتا بە پاسەوانی تیپێك لە سوپای عێراقی جێهێشت و سەنگەر و خەندەقی بەدەوردا کراوە بۆ داکۆکیکردن.
سوپاکە لە نیوەشەوی 24/25/حوزەیران دەستیپێکرد و لە سەعات 04:30 رۆژی 25/حوزەیراندا گەیشتە روباری سیوەیل. پێشڕەویی سوپاکە بە رێنماییکەرێك بە بۆچوونی کامیرۆن- Cameron هەڵەبوو، بەڵام وەك ئەوەی ئەو بە نەخشەکەدا چووەوە گەیشتونەتە خاڵی مەبەست. نادەستووریەکانیش بە رابەریی ئەفسەر فاری و بەپشتیوانی تیپی (ب)ی لیڤیەکان پەڕینەوە.
خافڵگیربوونەکە تەواو بوو، کەناروێ بە چۆڵکراوی گیرا. هەوڵدانەکان بۆ چوونە پێشەوە لەگەڵ ئاگربارانێکی قورسدا بەرەنگار بووەوە و فڕۆکەکانی پۆلی ژمارە (30) زۆر بە خەستی لەناو دارستانی بەرزاییەکانەوە گوللەباران دەکران. کوردەکان لە هەردوو لای سوپاکەوە بەدرێژایی روباری سیوەیل فشاریان خستبووە سەریان و لەوە دەچوو رێگەی هەڵهاتنیان لێببڕن. کامیرۆن- Cameron نیازی وابوو هێرشێکی کوتوپڕ بکات و

ئیدی بگەڕێنەوە بۆ ناو خەندەق و سەنگەرەکان لە چوارتا و ئەگەر هاتنە سەریان لەوێ شەڕی دوژمن بکەن. لە سەعات 06:30دا بڕیار لەسەر گەڕانەوە درا، بەڵام نادەستووریەکان، کە زۆر باش سەرقاڵی کوردەکان بوون، نەیاندەتوانی تا سەعات 09.00 بۆ دواوە بگەڕێنەوە. لەمیانەی ئەو ماوەیەدا فرۆکەیەکی پۆلی ژمارە یەك خرابووە خوارەوە و سوتا، بەڵام فڕۆکەوانەکەی و چەك و کەرەسەکانی رزگارکران.

لە سەعات 12:15 سوپاکە گەڕایەوە بۆ ناو سەربازگەکە و کوردەکان بەدوایانەوە فشاریان خسبووە سەریان.

دوو کەرت لە تیپێکی سەربازی عێراقی، وەك پاسەوانی سەربازگەکە چوونە دەرەوە و لە سەعات 12:00دا هێرشێکیان کردە سەر تاقمی پێشەوەی کوردەکان و زیانیان لێدان و ناچاریشیانکردن بگەڕێنە دواوە، دواتر لە سەعات 16:00دا ئۆزاریۆ تامراس- R.E. Ozario Tamras، سەر بە بەتالیۆنی دووەم، هێرشێکی قەڵاچۆکەری لەگەڵ نادەستووریەکان کردە سەر دوژمن و پێنجی لـێکوشتن. لە سەعات 19:30 دوژمن چووە ناو یەکێ لە سەنگەرەکانەوە، بەڵام سلێمان سلێوە- R.K. Sliman Sliwo بەرەنگاریان بووەوە و بە زەبری قەمە و شەڕی دەستەویەخە، پێنجی لە کوردەکان لەناو سەنگەرەکاندا کوشت. شەڕ لە سەعات 23:00دا کۆتایی هات. سوپاکە زیانی سێ کوژراو و دوانزە برینداری دا.

رۆژی دوایی هیچ دیاردەیەك لە دوژمنەوە نەبوو، ئیدی سوپاکە کەمێ پشویاندا. لە 27/حوزەیراندا، جگە لە تەقوتۆق، کە لە فڕۆکەکانی پۆلی ژمارە (30) دەکرا، هیچی تریان لێنەدەبینرا. نادەستووریەکان (کەناروێ)یان سوتاند و هەوڵیاندەدا دوای کوردەکان بکەون، لەکاتێکدا کامیرۆن- Cameron بە کۆمەڵێکی بەهێزەوە چاوەڕوانیان بوون، بەڵام ئەوان نەهاتن. هەواڵیان پێگەشت، کە شێخ مەحمود گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی فارس.

له 5/تەموزدا تابورەکە چوارتای جێهێشت و بە گوندی (چەمك)دا رۆشت، له 6/تەموزدا گەیشتنە پێنجوێن. پاسەوانەکانی پێشەوە سوکە چالاکیەکیان لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو، شارۆچکەکەش چۆڵ بوو.

له 8/تەموزدا تابورکە پێنجوێنی جێهێشت و چوو بۆ سەرکان، کوردە چەکدارە نیشانگرەکان لە هەردوو لاوە دەرکەوتنەوە و زیانی یەك کوژراویان دا. وەك ئەوان لە دەوری سەربازگەکە خۆیان مەلاّس دابوو، راب- ترێمینا یاقوب ئیسماعیل، تاقمێك لیڤی بردە دەرەوە و لەپڕ بەدیلی گرتن و دووانی لێکوشتن و دووانی تریشی بریندارکرد.

له رۆژی دوایدا تابورەکە گەیشتە بەرزنجە، لە رێگەدا بەرەنگاری دوو چەکداری نیشانگر- قەناصە بوونەوە و لە 10/تەموزدان گەڕانەوە بۆ سلێمانی. دیسانەوە کوردە چەکدارە نیشانگرەکان، پاسەوانانی هەردوو لایان لە دەربەندی ئەزمڕ گوللەباران کرد و یەکێکیان لێکوشتن.

بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron مەدالیای سوارەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرت، کارە باشەکانی ئەم لیڤیانەی لای خوارەوەش لەبەرچاو گیرا و ئاماژەی پێکرا:

سەرتیپ مێری- Captain R. Merry، ئەفسەر فاری- Lieut. Fairie ، ئۆزاریۆ تامراس- R.K. Ozario Tamras و سلێمان سلێوە- Sliman Sliwo . هەروەها ئاماژە بە ناوەکانی سەرتیپ گرادیدج- Captain J. H. Gradidge وەك رێنمایی، سەر بە سوپای عێراق، سەرهەنگ حەسان حلمی بەگ، فەرماندەی بەتالیۆنی دووەمی سوپای عێراقی و چوار پلەداری تریش کرا.

له 31/تەموزدا ئەو تیپەی لە چەمچەماڵ بوو، داواکرا لە سلێمانی پەیوەندی بکات بە بەتالیۆنەکەوە. دوو دەستەش لە تیپەکە لە کۆیسنجاق بوو، ئەو شوێنەی جێهێشت و له 31/تەموزدا چوو بۆ چەمچەماڵ، یەك تیپیان جێهێشت چاودێری کۆیسنجاق و چەمچەماڵیش بکات. له 9/ئاب تیپەکەی چەمچەماڵ گەیشتە سلێمانی.

## بەشی هەشتەم

## 1925

لەکۆتایی مانگی ئابدا، سەرهەنگی فەرماندە دۆبین- Dobbin لە مۆڵەتی پشودان گەڕایەوە، سەرهەنگی دووەم بڕاون- Lieut.-Colonel J. G. Browne وەك بریکار بوو بە فەرماندەی سلێمانی، لەجێی سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.- Cameron Colonel ، کە چووە بۆ مۆڵەتی پشودان.

بارودۆخەکە لە سلێمانیدا، کە دوای ئۆپەراسیۆنەکانی کامیرۆن- Cameron لە مانگی مایس و حوزەیراندا باشبوو بوو، کوتوپڕ تێکچوو.

پەیامبەرە نهێنیەکانی شێخ مەحمود، بەیارمەتی کەریم فەتاح بەگ و پیاوەکانی خێڵەکەی، بوونە هۆی راپەڕینێك لە ناوچەی نێوان قەرەداغ و زنجیرە شاخی بەرانان. هێرشکرایە سەر گوندی قەرەداغ، پۆلیس کرایە دەرەوە و ماڵەکانی پشتیوانانی حوکومەت سوتێنران. ئیدی بڕیار لە بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانییەوە دەرچوو، کە هێزەکە بچێت بۆ ناوچەکە، تا شکۆ و هەیبەتی حوکومەت سەرلەنوێ بگەڕێنێتەوە، بەڕێوەبەرێکی نوێ دابنرێت، شوێنی مەخفەرێکی پۆلیس لە قەرەداغ دیاری بکرێت، بۆ چاندنی ترس لە دەروونی جافەکانی نیشتەجێی ناوچەی بەرانان و شوێنیش بۆ مەخفەرێکی پۆلیس لە نزیك سەراو و سەید ئیسحاق دابنرێت.

هێزەکە پێکهاتبوو لە:- بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق (یەك تیپ کەمتر).

بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراق (دوو تیپ و کەرتێك کەمتر).

یەکەیەکی بێتەل، بەشێك لە هێزی ئاسمانیی پاشایەتی.
یەك فڕۆکەی سەربازیی سەربە پۆلی یەکی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی، لە سلێمانیەوە و یەك فڕۆکەی سەربازیی لە پۆلی (30) لە کەرکوکەوە، هاوکاری سوپاکە بوون. پێداویستی شەش ڕۆژیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. لە 20/ئابدا سوپاکە سلێمانی جێهێشت و بە دەربەندی بەراناندا ڕۆشت، لە هەمان ڕۆژدا گەیشتە گوندی قارەمان و لە 21/ئاب گەیشتە قەرەداغ. گوندەکانی دەوروبەرەکە بۆردومانکرابوو. تەنیا کەمێك چەکداری نیشانگر پەیدابوون و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تەقەیان لە پاشبەندی سوپاکە دەکرد.
سوپاکە دوو ڕۆژ لە ناوچەکەدا مایەوە و خانو و ماڵی ئەوانەی سوتاند، کە لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداربوون. کەسێك نەبوو بیکەن بە بەڕێوەبەری ناحیە، بۆیە سوپاکە بەردەوام بوو لەگەڵ پاشماوەی ئامانجەکەی. لە ڕۆشتنندا بە دەربەندی ڕەباتدا هەندێ بەرهەڵستکار هەبوون و دووان لە کوردەکان کوژران. بە گەیشتنی بۆ دۆڵی ڕوباری تانجەرۆ، لەوێ تیپێکی سوارەی سەربازی عێراقی، لەگەڵ پێداویستی زیاتردا بە سوپاکە گەیشتن.
لە 24/ئابدا سوپاکە بەناو گوندەکانی خێڵی جافدا چوون بۆ هەڵەبجە، لە نزیك گوندی زەلەڕەشەوە، گەیشتن بە تیپێك لە سوارەی لیڤیی فەوجی دووەم، کە لە هەڵەبجەوە دەهاتن. کوردەکانیش بەدرێژی بەرانانیان بە دەستەوەیە و چەکە نیشانگرەکان تا ماوەیەك تەقەیان لەلای ڕاستی سوپاکە دەکرد، ، بەڵام لە هەوڵدان زیاتر نەبوو.
سوپاکە کارەکەی تەواوبوو، لە 26/ئابدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لە ئامادەنەبوونی سوپاکەدا، کۆمەڵێك کورد بە دەربەندی گۆیژەدا دەپەڕینەوە و دەستیان گرت بەسەر هەندێ مەڕ و بزندا، کە لەو نزیکانەدا دەیانلەوەڕاندن. پۆلیس هەوڵیدا بیانگێڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا یەکێکیان بریندار بوو. پەلاماری لەو جۆرە ئازاربەخش بووە و هەر سەرکەوتنێکی بچوك هاندەری دوژمنەکە بووە، لەدواییدا بڕیار لە بریکاری مارشاڵی

هێزی ئاسمانییەوە دەرچوو، هەرکاتێك و لەهەر شوێنێ بەدیکران پەلاماریان بدرێتەوە.
یەکەم هێرش لە شەوی 27‌28/ئاب کرایە سەر گوندەکانی وەڵانە- Waldana و وێڵەیەر- Werderlar، کە کەوتونەتە ئەو شوێنەی چەند رۆژێك لەوەبەر کوردەکان لای دەربەندی گۆیژەوە پەلامارەکەیان دا.
ئەو هێزەی هێرشیانکرد، بریتی بوون لە یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان و یەك تیپی سەربازی عێراقی. رێگاکە دەچووەوە سەر دەربەندی گۆیژە. بۆ گرتنی دەربەندەکە کاتێ هێرشبەرەکان سەرقاڵی گرتنی گوندەکان بوون، یەك تیپی سوارەی سەربازی عێراقی لەگەڵ سوپاکەدا رۆشت.
وەك دوورنوارینێکی زیاتر بۆ پێشگرتن بە بیستنی دەنگوباسی نیهێنی پەلامارەکە و چوونە دەرەوە بۆ هۆشداریدان بە هەرکوردێکی نزیك، کوتوپڕ تاریك بوو، هەموو ئەو هێزەی لە بەجێگەیاندنی ئەرکدا نەبوون چوونە دەرەوە و بازنەیەکیان لە مەخفەری بچوك لە دەرەوەی شارەکە پێکهێنا. بۆ ماوەی چوار سەعات مانەوە، لەو کاتەشدا ناکرێ هێرشەکە تێیدا نارێك و پچڕ پچڕ بێت.
ئێوارە و شەوێکی زۆر ئاڵۆز بوو. یەکەم پێشهات ئەوە بوو، کە هەندێ پیاو لە رێگاکەدا، لە دەوروبەری خانووەکەی ئەفسەری کارگوزاری تایبەتیدا خۆیان مەڵاس دابوو، بە مەبەستی ئەوەی کاتێ کە دێتە دەرەوە بە دەمانچە تەقەی لێبکەن.
خزمەتگوزارێك دەرگاکەی کردەوە، بەهەرحاڵ، پیاوەکەش دوو گوللەی پێوەنا، هەردووکیان نیشانی نەپێکا و هەڵهاتن.
سوپاکە لە سەعات 22:00دا کۆبۆوە و بەشێوەی هێڵێکی دەستە دەستەی جیاواز بەرەو دەربەندی گۆیژە رێگەی گرتەبەر. لەوە دەچوو، کە شێخ مەحمود، یان لایەنگیرانی بڕیاریاندابێت، لە هەمان شەودا تەقە لە سلێمانی بکەن، یان پەلاماری شوێنەکە بدەن. بەهەرحاڵ، کوتوپڕ دەستڕێژ بەناو ریزی دەستە پیاوەکانی هاتبوون کرا، کە لە ناکاو ئەوە رویدا. ئەو بارودۆخە بۆ چەند دەقیقەیەك بەو شێوەیە مایەوە، کاتێ سوپاکە لە

ڕێگەدابوو بۆ گۆیژە، تەقە لە بەشی دواوەی دەکرا. ئەوەش دوایی پێهات و سوپاکە لە ڕێکردنی خۆی بەردەوام بوو. بەڵام لەوە دەچوو، کوردەکان دوای ئەوەی شوێنی سوپاکەیان دیاریکردبێت، لە هەردوولای سوپاکەوە دەستیانکرد بەسەرکەوتن بۆ سەر شاخی ئەزمڕ. دوو کۆمەڵ لە لیڤیەکان بەهەمان ئاوزەنگیەوە لەو کاتەدا سەردەکەوتن، ئیدی ڕێکردنەکە لەگەڵ سوپاکەدا لە ناوەڕاستدا بەردەوامە، کۆمەڵە لیڤیەکان لە هەر لایەکەوە بەرەو لوتکە سەردەکەوتن و کۆمەڵێك لە کوردەکانیش لە هەرلایەکی سوپاکەوە دوای لیڤیەکان کەوتوون. چرایەکی پشکنین لە سلێمانی بوو، بەهۆی تەقەکردنەوە، ئێستا تیشکدانەوەکەی گۆڕابوو بەرەو دەربەندی گۆیژە. ئەوە ئاستی سەرکەوتنی سوپاکە پێشان دەدات، کە ئینجا تەقەیان لە کوردەکان کرد. بە گەیشتن بۆ لوتکە، ئیدی تەقەکردن تەواوبوو، بڕیاردرا ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام بێت. تیپە سوارەکە لە هەردوولای دەربەندی گۆیژەدا لە سەنگەرەکاندا دامەزران و سوپاکە بەردەوام بوو. جارێکی تریش کوردەکان پەیدابوونەوە و هەوڵیاندا لوتکەی گۆیژە بگرن، کە بەرەو ڕووی گوللەبارانی تیپەکە بوونەوە، ئیدی کشانەوە و لە دۆڵەکەی ئەودیوی شاخی ئەزمڕدا هەڵیاندا، لەوێدا بۆ بەیانی داهاتوو شوێنەکەیان لەلایەن تیپی ژمارە یەکی هێزی ئاسمانییەوە دیاریکرا و بەباشی تەقەیان بەسەردا دەکرا. سوپاکە گەیشتە گوندی وەڵانە، گوندەکەی سوتان و گەڕایەوە. دوای دوو ڕۆژ سەربازی سوارەی عێراقی لەناکاو هەڵیانکوتایە سەر گوندی وێڵەیەر.

لە 6/ئەیلول سەربازی سوارەی عێراقی کوتوپڕ چوونە دەرەوە و لە پاش نیوەڕۆ بە پشتیوانی تیپی ژمارە یەکی هێزی ئاسمانیی پەلاماری گوندی (کانی گۆمە)یان دا، لەسەر ئەو زانیارییەی، کە کەریم فەتاح بەگ لەوێ بووە. لیڤیەکان تەنیا ڕۆڵی پشتیوانییان دەگێڕا، هەواڵی بوونی دوژمن لەوێ، دەرچوو کە ڕاست نەبوو.

لە شەوی 78/ئەیلول پەلاماری گوندەکانی عازەبان، کانی دڕکە و بزەینیان درا. سوپاکە بریتی بوو لە دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤی و دوو تیپی سەربازی

عێراقی. ڕێگاکە دیسانەوە بە دەربەندی گۆیژەدا لادەدا، کە تا سوپاکە گەڕایەوە داگیرکرابوو. گوندی عازەبان چواردەوری گیراوە و دوو کەرتی سەربازی عێراقی لەوێ مایەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی و سوپاکە چوو بۆ کانی دڕکە. کوردەکانیش بە دەوری گوندەکەدا دادەمەزراون، کاتێ، کە تیپی پێشەوەی لیڤیەکان بە رابەریی سەرتیپ ماککەی لویس- Captain K. F. McKay-Lewis، ڕێی خۆی بەدەوری گوندەکەدا خۆش دەکرد بۆ ئابلۆقەدانی و تا دەستیشی بگات بە تیپەکەی سەربازی عێراقی، کە نێراوە بۆ دەورەدانی لاکەی تری. شەڕ لە تاریکیدا بەرپابوو، ئاشووریەکان بە سەرەنێزە و قەمەکانیان پەلاماری کوردەکانیاندا. ژمارەیەکی دیاریکراویان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، لە دۆزینەوەی ڕێگە لە کەلێنی نێوان لیڤیەکان و سەربازی عێراقی بۆ گوندی (شوکێ). تەقەکردن نیو سەعات بەردەوام بوو. 22 کوژراوی کورد کۆکرایەوە و 17 تفەنگ دەستی بەسەردا گیرا. فڕۆکەکانی پۆلی ژمارە یەك لە بەرەبەیاندا هاتنە سەر ناوچەکە و لە (شوکێ)وە تەقەیان لێکرا، گوندەکە بۆردومانکرا، گوندی کانی دڕکە سوتا. سوپاکە لە گوندی (بزەینیان)ەوە گەڕایەوە، کە چەند تەقوتۆقێك کرا و دووانی تر لە دوژمن کوژران. کەرتێکی سەربازی عێراقی لەلایەن سوارەکانی کوردەوە پەلاماردرا، لە کاتێکدا سوپاکە لە کانی دڕکە بوو، بەڵام رایانماڵێن. یەك لیڤیی ئاشووری کوژرا. دوژمن 24 کوژراوی هەبوو، چوار بریندار و 24 تریش بەدیل گیران.

ئۆپەراسیۆنی داهاتوو پەلاماردانی گوندی باخ و گۆپاڵەیە، ئەو دوو گوندە بۆیە دیاریکراوە چونکە کەریم فەتاح بەگ زۆر جار لەوێ دەمێنێتەوە. هەردوو ئەو شوێنە دەکەونە باکوری دەربەندی تاسڵوجەوە و لە سلێمانیەوە 18 میلێك دوور دەبێت.

دەبوو ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بێت بۆ دوو سوپا:-

سوپای رۆژهەلات: دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان، تیپێکی فەوجی سێیەمی سوارەی عێراقی و دوو تیپی سەربازی عێراقی.

سوپای رۆژئاوا: دوو تیپی فەوجی دووەمی سوارەی لیڤیی عێراق و یەك تیپی فەوجی سێیەمی سوارەی سەربازی عێراق.

سوپای رۆژهەلاٌت لە 16/ئەیلول لە تاسلۆجەدا کۆدەبنەوە و سوپای رۆژئاوا لە هەمان رۆژدا لە کانی شەیتان کۆدەبنەوە.

ئامانجی سوپای رۆژهەلاٌت گوندی باخ بوو، هەروەها ئامانجی سوپای رۆژئاواش گۆپالٌە بوو.

بۆ سەرنج راکێشان لەم ئامانجانە، پشکنەری کارگێڕیی سەرتیپ لایۆن- W. A. Lyon Captain، پرسیاری هەبوو بیکات لە عەربەت لەبارەی دەستەبەرکردنی پێداویستی لە ناوچەکەدا و رێبەرایەتیەکان بۆ گواستنەوەی سوپایەك بۆ قەرەداغ. سوپای رۆژهەلاٌت لە 16/ئەیلولدا لە تاسلۆجەدا کۆبوونەوە و لە نیوەشەوی 16‌17/ئەیلولدا چوونە سەر گوندی باخ. سەرکەوتنیان کورتی هێنابوو. کەریم فەتاح بەگ، 20 دەقیقە پێش ئەوەی سوپاکە بگات لەو ناوە بووە. پاسەوانەکانی دواوەی هەر ئێستا هەلٌهاتن و چوونە ناو بەردەکانەوە و چوار هێستریان لەبەردەستی سوپاکەدا جێهێشت. هەندێ تەقە کرا. باخ سوتێنرا و هەروەها ئەو گوندەی نزیکیشی، کە پێیدەوترا (گرگە)(کە لەوانەبێت مەبەستی گورگەیەر بێ- وەرگێڕ).

هێزی سوارە، گۆپالٌەیان گرت و هەروەها گوندەکانی تری ئەو ناوەیان پشکنی. بەرهەلٌستی تێدانەبوو، دەستیان گرت بەسەر نۆ تفەنگدا.

پێش ئەو ئۆپەراسیۆنە دوو کەرتیان بە رابەریی راب ئێما شیمۆێل تاییە، سەر بە بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق نارد، یەکێکی لیڤیەکان و یەکێکی سەربازی عێراقی، بۆ پشکنین و گەڕان بەدوای چەکدا لە گوندی تەپە شوانکارە. لەگەلٌ هەشت دیل و نۆ چەکدا گەڕانەوە.

هێزەکان بۆ سلێمانی گەڕانەوە و دوابەدوای ئەویش رۆژی دوایی چوون بۆ چەمچەمالٌ.

سەرکردایەتی هێزی ئاسمانیی فەرمانی بۆ سوپایەك نارد تا لە سلێمانیەوە بچێت بۆ ناوچەیەك، کە ناسراوە بە شارباژێڕ، مەبەستیش لەوە، بۆ ناچارکردنی شێخ مەحمود بوو، بۆ چۆڵکردنی ئەو دەربەندانەی، کە دەڕوانێت بەسەر کانی مانگادا، تا خێڵەکانی جاف بتوانن بچنە ناوەوە بێ ئەوەی باج بدەن بە شێخ مەحمود. سوپاکەش بریتی بوو لە دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق، سێ تیپی سەربازی عێراقی و یەکەیەکی بێتەل، لە 20/ئەیلولدا لەگەڵ پێداویستی 10 ڕۆژ، سلێمانییان جێهێشت و بەناو (چوارتا و دێگەڵ)دا چوون بۆ گۆڵـێ، کە کەوتۆتە لای باکوری دەشتی (پێنجوێن)ەوە، سوپاکە لە 23/ئەیلولدا دەگات. ئیدی شێخ مەحمود کانی مانگای چۆڵکرد و گەڕایەوە بۆ وڵاتی فارس، جافیش بەرەو باشوور چوون و سوپاکەش لە 30/ئەیلولدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بەرهەڵستیەکی زۆر کەم هەبوو، کە شایانی باسکردن نیە. لە 5/تشرینی یەکەمدا یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان لەگەڵ تیپێکی سەربازی عێراقی چوون بۆ هەڵەبجە بۆ شوێنی دوو فەوجی سوارەی لیڤی، کە چوون بۆ چەمچەماڵ.

لە مانگی تشرینی یەکەمدا سوپایەکی تر بە فەرمانەکانی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانیی، سلێمانی جێهێشت، بۆ ڕۆشتن بەناو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕێگەی گشتی سلێمانی و باشووری قەرەداغدا، بە ئامانجی مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ گوندی ناوچەکە کە خەریکی ئاژاوە نانەوەن دژی حوکومەت. ئەم ناوچەیە پیشتیوانانی کەریم فەتاح بەگی تێدا نیشتەجێ بوون و بڕێکی زۆر کێشەیان ناوەتەوە.

سوپاکە بریتیە لە بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق، (جگە لە دوو تیپ) بە ڕابەریی سەرتیپ مێری- Captain R. Merry و بەتالیۆنی دووەمی سوپای عێراقی بە ڕابەریی سەرهەنگ حەسەن حیلمی.

ئەم سوپایە لە 15/تشرینی یەکەم، سلێمانی جێهێشت و لە 17/تشرینی یەکەم گەیشتە چەمچەماڵ، کە سەرتیپ گرۆدن- Captain Growdon لەگەڵ هەندێ پۆلیسدا پەیوەندییان بە سوپاکەوە کرد. هەروەها لە 18/تشرینی یەکەمدا چەمچەماڵیان

جێهێشت و بەناو گوندەکانی شیرەدەر، حەفتا چەشمە، قادر کەرەم و وەستاخدردا رۆشتن و گەڕانەوە بۆ چەمچەماڵ، ئەو گوندانەیان وێرانکرد، کە دژی حوکومەت یاخی بوون و ماڵیاتەکەشیان راپێچکردن.

ئینجا بۆ هەمان مەبەست بە ناوچەی (داریکەلی)شدا رۆشتن و لە 28/تشرینی یەکەم گەڕایەوە سلێمانی. رووبەڕووی هیچ بەرەنگاریەك نەبوونەوە.

لە کاتێکدا ئەو ئۆپەراسیۆنانە بەڕێوەدەبرا، لەسەر رێگای نێوان کەرکوك و چەمچەماڵ، فەوجی دووەمی سوارە لە قەرە هەنجیر هاوبەشی لە چالاکیەکی بچوکدا کرد. ئەم گوندە لە ژمارەیەك رێگری و پەلامارەکانی کاروانەکاندا بەشداربوون. هەروەها ویستویانە هەوڵی تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلە زرێپۆشەکان بدەن. چواردەوری قەرەهەنجیر درا و سوتاندیان.

لە شەوی 27/28تشرینی دووەم، یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان بە رابەریی سەرتیپ فۆڕەیکەر- Captain Foweraker، هاوبەشی لە پەلامارێکدا کرد بۆ سەر (گۆمایە)، کە بەشێکن لە تیرەی سمایل عوزێری. ئەو خەڵکە لە مانگی حوزەیراندا پەلاماری مەخفەرەکەی سەر دەربەندی ئەزمڕیان دا، کاتێ سەرتیپ کۆفی- Coffey Captain ئەفسەری پەیوەندیەکان لەگەڵ سوپای عێراقیدا کوژرا. بۆیە ئۆپەراسیۆنەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن هێزی سوپای عێراقیەوە جێبەجێکرا، تیپەکەی لیڤیەکان وەك یەدەك راگیرابوو. شەوێکی ئەنگوستەچاو و باران بە لێزمە دەباری، بەڵام ئامانجەکە خێوەتگەیەکی گەورەی سمایل عوزێریە، لە بەرەبەیاندا چواردەوریان گیرا. پیاوەکانی خێڵەکە تا لێژاییەکانی پیرەمەگرون رایانکرد، هەندێ مەڕ و ماڵات و ئاژەڵی تر دەستیان بەسەردا گیرا. لە شەوی 10/11کانونی یەکەم، چوار هێز، یەکێك لە لیڤیی عێراق، دوو لە سوپای عێراقی و یەکێکیش لە پۆلیس، لە یەك کاتدا لە سلێمانیەوە چوونە دەرەوە بۆ کۆکردنەوەی پیاوەکانی شێخ مەحمود و خەڵکە داواکراوەکانی ناوچەکە، کە لە گوندەکانی نێو نیوەتیرەی بازنەیەکی پێنج میلیدان.

هەر سوپایەك ئامانجێکی بۆ دیاریکرابوو، شەوێکی ناخۆش بوو، باران بە توندی دەباری و رەشەبا هەڵیکردبوو. 53 دیلیان هێنا، کە بەهۆی گەڕان و پشکنینی وردەوە لەلایەن پۆلیسەوە، تەنیا ئەوانەی ناسراون یان گومانیان لێکراوە گرتویانن. هەروەها 21 تفەنگیشیان هێنابوو. تەنیا یەك هێزیان، دوو تیپی فەوجی دووەمی سوارەی سوپای عێراقی رووبەڕوی بەرهەڵستی بۆتەوە و دوژمن تا دەربەندی قەیوان لەلایەن دوو هێزەوە راونران و بۆی دەرچوون.

ئەوە دوا ئۆپەراسیۆن بوو لەو ساڵەدا. باران و بەفری زستانە بەتەواوی هاتووە و رێگای هاتوچۆ لە وڵاتەکەدا دەگیرێت.

دوو ئەفسەری بریتانی لە لیڤیدا ئەم ساڵ لە کارەساتی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەدا ژیانیان لەدەستدا. یەکێکیان، ئەفسەر گریفز- Lieut. J. E. Griffith لە فەوجی دۆرستشێر، بەتالیۆنی چوارەم، لیڤیی عێراق، لەکاتی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی لە 4/مایس لە کانی وتماندا کوژرا، ئەوی تریان ئەفسەر هیزەر- G. D. E. Heather .Lieut، سەر بە فەوجی وەفادار، سوارەی دووەمی لیڤی، ئەوەی، کە لەگەڵ ئەفسەری فڕۆکەوان پێنی- Flight Officer M. G. Penny، تیپی سوارەی ژمارە (30) (ب)، کوژران، کاتێ، کە فڕۆکەکە لە 8/تەموزدا لەسەر قەرەداغ کەوتەخوارەوە، بۆ چەند رۆژێکیش لاشەکانیان نەدۆزرایەوە.

لەماوەی ئەم ساڵەدا بوو، کە تیپی پزیشکی لیڤی بەتەواوی رێکخرا. سەرهەنگ ساندرسن- Colonel Sanderson، سەر بە هێزی لیڤیەکان، کارێکی زۆری کرد لە ماوەی گۆڕانی بارودۆخی نائارامدا لە ساڵەکانی 1922-23-24، بەتایبەتی لەماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی رەواندوز لە ساڵی 1923دا، کاتێ هێزەکە لە نالەبارترین کەشوهەوادا لە کاردا بوو، بەئاشکراش هیچ کەسێك دووچاری نەخۆشی نەهات. ئیدی لە وڵاتی خۆی پۆستێکی وەرگرت و سەرهەنگ سکێلتن- Colonel D. S. Skelton، کە مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە، لە 18/نیساندا شوێنەکەی

پڕکردەوە. هەموو لایەنی پزیشکی گەیاندە ئاستێکی تەواو باڵا، کە هەرگیز لەناونەچێت، مەشق لەسەر ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن کرا و رێکخران و ئامادەکاری لەسەر چاودێریکردنی خێزانەکان و خزمەتگوزاری پیاوان رێکخرا و خرایە سەر شێوەیەکی رێکوپێك. ئەوەش بە یەکگرتنەوە لەگەل مەرجەکانی، کە لەگەڵ سەرۆکی ئاشووریەکاندا لە 1922دا کراوە. لەسەرو ئەوەشەوە یەکەم پۆلی فریاگوزاری سەرەتایی دەستیپێکرد، کە لەژێر سەرپەرشتی کۆمەڵەی فریاگوزاری سانت جۆن، کە تا ئەو رۆژە زیاد لە 60 پیاو بەڵگەنامەی پێدراوە و ژمارەیەکی دیاریکراو تا ئاستی ئەوە چوونە پێشەوە، کە مەدالیا و پێناسە تایبەتەکان وەربگرن. لێهاتویی کاری کردەیی و کاری ئاینیی لە لقی پزیشکیدا زۆر زۆرە و تا رادەیەك بۆ هاوکاری و نیمچە یارمەتی تیپی نەشتەرگەری لە خزمەتگوزاری پزیشکی هیندیدا و بۆ لایەنی ئاینیی یەکەکە. لەمیانەی خزمەتکردنیان لەگەڵ لیڤیەکان چەندین خەڵات و مەدالیایان پێشکەش کراوە، وەك ئەوەی کە هاوبەشن لەم مێژووەدا.

# بەشی نۆیەم

# 1926

لە مانگی تشرینی دووەمدا، سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.- Cameron Colonel لە مۆڵەتی پشودان گەڕایەوە. سەرهەنگی دووەم- Lieut.-Colonel براون- Browne، فەرمانڕەوایی سلێمانی دایەوە دەست ئەو و لە 29/نیساندا فەرمانڕەوایی لیڤی لە سەرهەنگ- Colonel دۆبین- Dobbin وەرگرت، کە ئەویش گەڕایەوە بۆ بریتانیا بۆ فەرماندەیی فەوجەکەی خۆی.

لیڤیەکان لە ناوچەی سلێمانیدا ئەمساڵیان لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکاندا بەڕێکرد، هەروەها ئەوەشیان بۆ دەرکەوت، کە کەمکردنەوەیەکی گشتی دەستیپێکردووە و نزیکی ئەوەی کردۆتەوە لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکاریە جیاوازەکان لە بنکەکاندا کرا، بۆ شوێنگرتنەوەی لە دەوروبەری مانگی مایسدا. بنکەکانی دوو فەوجی سوارە گۆڕان، یەکەمیان ئێستا لە ئەربیلە، لەگەڵ تیپێك لە کۆیسنجاق و دووەمیشیان لە کەرکوکە، لەگەڵ هێزێك لە چەمچەماڵ. بەتالیۆنی سێیەم، کە لە ئاکرێ بوو لەگەڵ هێزێکی دوو تیپی لە ئامێدی، بەرەو سلێمانی کەوتنەڕێ، لە 19/مایسدا ئاکرێ جێدەهێڵێت بۆ جێگۆڕکێی بە بەتالیۆنی دووەم، کە تا رادەیەك لە ناوەڕاستی ساڵی (1924)ەوە لە ئۆپەراسیۆنی بەردەوامدا بووە. ئێستا تیپێك لە ئامێدیەوە لە رێکردنەکەدا پەیوەندییان

پێوەدەکەن، ئەوی تریش دوای بەتالیۆنەکە کەوتووە. بەتالیۆنی دووەم، دوای جێگۆڕکێ، چوو بۆ سەربازگەی دیانە، هێزەکانی کۆیسنجاق و چەمچەماڵ لەلایەن فەوجەکانی سوارەوە جێگۆڕکێیان پێکرا. لەسەر جێگۆڕکێی کۆیسنجاق لە 31/مایسدا، سەرتیپ فرای- Captain Fry، لەگەڵ تیپێکی بەتالیۆنی دووەم چوو بۆ دیانە و هەموو خێزانە ئاشووریەکانی کۆیسنجاق بۆ موسڵ. بەتالیۆنی چوارەم کانی وتمانی جێهێشت، کە لەمەودوا ئیدی ئەوێ بنکەی سەربازی نابێت، لەگەڵ خێزانەکانیاندا چوون بۆ موسڵ، هێزێکی یەك تیپی دەنێرن بۆ شێرامان، کە 12 میل رۆژئاوای ئاکرێیە، کە وەك شوێنی سەربازگە هەڵبژێراوە، لەبەر ئەو مەلاریایەی لە ئاکرێیە. بیناکانی کانی وتمان لەم سەردەمەدا دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر بەکاردێ لە بنیاتنانی سەربازگەیەکی نوێ لە دیانە. لە 20/مایسدا گەیشتە ئەوێ. تیپی چەکی رەشاش، بارەگا و بەشێکی لە رەواندوزە و بەشێکی لە کانی وتمان، بەشێك لە سلێمانی و بەشێکیشی لە چەمچەماڵ هەبوو. گۆڕینەوەی بەتالیۆنی سێیەم و بەتالیۆنی دووەم کەمی ئاڵۆز بوو، چونکە سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron لەگەڵ بەتالیۆنەکەیدا، لە ئۆپەراسیۆنەکان بوون و لە فەرماندەییەکی راستەوخۆدا بوو بە رابەریی سەرکردایەتی هێزە ئاسمانییەکان. بۆیە بڕیاردرا، کە سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron پێویستە لە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم کاتەدا بەردەوام بێت، تا تەواو دەبێت، بەڵام گۆڕینی یەك بەتالیۆن لەلایەن ئەوی ترەوە لەناو سوپاکەدا دەبێ لەهەمان کاتدا جێبەجێبکرێت. سەرهەنگی دووەم بارك- Barke Lieut.-Colonel دەبووایە لەگەڵ سێ تیپی بەتالیۆنی سێیەمدا، لە چوونی بۆ سلێمانی بەردەوام بێت و لە 6/حوزەیراندا گەیشتە سلێمانی، لە 9/حوزەیران لەگەڵ دوو تیپدا چوو بۆ پردی تانجەرۆ و جێگۆڕکێی بە دوو تیپی بەتالیۆنی دووەم کرد، کە لە 12/حوزەیراندا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ئێستا ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵەکە وەسف دەکرێت. سەرەڕای بارودۆخی کەشوهەوا کە زوو دەستیان پێکرد. لە 3/ئازاردا سەرهەنگی دووەم

کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron لەگەڵ یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان، دوو تیپی سوارە و یەك تیپی پیادەی سەربازی عێراقی سلێمانییان جێهێشت، بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کوردانەی لە ناوچەی قەرەداغ راپۆرتیان لەبارەوە دراوە. رووباری تانجەرۆ ئاوەکەی هەڵسابوو، دەشبێ پێیدا بپەرنەوە و ناوچەکەش ئاو دایپۆشیوە. لەلایەن سوارەوە هەوڵەکان بەشێوەی بەردەوام لە ئارادا بوو، بەپشتیوانی فڕۆکەکان، بۆ گرتنی ئەو دوژمنانەی راپۆرتیان لەبارەوە دراوە، کە لە گوندەکانی جافەران و زڕگوێزن، بەڵام کەس نەدۆزرایەوە، سوپاکەش لە 5/ئازاردا گەڕایەوە.

لە 9/ئازار بەهۆی ئەو هەواڵەی لەبارەی کەریم فەتاح بەگ و سابیری کوڕی گەیەنرابوو، گوایە لە قەرەداغ باج کۆدەکەنەوە، کامیرۆن دەرچوو بەنیازی هەوڵی دەستگیرکردنی لە قۆڵی روباری تانجەرۆ. خودی خۆی لەگەڵ یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان، فەوجی دووەمی سوارەی عێراقی (جگە لە یەك تیپی) و یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراقی چوون بۆ پردی تانجەرۆ و سەرتیپ گریموود- F. R. Grimwood Captain، کە مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە، لەگەڵ یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤیەکان و یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراقی ناردن بۆ قەرەداغ. لەلایەن سوپاکەی کامیرۆن و پۆلیس و پاسەوانانی هەڵەبجەوە، قۆڵی روباری تانجەرۆ تەنرابوو، کە بریتی بوون لە دوو تیپی سەربازی عێراقی. سوارەکان بەکاردەهێنران بۆ کاروباری (دیدەوانی- دوریە) گوندەکانی ناو دۆڵی تانجەرۆ و بۆ شوێنکەوتن ئەگەر پێویست بکات. گریموود هەوڵی دابوو کەریم فەتاح بەگ لەگەڵ پیاوەکانی بەرەو قۆڵی تانجەرۆ بهێنێت، لەو شوێنەی لە باشووری رۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور بازنەیەکی پێکهێناوە.

لە 10/ئازار باران بەلێزمە دەباری و ئاوی روبارەکە سێ پێ بەرزبووبۆوە. لە 12/ئازار گریموود- F. R. Grimwood ، لە قەرەداغەوە رۆشت، بە گوندی نەوتیدا تێپەڕی و تا دەربەند فەقەرە. لەوێدا بەرەنگاری دوژمن بوون و سوکە شەڕێك بەرپابوو، کە (راب

خەماش زیا نانوو) لەگەڵ پانزە پیاوێك بەریان بە پەلاماری کوردەکان گرت، لەکاتێکدا (راب خەماش گیورگیس شابۆ) بە پشتیوانی تۆپە لویسیەکانی دژە هێرشێکی کردەوە. کوردەکان بڵاوەیانکرد و بە هەموو لایەکدا هەڵهاتن. دوو کوژراو دۆزرایەوە و دوانزە تفەنگ کۆکرایەوە. ئیدی دوژمن لەو ناوەدا دەرنەکەوتنەوە و لە شەوی 13/ئازاردا، ئاوی روبارەکە نزمبووەوە، کەریم فەتاح بەگ و پیاوەکانی پەڕینەوە و دەرچوون.

لە 14/ئازاردا، گریموود- F. R. Grimwood، لە سیرا پەیوەندی کرد بە کامیرۆنەوە و لە 15/ئازاردا سوپاکە گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

لە مانگی حوزەیراندا سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron سلێمانی جێهێشت بۆ فەرماندەیی سوپایەك بە ئامانجی هاوکاری خێڵەکانی جاف بۆ کۆچکردن لە هەواری زستانەوە لە عێراقەوە بۆ ناو وڵاتی فارس، بێ ئەوەی ئەو باجە بدەن، کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە بەسەریاندا سەپێنراوە.

سوپاکە پێکهاتبوو لە:-

بەتالیۆنی دووەمی لیڤیی عێراق (دوو تیپ کەمتر).

دوو تیپی فەوجی دووەمی سوارەی سوپای عێراق.

یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراق.

کۆی 679 کەس و کاروانیەکی گەورەی 672 ئاژەڵی لەخۆگرتووە.

دوو دەرچوونی فڕۆکەی جەنگاوەری پۆلی ژمارە (1) و یەك دەرچوونی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی پۆلی ژمارە (30) هەڵبژێراون بۆ کارکردن لەگەڵ هێزەکە، ئاڕاستەی گشتی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە لە بەغداوە بوو.

هێزەکە لە 8/حوزەیران سلێمانی جێهێشت و چوو بۆ پردی تانجەرۆ، کە دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەم گەیشتن و تیپەکانی بەتالیۆنی دووەمیان گۆڕی، ئیدی گەڕانەوە بۆ سلێمانی. هێزەکە چوو بۆ سەربازگەی سەراو و ئینجا بۆ کەولۆس، لە 11/حوزەیراندا گەیشتە ئەوێ. هەموو دەشتەکە هەوارگەی جاف داپۆشیبوو، راپۆرت درابوو، کە شێخ

مەحمود لەشکر پێکدەهێنێت. یەکەم نیشانەی پەیامی دوژمنایەتی، کە کوردێك لە سوارەیەکی دیدەوانی- دوریە، کە لە شوێنێکدا راوەستاوە نزیك دەبێتەوە و تەقەی لێدەکات و ئەسپی ئەفسەریارەکە دەکوژێت.

لە 12/حوزەیران هێزەکە چووە پێشەوە بۆ ناو بەرزایەکان و لە سەعات 08:00 پاسەوانانی لای راستیش کەوتنە شەڕەوە، یەك پیاو لە لیڤیەکان بریندار بوو. هێزەکە بە ئاوی قەرەچوالان- Qarachulan، کە پێشیدەوترێ (ئاوی دۆڵە- Ab-i-Douleh)دا پەڕییەوە و لەسەر پارچە زەوییەکی بچوکی تەخت، کە دوو میل باکوری ناڵپارێز بوو هەڵیاندا. سوسەکەران هیچیان نەدۆزیەوە، بەڵام زانیاری درابوو شێخ مەحمود لەگەڵ هەشت سەد پیاودا لە کانی مانگایە، کە لەنێوان هێزەکە و (پێنجوێن)دایە.

لە 13/حوزەیران سوسەکردنێکی سەربازی عێراقی بە رابەریی سەرتیپ- Captain ریچ- Rich، کە (مەدالیای ئەفسەری سوارەی شاژنە ڤیکتۆریای وەرگرتووە) لە رێنمایی پیادەی دەستووری، دوو میل لە سەربازگەکەوە دوور، کوردەکانیان بینی و پەلاماریان دان و ناچاریانکردن هەڵبێن، زیانی یەك برینداریان دا. دوژمن لێرەدا بەکۆمەڵ لە کانی مانگادا دەبینرێن. لە 14/حوزەیراندا، زانیاری درا، کە شێخ مەحمود خۆی رێکدەخاتەوە و لە سەعات 10:00 چەکی نیشانگر- قەناصە دەستیپێکرد، دوابەدوای ئەوەش هێرشێك بۆ سەر سەربازگەکە، کە بۆ ماوەی چوار سەعات بەردەوام بوو لە داوێنی بەرزاییەکانی کانی مانگا و لە لای رۆژهەڵاتەوە. لە دەوروبەری سەعات 14:00 لە گرتنی خاڵێکدا لەلای چەپەوە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کە چەند جارێ لەوێوە بەرەوڕووی ژمارەیەك بەرهەڵستی دەوروبەرەکە دەبوونەوە. ئەفسەر- .Lieut کەرتیس- H. M. Curteis ، (هێزی شاخاوی سوکەی پیادە) لەگەڵ کەرتێکی بەتالیۆنی سێیەمی لیڤیەکان دژە هێرشێکیان کرد و کوردەکانیان گەڕانەوە دواوە، سەرکردەی کوردەکان و دووانی تریان کوشتن. لەلای رۆژهەڵاتەوە (لای راست)،

کوردەکان هێڵەکەیان بڕی بەڵام بەرهەڵستی کران. چڕی دارستانەکان ڕێگربوو لە پشتیوانی چالاکیی هێزی ئاسمانی. سێ پیاو لە سوپاکە بریندار بوون. ئەفسەر کەرتیس- Curteis و بارخو هورمیز- R.K. Barkhu Hormis هێما بە ناوەکانیان کرا بۆ کارە چاکەکانیان، کە کردویانە و (پتی خانینیا یەعقوب)- Pte. Khaninia Yakub بۆ ئازایەتی لە چالاکیدا.

لەو ڕۆژەدا فڕۆکەیەك لەپشتی هێڵی دوژمنەوە کەوتەخوارەوە و فڕۆکەوانەکە و عەدەد ڕەشاشەکەی دەستگیرکران و بۆ ماوەیەك بەدیلی مانەوە، بەڵام بە باشی چارەسەرکرابوون. لە 15 و 16/حوزەیراندا، سوپاکە لە پێگەی خۆیدا مابۆوە، خەریکی سوسەکردن بوون، کاتێ فڕۆکە بۆردومانی دەکرد و چەکی ڕەشاش تەقەی لە لوتکەکانی کانی مانگا دەکرد. زانیاری درا، کە شێخ مەحمود زیاتر خۆی ڕێکخستۆتەوە و بەشێکی لەلایەن جافەوە و بەشێکیش لەلایەن کوردەکانی وڵاتی فارسەوە، بەوەش هێزەکەی گەیاندە نزیکەی دوو هەزار چەکدار.

لە 17/حوزەیران، دیدەوانیەکی هاوبەش لە لیڤیەکان و سەربازی عێراقی، ئەفسەرێکی خەڵکی ناوچەکە دەستیکرد بە فەرمانڕەوایی و کوتوپڕ هێرشیانکردە سەر چەکە نیشانگرەکانی دوژمن لەلای باشووری ڕوباری قەرەچوالان- Qarachulan و ناچاریانکردن هەڵبێن. سەربازێکی سوپای عێراقی بریندار بوو. لە 18/حوزەیران، دوژمن بە چەکی نیشانگر- قەناصە تەقەیان لە سەربازگەکە کرد و لەلایەن پۆلی ژمارە (30)ەوە تۆپباران کران و درانە بەر ڕەشاش.

بۆ بەیانیی ڕۆژی دوای ئەوەی لە تواناادا بوو کردیان. لە هەموو لایەکەوە تەقە بوو، لە سەعات 02:00 و لای ڕاست لە 04:30 هێرشی کرایەسەر، بەڵام ئەو پەلامارە بەرپەرچی درایەوە و دوای ئەوەی درایە بەر ڕەشاش و لەلایەن فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی پاشایەتیەوە بۆردومانکران، ئیدی کەمێ گوللەبارانی دوژمن کزبوو. بەیانی ئەو ڕۆژە هێزەکەی شێخ مەحمود گەڕایە دواوە. لە سەعات 14:00 کامیرۆن، بارکی-

Barke نارده پێشەوە لەگەڵ تیپێك لیڤی و تیپێك سەربازی عێراقی بۆ سوسەکردن لە کانی مانگادا، روانیان چۆڵە. کامیرۆن لەگەڵ تیپێکدا یەکسەر چووە سەرەوە و بەرزایەکانیشی گرتەوە. لە 21/حوزەیران دوای بەرهەڵستیەکی سوك پێنجوێن گیرا.

لە 25/حوزەیران سوپاکە پێنجوێنی جێهێشت و لە 26/حوزەیران گەیشتە خورماڵ، کە دەیویست سەرتیپ برۆدیە- Captain Brodie ببینێت کە سەرتیپی تیپێکی سوپای عێراقیە. ئەویش بەردەوام بوو لە چوونە پێشەوە و بەرەنگاری کوردەکان بوون لە شوێنەکە. شەڕ دەستیپێکرد و دووان لە کۆمەڵەکەی برۆدیە- Brodie کوژران و خۆی و سێ کەسی تر بریندار بوون. گەیشتنی سوپاکە بارودۆخەکەی پاراست و دوژمن کشانەوە و لاشەی سێ کوژراویان جێهێشت.

لە 27/حوزەیرانەوە تا مانگی تەموز سوپاکە لە خورماڵ مایەوە، چالاکی دژی یاخیبووان دەکرد و خەلە و خەرمانیان دەسوتاند. لە 31/حوزەیراندا گەڕانەوە سلێمانی. تیپێك لە سوپای عێراقی بۆ پاسەوانی خورماڵ بەجێهێڵرا.

لە کاتێکدا ئەو ئۆپەراسیۆنانە لە پرۆسەدا بوو، فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی لە دەوروبەری ناوچەی نێوان کەرکوك و دەربەندی بازیان هەندێ کاری بەکەڵکیانکرد. تا مانگی مایس فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی لە ئەربیل بووە و فەوجی دووەمیش لە کەرکوك، لەگەڵ هێزێکی سەربەخۆ لە کۆیسنجاق.

لە مانگی مایسدا بنکەی دوو فەوج گۆڕان، فەوجی یەکەم لە 18/نیساندا لە ئەربیلەوە گەیشتە کەرکوك، فەوجی دووەمیش کەرکوکی جێهێشت و لە 23/نیسان گەیشتە ئەربیل. هێزە جیاکەی کۆیسنجاق ئێستا لەگەڵ فەوجی دووەمی سوارەدایە لە ئەربیل و فەوجی یەکەمی سوارەی لیڤی لە کەرکوك تیپێکی لە چەمچەماڵ داناوە و تیپێکی بەتالیۆنی یەکەمی (عەرەبی هۆڕەکانی) لەوێ گۆڕی، کە پەیوەندییانکرد بە لیڤیەکانەوە لە سلێمانی.

لە شەوی 9/حوزەیراندا، زانیاری گەیشت، کە کەریم فەتاح بەگ لە موزەفەر بووە. تیپی (س) سوارەی یەکەمی لیڤی، بەیانیی ڕۆژی دوایی هەر زوو ڕۆشت، نزیکەی 28 میل ڕێیکرد و دەوری موزەفەری گرت و پاشان دەرکەوت، کە ئەوان ئەو ناوەیان جێهێشتووە. سەردانی گوندەکانی ئەو دەوروبەرەیان کرد و لە 11 و 12/حوزەیراندا و بە دوو قۆناغی 60 میلی بۆ کەرکوك گەڕانەوە، لە 14/حوزەیران چوونە ناو کەرکوکەوە. لە 17/حوزەیران زانیاری درا، کە لە داریکەلی پەنجا میل دوور لە کەرکوکەوە. سەرهەنگی دووەم- Lieut.-Colonel ئەلەکساندەر- L. Alexander ئەو شەوە لەگەڵ تیپی (A) کەرکوکیان جێهێشت، بۆ پەیوەندیکردن بە تیپی (B)ەوە بە فەرماندەی سەرتیپ- Captain کینایرد- Kinnaird لە چەمچەماڵ لە سەعات 04:00 لە 18/حوزەیراندا. ئەو ویستی ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوام بێت، بەڵام لە 8:30 بەیانی پەیامێکیان بۆ هات دەڵێت فڕۆکەیەکی پۆلی ژمارە (30) لەسەر مەملەحە، کە نزیکەی 30 میل دوورە، لە خاکی دوژمندا کەوتۆتە خوارەوە. سەرتیپ- Captain کینایرد- Kinnaird دەستبەجێ لەگەڵ تیپی (B)دا دەرچوون و فڕۆکەوانەکە و عەدەد ڕەشاشەکەیان هێنایەوە، لە 12 سەعاتدا شەست میلیان پاماڵکرد. لە 18/حوزەیران لە سەعات 9:00 سەرلەبەیانیدا گەیشتەوە. زانیاری درا، کە کەریم فەتاح بەگ لە (مۆرتەکە)یە، سەرهەنگی دووەم ئەلەکساندەر- Lieut.-Colonel L. Alexander ڕۆژی دوایی، لە 19/حوزەیراندا بە ڕەوتێکی خێرا چوو بۆ ئەوێ و هەوڵیدا بیگرێت. لەوەش دەرباز بوو، تیپەکەش گەڕایەوە بۆ کەرکوك. تیپی (B) لە چەمچەماڵ، لە ڕۆژەکانی 23 و 24/حوزەیراندا کەوتە سوسەکردنی ناوچەکە و ئەو لە نزیکی قەرەتەمار- Qaratumar شوێنەکەی دیاریکرا، سەرهەنگی دووەم ئەلەکساندەر- L. Lieut.-Colonel Alexander چوو بۆ ئابڵوقەی شوێنەکە. لە ئەنجامی بینین و ڕاونانیدا خەڵکی ناوچەکەی هاندا بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو پیاوە، کە زۆر بە ئاسانی لەسەر ڕاوڕووت و تۆقینی خەڵکی دەژیا. ئەلێکساندەر لە قەرەتەمار- Qaratumar

نەیدۆزییەوە، تیپەکەی کشانەوە و لە دۆڵێکی نزیکی ئەو ناوە خۆیان حەشاردا و بە نهێنی چوون بۆ مۆرتەکە، پێیوابوو کەرم فەتاح بەگ لەوێیە. بەهەرحاڵ، ئەو مۆرتەکەی جێهێشتبوو بەر لەوەی تیپەکە بگات و گەڕابووەوە بۆ قەرەتەمار و لەوێ گوندیەکان، کە نەیاندەزانی تیپەکە رۆشتووە و بە هیوای ئەوەی لە پشتەوە بە هانایانەوە دێن، تەقەیان لە تاقمەکەی کەریم فەتاح بەگ کرد و بریندارکرد، کە هەر بەو برینداریە مرد. ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ناوچەکە. لە مانگی تەموزدا بە گەڕانەوەی سوپاکە لە ناوچەی سلێمانیەوە بۆ شاری سلێمانی، سەرهەنگی دووەم کامیرۆن جێیهێشت و لە دیانە فەرماندەی بەتالیۆنەکەی خۆی گرتەوە دەست. سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke ئەفسەری فەرماندەی بەتالیۆنی سێیەم، فەرماندەیی ناوچەی سلێمانی گرتە دەست. بارەگا و تەواوی بەتالیۆنەکە لە 1/تەموزدا گەیشتن. لە ئامادەنەبوونی سوپاکەدا، هەندێ هەنگاو نرا بۆ ئەوەی دەستوور لە قەرەداغدا پیادەکەنەوە. لە 14/تەموزدا دوو کەرتی بەتالیۆنی یەکەمی لیڤیی (عەرەبی هۆرەکان) سلێمانییان جێهێشت و بە دەربەندی گڵەزەردەدا چوون بۆ قەرەداغ، لە 16/تەموزدا گەیشتن. لەوێدا مانەوە و شوێنی خۆیان وەرگرت و پاسەوانیی مەخفەرە نوێکەی پۆلیسیان دەکرد، تا بانگکرانەوە بۆ ئەوەی بچنەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بچنەوە ناو بەتالیۆنەکەی خۆیان، کە خەریکە بگۆڕێت بە سوپای عێراقی.

ئۆپەراسیۆنەکان لە سلێمانی تا کۆتایی ساڵەکە بەردەوام بوو. لە 20/ئاب سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Bark لەگەڵ بارەگا و یەك تیپی بەتالیۆنی سێیەمی لیڤیی عێراقی و یەك تیپی بەشی لاوەکی چەکی رەشاش و یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراق بۆ سوسەکردن دەرچوون، بەناو ناوچەی لای باکوری قەرەداغ لە دەربەندی باسەرەوە بۆ دەربەندی پەیکوڵی. ئامانجەکەش ئەوە بوو شارەزاییەکی فراوان لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێت لە دیدی ئەوەی کۆنترۆڵی جموجوڵی جاف لە داهاتوودا

بکات. سوپاکە بەناوچەکەدا رۆشت و لە 30/ئابدا بەبێ هیچ بەرهەڵستیەك، گەڕایە بۆ سلێمانی.

لە 6/ئەیلول سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke دیسانەوە لەگەڵ تابورێك سلێمانی جێهێشت، کە پێکهاتبوو لە بارەگا و دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەمی لیڤیی عێراق و بەشێك لە چەکی رەشاشی لیڤیی عێراق و یەك تیپی سوپای عێراقی. ئامانج لە پێکهێنانی ئەو هێزە بۆ بەکارهێنانی وەك پێویست لە پەیوەندیکردن لەگەڵ (سالار ئەلدەولە)، بە روالەت پاشای فارسی، کە زانیاری لەبارەیەوە هەیە، کە گوایە لە عێراقدا بێت. بەهەرحاڵ، لە 8/ئەیلول لە گەیشتنی بە خورماڵ، بارك- Barke فەرمانی لەلایەن سەرکردایەتی هێزی ئاسمانییەوە پێکرا، کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی ئێستا جێبهێڵێت بۆ تابورێکی سوپای عێراقی. لە 12/ئەیلولدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و یەکسەر جارێکی تر فەرمانی پێکرا لەگەڵ سوپایەك بچێت بۆ ناوچەی (گۆڵێ)، بە مەبەستی رێگرتن لە شێخ مەحمود، تا سەرانە و باج نەسەنێ لە خێڵی جاف لەکاتی تێپەڕبوونیان بە باشووردا بەناو دەشتی پێنجویندا. لەسەرو ئەوەشەوە، دەبووایە هاریکاری هێزەکەی سوپای عێراقی لە خورماڵ بکردایە، کە خرابووە ژێر فەرمانی ئەوەوە. بارەگا و سێ تیپی بەتالیۆنی سێیەمی لیڤیی عێراقی و یەك بەشی چەکی رەشاشی لیڤیی عێراق و دوو تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراق و یەکەیەکی بێتەلی برد. هەروەها یەك دەرچوونی فڕۆکەی پۆلی ژمارە (1) و یەك دەرچوونی فڕۆکەی پۆلی ژمارە (30) لەگەڵ سوپاکە رێکخرابوو بۆ یارمەتیدان. سوپاکە لە 16/ئەیلولدا سلێمانی جێهێشت و لە 18/ئەیلولدا گەیشتە (گۆڵێ). لە نزیکی قزڵجەوە هەندێ سوکە بەرهەڵستی هەبووە و کۆمەڵێ ئەفسەری کارگوزاری تایبەت لە نزیك پێنجوێنەوە تەقەیان لێکرا. لەنێوان شێخ مەحمود و سەرکردایەتی هێزی ئاسمانیی لەبارەی مەسەلەی دوو فڕۆکەوانە دیلەکانەوە دانوساندن لە ئارادا بوو، ئەفسەری فڕۆکەوان دەنی- Flight Denny

Lieutenant و عەدەد ڕەشاشی فڕۆکەکە هیرست- Hirst، کە لە مانگی حوزەیراندا دەستگیرکراون. هەردووکیان تەندروسیان لەبارنەبوو. بە ڕێکەوتن لەگەڵ شێخ مەحموددا، سەرتیپ شۆ- Captain F. R. Shaw، کە (مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە) ئەفسەری پزیشکە و سەر بە لیڤیی عێراقە، چوو بۆ بارەگای شێخ مەحمود لە ولەژێر و دیلەکانی بینی، لە هەمان کاتدا دانوسانیش هەر بەردەوامە. شێخ مەحمود ریکەوت هەردووکیان بداتەوە دەستیان، بە مەرجێ لەوە نەچێت، کە ئەو زۆری لێکراوە ئەو کارە بکات. ئاگربەست درێژەی پێدرا، سوپاکە لە 6/تشرینی یەکەمدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و شێخ مەحمودیش فڕۆکەوانەکانی لە 8/تشرینی یەکەمدا ناردەوە.

لە 16/تشرینی یەکەم، بارك- Barke دیسانەوە چووە دەرەوە بۆ یارمەتی دەستەڵاتی مەدەنی لەبارەی باج سەندن و غەرامەکردنەکانی جافەوە و دەستگیرکردنی خەڵکانێکی دیاریکراو. بارك- Barke دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەم و بەشێکی چەکی ڕەشاشی لیڤیی عێراقیش پەیوەندی پێوەکرد و دوو تیپی بەتالیۆنی چوارەمی سوپای عێراقی برد بۆ سەر ئاوی تانجەرۆ. لە 16/تشرینی یەکەم سلێمانییان جێهێشت. یەك تیپی لیڤیی عێراقی هەر ئەو کاتە لە پەیکوڵی پەیوەندیکرد بە هێزێکی سوپای عێراقیەوە بە رابەریی سەرتیپ گرانت- Captain Grant. سوپاکە بەناو ناوچەکەدا ڕۆشت و لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ دەستەڵاتی مەدەنیدا و دوای تەواوکردنی کارەکە لە 10/تشرینی دووەمدا گەڕایەوە.

لە 28/تشرینی دووەم، بەرلەوەی زستان بەسەردابێت سوپای دوایی چووە دەرەوە. بارك- Barke هەمان هێزی ئاسایی برد، دوو تیپی بەتالیۆنی سێیەم و بەشێك چەکی ڕەشاشی لیڤیەکان و تیپێك لە سوپای عێراقی. ئەو تیپە لە 28/تشرینی دووەمدا جێیهێشت و بەناو دەربەندەکانی گەورەقەڵا و پەیکولیدا لەلای پێبازەوە چوو بۆ دیالە. جگە لە پۆلیس، سوپاکە دووچاری هیچ بەرهەڵستیەك نەهات. مەخفەری پۆلیسەکەی

پەیکولییان دامەزراند و سوپاکە دیسانەوە لە 3/کانونی یەکەمدا گەڕایەوە سلێمانی.
بە وردی دوای دوو ڕۆژ زستان بەسەرداهات و هەموو ئۆپەراسیۆنەکان ڕاگیران.
مەسەلەیەکی بچوکی تر، کە لیڤیەکان پێوەی سەرقاڵ بوون، ئەویش نزیك ڕەواندوز بوو، کە لە کۆتایی ساڵدا ڕوویدا. سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.- Cameron Colonel لەگەڵ بەتالیۆنی دووەم لە دیانە بوو، کە لەو کاتەدا لە سلێمانی زۆر چالاك بوو. قایمقامەکەی ڕەواندوز ئەو سەردەمە سەید تەها بوو، کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کورد و لەلایەن حوکومەتەوە دانراوە. تەمەننای ئەوەی دەکرد، کە سەرکردەیەکی کورد بەناوی ئەحمەد بێگۆك لەو ناوە دەستگیربکات و بەفەرمانێك لەلایەن سەرکردەی هێزی ئاسمانییەوە، فەرمان بۆ سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron دەرچوو، کە هاوکاری بکات. قایمقامەکە پێشنیاری بۆ کامیرۆن کرد، کە لەگەڵ پۆلیسەکانی چواردەوری (موسا خۆوا- Musa Khowa) بگرێت، پێش بەرەبەیانی ڕۆژی 8/کانونی یەکەم دەستبگرن بەسەر گوندەکەی (ئەحمەد بێگۆك)دا، لەکاتێکدا کامیرۆن دوای ئەوە ڕۆژی پێشو چووە دەرەوە، دەبوو هەموو هۆکارەکانی گەڕانەوەی لە باکور و ڕۆژئاواوە دابخستایە. شەوێکی زۆر سارد بوو، بەفرێکی زۆریش باریوە. کامیرۆن بەشێك لە پلانەکەی جێبەجێکردووە، بەڵام سەید تەها دوو سەعات پێشتر لە کاتی دیاریکراو هێرشیکرد و ئەحمەد بێگۆك دەربازبوو. کامیرۆن تۆزێ شەڕی لەگەڵ هەندێ لە پشتیوانانی ئەحمەد بێگۆك کرد و پیاوێکی بریندا بوو.
چوڵکردنی شیرەمان ڕێکخرا و ئەو تیپەی لەوێیە دەبێ بچێت بۆ موسڵ. لەلایەن بەرپرسی شارستانیەوە هۆکاری جیاوازیش دانرابوو، ئیدی مەندوبی سامی بڕیاریدا، کە پێویستە سەربازگەی لیڤی لە ئاکرێ هەبێت. لەبەرئەوە شیرەمان چۆڵکرا و هێڵە کۆنەکەی، کە لە ئاکرێ بوو چاکرایەوە و لە 7/کانونی یەکەمدا لەلایەن تیپێکی بەتالیۆنی چوارەمەوە بەکاردەهێنرایەوە.




بوارەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی لیڤی 1921- 1930

# بەشی دەیەم

## 1927-1926

ئەم ساڵ، کە هێزی لیڤیەکان لە ڕێگای یەکگرتنەوە و تێکەڵکردنەوە کەم دەکرێتەوە، یان بە بڵاوەپێکردن، کە لە ڕاستیدا دەستپێکرد. ئەوەش بەپێی سیاسەت، کە وەك یەکەکانی سوپای عێراقی مەشقی پێکرا، ئیدی لیڤی دەبێت نەمێنێت.

لە مانگی حوزەیراندا، لە سەرکردایەتی هێزەکانی ئاسمانییەوە فەرمانەکان بۆ یەکگرتنەوەی فەوجەکانی یەکەم و دووەمی سوارە هات، کە لەم شوێنانەی لای خوارەوەن:- فەوجی یەکەمی سوارە لە ئەربیل، لەگەڵ تیپێك لە کۆیسنجاق. بە رابەریی سەرهەنگی دووەم تێرۆت- Lieut.-Colonel C. R. Terrot، کە (مەدالیای خزمەتگواری هەڵکەوتووی وەرگرتووە). فەوجی دووەمی سوارە لە کەرکوك، لەگەڵ تیپێك لە چەمچەماڵ، بە رابەریی سەرهەنگی دووەم ئەلەکساندەر- L. Alexander Lieut.-Colonel. ئەم یەکگرتنەوەیە 7 ئەفسەری بریتانی و 2 ئەفسەریاری بریتانی و 350 پلەی تری دانیشتوی وڵاتەکەی کەمکردەوە.

یەکگرتنەوەکە بەم شێوەیە کرا:- لە 19/حوزەیراندا سوپای عێراقی دەستیگرت بەسەر (ئەربیل)دا، کە سەرهەنگی دووەم تێرۆتی- Lieut.-Colonel C. R. Terrot ئازادکرد تا لەگەڵ ڕێکخستنەکەدا بگونجێت.

لە 14/ئاب، تیپەکەی فەوجی یەکەمی سوارە، کۆیسنجاقی جێهێشت و لە 16/ئابدا دەگاتە ئەربیل، کە لەگەڵ فەوجی یەکەمی سوارە یەکدەگرێتەوە. یەکگرتنەوەکە لەسەر کاغەز تەواوبوو، لە میانەی سێیەم هەفتەی مانگی ئابدا، ئەفسەرەکان و پیاوەکانی سوارە هەموو دەستیانکرد بە چوون بۆ کەرکوك، کە فەوجە نوێکانی یەکەم و دووەمی سوارەی لیڤی بنکەی تێدا کردووە. هەموو کارەکە تەواوبووە و نووسینگەیەکی بچوکی تێدا کرایەوە، ئەوەی ئەربیل لە 5/تشرینی یەکەمدا داخرا. سەرهەنگی دووەم ئەلەکساندەر- Lieut.-Colonel L. Alexander فەرماندەیی فەوجی یەکەم و

دووەمی سوارەی نوێی وەرگرت. سەرهەنگی دووەم تێرۆت- Lieut.- C. R. Terrot Colonel چوو بۆ موسڵ و بوو بە کەسی دووەم لە فەرماندەیی لیڤیەکان. هەموو کاری یەکگرتنەوەکە بە باشی دەچوو بەڕێوە، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەی کەرکوك بۆ سلێمانی لەو ماوەیەدا پێویستی بە پاسەوان هەبوو، چونکە جارجار لە ناوچەکەدا پەلاماردانی بەخۆوە دەبینی.

ئەم تێبینیەی لای خوارەوە لە فەرمانەکاندا لەسەر تەواوی یەکگرتنەوەکە ئاشکراکرا.

" ناتوانم فەوجەکانی یەکەم و دووەمی سوارە وەك یەکە جیاکراوەکان لە لیڤیی عێراقی پشتگوێ بخەم، بێ ئەوەی بەیانی سوپاسی خۆمیان بۆ نەکەم، لەبارەی کارە نایابەکانیان لە رابردوودا و زۆریش بەداخەوەم بۆ ئەو تێکەڵکردنە."

بەدرێژایی دوو ساڵی رابردوو، ئەوان لە کوردستان سەرقاڵی ئۆپەراسیۆنەکان بوون و لەگەڵ سەرکەوتندا بەردەوام بوون.

" رۆڵیان لە دەرەوە و لە رێکخستنەکان و هەروەها ئەسپەکانیشیان بوونەتە جێی شانازی بۆ خۆیان و بۆ هەموو هێزەکە، من لێرەدا دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەفسەران و بریکاران و ئەفسەریاران و سەربازان بکەم، ئەوانەی، کە بە کارە سەختەکانیان ئەم ئەنجامە شیاوەیان هێناوەتە بەرهەم."

لە مانگی تەموزدا فەرمان درا بە گواستنەوەی بەتالیۆنی یەکەمی عەرەبی هۆرەکان بۆ ناو سوپای عێراقی. ئەو رۆژەی، کە ئەو کارە دەبوو جێبەجێکرێت، 1/کانونی دووەم/1927 بوو. ئەنجومەن لە میانەی ئەو ماوەیەی رێکخستنەکەی تێدا دەکرا، لە قەیراندا بوو، بۆیە گواستنەوەکە بۆ 2/شوبات/ 1927 دواکەوت.

دوو تیپی ئەم بەتالیۆنە لە ناوچەی سلێمانی لە کاردابوون و بەتالیۆنەکەش لە بەغدا ئەرکی پاسەوانیان جێبەجێ دەکرد. تیپەکانیان گەڕانەوە و ئەرکی پاسەوانیەکەش لەلایەن یەکەکانی سوپای هیندیەوە گیرایەدەست و بەتالیۆنەکە لە سەربازگەی رۆژئاوای بەغدا کۆبوونەوە.

وەزارەتی بەرگری بڕیاریدا بە دامەزراندنی چوار ئەفسەر و دوو ئەفسەریاری بریتانی، ئیدی ئەوانی دی دەچن بۆ یەکەکانی تری لیڤی، یان دەستبەرداری کارەکانیان دەبن. سێ ئەفسەری بریتانی کارەکەیان گرتە ئەستۆ.

گرانترین خاڵ ئەوە بوو کە پەیوەندە بە ئەفسەرانی خەڵکی وڵاتەکەوە. کێشەکەش شارەزاییە، ئەفسەری سوپای عێراقی پێشبینی دەکرێ شارەزایی تەواوی هەبێت، کە هەستێت بەکاری پێویست لە بەتالیۆنێکدا. ئەفسەرەکانی بەتالیۆنی یەکەمی عەرەبی هۆرەکان هیچ کارێکی لەو جۆرەیان نەکردووە. ئەفسەرە بریتانیەکە لە فەرماندەی جێبەجێکاردا بووە و هەموو کارێکی پێویستی کردووە. ئەفسەری خەڵکی وڵاتەکە بەهۆی توانای کاری کردەییەوە هەڵبژێراوە و لەبەر هۆکارەکانی خێڵایەتی، بە واتایەکی دی، کە کەسایەتیەکی کاریگەرە و خەڵکی دوادەکەوێت و لە توانایدایە لە گۆڕەپانی جەنگدا خۆی بسەلمێنێت. ئیدی فێرکردن و راهێنان رۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. خاڵێکی ئاشکرا دژی ئەوە بوو، کە ئەگەر دەسەڵاتی سوپای عێراقی نەیەوێت ئەفسەرەکانی خەڵکی وڵاتەکەی، کە هەیە وەربگرێت، لەبەرئەوەی لەوانەیە بەرەنگاری کێشە ببنەوە و زووربەی پیاوەکان نەیانەوێت بە رابەریی ئەفسەرانی خەڵکی وڵاتەکە بمێننەوە، کە هیچ نازانن. بەهەرحاڵ، بڕیاردرا، کە دەبێ لە تاقیکردنەوەیەکدا دەربچن.

بۆ ئەم مەبەستەش بە ئامادەبوونی ئەفسەرێکی سەرکردایەتی لیڤی لە ئەنجومەنەکەدا، تاقیکردنەوەیەکیان بۆ رێکخرا. لەکۆی 17 ئەفسەری خەڵکی وڵاتەکە، سیانزەیان بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادەبوون. هەر هەمووشیان دەرنەچوون. تەنیا یەکێکیان لە پلەی سەرەتایی نووسین و خوێندنەوەی عەرەبی کەمێ زیاتر شارەزابوو.

لە 1/شوباتی/1927دا، 111 لە پیاوەکان دەستبەجێ گواسترانەوە و 78 زیاتری لەدوای گواستنەوەکە لە بەتالیۆنەکەدا تۆمارکرایەوە. سەرتیپ دیگۆری

Captain G. S. H. R. V. DeGaury -، کە (مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە) و سەرتیپ پاکەر- Captain E. V. Packer لەگەڵ بەتالیۆنەکەدا

ناردیاننە ناو سوپای عێراقیەوە، سەرتیپ دۆنێلان- Captain J. N. Donnellan ئەویش وەك ئەفسەری زانیاری چوو بۆ سوپای عێراقی. سەرهەنگی دووەم ئارچەر- F. Lieut.-Colonel J. E. Archer فەرماندەیی بەتالیۆنەکەی دەکرد، دوای ئەوەی رادەستی کرد، ئیدی ولاتەکەشی جێهێشت و دواتر مەشق و راهێنان و پێگەیاندنی پاسەوانانی (مەهاراجای کەچ - Maharajah of Cutch)ی گرتەدەست.

بەتالیۆنی یەکەم لە سوپای عێراقیدا بوو بە بەتالیۆنی حەوتەم .

لە هەمان کاتدا هەڵوەشاندنەوەی تیپی تۆپ هاوێژی لیڤی لە پرۆسەدا بوو. فەرمانی جێبەجێکردنی ئەوە لە 14/کانونی یەکەم/1926دا هات. لەو کاتدا نامەیەکیش لە نووسینگەی مەندوبی سامیەوە گەیشت و تیایدا دەڵێت:-

" بە پەیوەندی لەگەڵ فەرمانەکان، کە دەرچووە بەجیا پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی تیپی تۆپ هاوێژی لیڤیەوە. خاوەن شکۆیان بە داخە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکەیە، لەوانەی کە هۆشمەندی و کارایی زۆریان لە راپۆرتەکاندا بەیانکراوە.

فەرماندەی باڵی ستافۆرد

رازگری دارایی بۆ خاوەن شکۆی

مەندوبی سامی بۆ کاروباری عێراق."

بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی، هاوسۆزی خۆی و داخ و پەژارەی دەربڕی.

بۆ دەستپێکردن بە هەڵوەشاندنەوە، رۆژەی 24/کانونی دووەم/1927 بۆ دیاریکراوە. پێشەنگ گایس- Major V. R. Guise، کە (مەدالیای خاچی سەربازیی وەرگرتووە)، فەرماندەی تیپەکە، بە کارێك گەڕایەوە بۆ بریتانیا. بۆ کاریگەری کەمکردنەوە لە توانای هێزەکە نەمانی ئەم یەکەیە هۆیەك دەبێت. شوێنەکانی یەك سەرتیپ و چوار ئەفسەری پلە یەك، کە بڕیارە بە تەواوبوونی ماوەی خزمەتەکەیان جێیبهێڵن پڕنابێتەوە.

له ئەفسەریارە بریتانیەکاندا، تەنیا کلارك- M. W. Clark گەڕایەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی و سیانەکەی تر دوورخرانەوە بۆ یەکەکانی تری لیڤی. لە ئەفسەرە ئاشووریەکانی خەڵکی وڵاتەکەش، دووانیان دوورخرانەوە بۆ بەتالیۆنەکانی تر و یەکێکیش لە کارخرا. سەردەستەی یەکەمی تیپەکە و سەردەستەی دووەم وسەردەستەی سێیەم و پلەکانی تری ئاشووریەکان دابەشکران بەسەر بەتالیۆنەکانی تردا. 46 راهێنراو بۆ سەر یەکەکانی پشتیوانی چوون بۆ بەتالیۆنی چوارەم و شوێنی 46 ئیزیدیەکەیان وەرگرت، کە لە کارخرابوون. ئاژەڵەکانیش بەشێوەیەکی گشتی خرانە شوێنی ئاژەڵە ماندووەکان، چەك و کەرەستەکانیش بۆ سوپای عێراقی. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە لە 28/شوبات/1927دا بووە هۆی نەمانی بەتالیۆنی یەکەمی عەرەبی هۆرەکان و تیپی پشتیوانی. بەو بۆنەیەشەوە ئەم فەرمانە تایبەتیانەی لای خوارەوە لە بارەگای سەرکردایەتی لیڤیەوە دەرچوو.

موسڵ

29/کانونی دووەم/1927

فەرمانێکی تایبەت لەو رۆژەدا

لەلایەن سەرهەنگی فەرماندە براون- Colonel-Commandant J. G. Browne، سەرکردەی لیڤیی عێراقی، کە (مەدالیاکانی خزمەتگوزاریی هەڵکەوتوو، خاچی سانت مایکڵ و سانت جۆرج و خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە).

"بە بۆنەی هەڵوەشاندنەوەی بەتالیۆنی یەکەمی لیڤیی (عەرەب)ی عێراقی و تیپی پشتیوانی لیڤی، دەمەوێ داخ و پەژارەیەکی گەورەی خۆم دەربڕم، لە نەمانیاندا لە هێزی لیڤیدا و دەمەوێ سوپاس و ستایشی خۆمیان پێڕابگەیەنم، بۆ ئەو کارە نمونەییانەی لە رابردوودا جێبەجێیانکردووە.

" بەگشتی رۆڵ و رێکوپێکی و رێبەدییان متمانەپێکردن بوو، بۆ خۆیان و بۆ هێزەکەش، من لێرەدا دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەفسەران و ئەفسەریاران و ئەوانەی پلەی ئەفسەرییان نیە و پیاوەکان بەگشتی بکەم، بۆ ئەو کارانەی بەو پەڕی تواناوە جێبەجێیانکردووە، بەو شێوەیە خستنە کاری ئەو ئاستە بەرزەی توانا درێژەی پێدراوە."

لەماوەی ئەو ساڵەدا کەمکردنەوەکە بەردەوام بوو. یەکەکەی تر، کە دەستکرا بە کەمکردنەوەی، عەماری ئازوقە بوو، کە کرا بە یەکەی زۆر بچوکتر بە رابەریی فەرماندەیەك، لەگەڵ ئەفسەرێك، وەك یاریدەدەری کاروبارەکانی فەرماندە و ئەفسەری ئازوقە و جلوبەرگ و بیناسازی یەکخستن، عەماری ئازوقەکە دابەشکرا بەسەر چوار گروپدا.

- گروپی سەربازگیری، راهێنان و دابەشکردن.
- پیاوە دامەزراوەکانی سەربازگەی موسڵ.
- گواستنەوە و ولآخی گواستنەوە.
- حامیە و بنکەی پۆلیس.

ئەفسەری فەرماندەی گواستنەوە و بەشی ئاژەڵی گواستنەوە، ئەفسەری نیشانە و هێمای سەربازی و ئەفسەری فەرماندەی تیپی چەکی رەشاش، ئەوانەش هەروەها لە رووی کارگێڕی و رێکخستنەوە لکێنران بە عەماری ئازوقەوە.

ئەو گۆڕانکاریانە لە 1/ئابەوە جێبەجێکرا.

لەگەڵ رێکخستنەوەی عەماری ئازوقەدا، بڕیاردرا، کە پزیشکی ڤێتێرینەری ئیدی پێویستی بەوە نیە لە بارەگادا بێت.

ئیدی سەرهەنگی دووەم ماکگۆوان- Lieut.-Colonel J. A. B. McGowan لە 30/نیساندا جێیهێشت.

دەستبەجێ فەرمان هات بە وەستانی سەربازگریی و گەڕانەوەی فەوجەکانی یەکەم و دووەمی سوارەی لیڤی. لە ئەنجامدا دوای هەندێ پەیوەندی و نامەگۆڕینەوە، لە 17/کانونی یەکەم، فەرماندرا ئەو یەکانە هەڵبوەشێتەوە، کە بەواتای ئەوەی وەك یەکەیەکی شەڕکەر لە 31/تشرینی یەکەمدا دەبوو بیوەستێنن. ئاژەڵەکانی فەوجەکان فرۆشران بە کڕیارانی تایبەت، بۆ یەکەکانی لیڤی، گۆڕییان بە ئاژەڵی سواریی باشتر، بۆ ئەوانەی داوای گۆڕینیانکردبوو، بۆ پۆلیس و سەربازی عێراقی. نزیکەی هەشت ئەفسەر و ژمارەیەك لە پیاوەکان پەیوەندییان بە سوپای عێراقیەوە کرد و زۆریش پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کرد.

بەر لە دیارنەمانی فەوجەکەیان، لەگەڵ جێبەجێکردنی هەندێ ئۆپەراسیۆنی زۆر چالاك و بەکەڵك لە دەوروبەری ناوچەی کەرکوك دژی یاخیبووانی ئەوێ، کە دواتر باسی لێوەدەکرێت، هەروەها کەمێ بەرلە هەڵوەشاندنەوەیان، ژمارەیەکی زۆر لە بەسەرهاتەکان لە نمایشی ئەسپ سواری بەغدا زۆر سەرکەوتوبوون لە یاری (پۆلۆ-چەوگان). تیپەکەی فەوج، کاسی (Lloyd-Sargon) لۆید سارگۆن لە موسڵ و دوای ئەوەش کاسی (رید- Reid)یان لە مانگی تشرینی دووەم لە بەغدا بەدەست هێنا.

لە 15/تشرینی یەکەم جێگری مەندوبی سامی ئەم تێبینیانەی لای خوارەوەی دەرکرد:-

" بە پەیوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی فەوجەکانی یەکەم و دووەمی سوارە، کە ئێستا لە پرۆسەدایە، جێگری مەندوبی سامی دەخوازێت داخ و پەژارەی قوڵی خۆی تۆماربکات بەرامبەر نەمانی ئەو یەکەیە، کە زۆر جار راپۆرتی لەبارەی کار و تواناکانی فەوجەکەوە پێگەیشتووە و ئەو بەداخە بۆ ئەوەی، کە سیاسەت رێ نادات ئەو فەوجە بهێڵنەوە.

فەرماندەی باڵی ئێف. ئی. ستافۆرد.

راوێژکاری دارایی بۆ خاوەن شکۆ

مەندوبی سامی عێراق."

لە 17/کانونی یەکەمدا فەوجەکە هەڵوەشایەوە. بە هەڵوەشاندنەوەی یەکەکان، فەرمان لە مەندوبی سامیەوە هات لەبارەی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەفسەرەکان بۆ ئاستی: یەك سەرهەنگی دووەم، دوو سەرتیپ، چوار ئەفسەری پلە یەك، یەك سەردەستەی یەکەمی تیپ، یان تیپ و یەك سەردەستەی دووەمی عاشە. ئەو فەرمانەش جێبەجێکرا.

ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، لە کۆتایی ساڵدا هێزی لیڤی دابەزاند، بۆ ئاستی ئەوەی بریتی بێت لە: بارەگا، سێ بەتالیۆن، تیپی چەکی رەشاش، عەماری ئازوقە و لقی پزیشکی. ساڵی داهاتوو هەڵوەشاندنەوەی زیاتریش دەکرێت.

لە ئازاری ساڵی 1927دا بڕیاربوو چالاکیەکانی شێخ مەحمود کۆتایی بێت، تا ئێستا ئەو هەر لە پێنجوێنە وەك ئەو شوێنەی، کە دەتوانێت تێیدا بمێنێتەوە، کاتێ بە شێوەیەکی کاتی لەلایەن هیچ هێزێکمانەوە نەگیراوە. بۆیە ئۆپەراسیۆنی داهاتوو ئامانجی (1) داگیرکردنی پێنجوێن و خستنە ژێر باری کۆنترۆڵی کارگێریی ئەو ناوچەیە بوو، کە (2) لە ئەنجامی ئەوەدا شکستێکی گەورە دەگات بە شێخ مەحمود و پیاوەکانی.

بەشێوەیەکی رێژەیی ئەنجامدانی بەشی یەکەمی ئامانجەکە ئاسایی بوو. ئەوەش لەوەپێش کرابوو. بۆ مانەوە لەوێ کەمێ زیاتر کێشە بوو، واتە کارێکی زۆرتری دەویست. بەڵام بۆ ئەنجامدانی شکستێك مەسەلەیەکی ترە. لەو کاتەوەی لە مانگی حوزەیرانی 1926دا کانی مانگای گرتووە، شێخ مەحمود هەوڵی نەداوە هێزێك پێکەوە گردکاتەوە، لە شەڕی بازیانەوە، واتە لە (1919)ەوە نەیویستووە بکەوێتە شەڕێکی سەختەوە. تەنیا هەلێك بۆ گرتنی، بەسەرڕدادانی کوتوپڕە و ئەوەش ئاسان نەبوو. لە راپۆرتێکدا هاتووە، کە شێخ مەحمود خودی خۆی دەڵێت: من هەموو شتێك، کە لە

سلێمانیدا رووده‌دات، به‌ر له‌ رووداني به‌ شه‌ش سه‌عات ده‌یزانم. ئه‌وه‌ش تا راده‌یه‌ك راست بوو.

به‌و پێیه‌ رێگه‌ی جێبه‌جێكردنی خافڵگیریی، كه‌ له‌لایه‌ن فه‌رمانده‌ی سلێمانی (سه‌رهه‌نگی دووه‌م بارك- Lieut.-Colonel Barke )ه‌وه‌ پێشنیاركرابوو، خرایه‌ پرۆسه‌وه‌ بۆ ئه‌و ئۆپه‌راسیۆنه‌.

هۆكاری سه‌ره‌كی بۆ دزه‌كردنی زانیارییه‌كان له‌ میانه‌ی هۆكاری گواستنه‌وه‌ی ناخۆوه‌ بووه‌. لیڤیه‌كان خۆیان تیپێكی تایبه‌تی گواستنه‌وه‌یان هه‌بوو. به‌كه‌مكردنه‌وه‌ی پشكی ئاژه‌ڵه‌كه‌ بۆ 6 پاوه‌ند (كه‌ ده‌كاته‌ نزیكه‌ی سێ كیلۆ) و زیاتریش به‌ كۆنه‌كردنه‌وه‌ی پشكی ئاژه‌ڵ له‌ سلێمانی، ئیدی ده‌كرێ لیڤیه‌كان سلێمانی جێبهێڵن بۆ ئۆپه‌راسیۆنه‌كه‌ و له‌ ده‌ره‌وه‌ بمێننه‌وه‌ بۆ شه‌ش رۆژ بێ ئه‌وه‌ی هیچ گواستنه‌وه‌یه‌كی ناوخۆ و ئازوقه‌یه‌ك به‌كاربهێنن. دوای ئه‌و رۆژه‌ ده‌بێ، یا بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ سلێمانی، یان له‌گه‌ڵ كاروانه‌كه‌دا بڕۆن. له‌به‌رئه‌وه‌ پلانه‌كه‌ دوای ماوه‌یه‌كی كورت وه‌ك هێزێك به‌ناوی ده‌فكڵ- Defcol له‌ ماوه‌یه‌كی دیاریكراودا ده‌رده‌چێت، كلێشه‌ی فریاگوزاری و پاسه‌وانی به‌ رێگای ئاساییدا كێشا و چوو بۆ پێنجوێن. هه‌وڵی شاردنه‌وه‌ی ئامانجه‌كانی ئه‌و هێزه‌ باش نه‌بوو، به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی هه‌میشه‌ دزه‌ی ده‌كرد. دوای ئه‌وه‌ی ئه‌و هێزه‌ ده‌رچوو، سوپایه‌كی لیڤیه‌كانیش، كه‌ پێیده‌وترا له‌ڤكڵ- Levcol، به‌ هۆكاری گواستنه‌وه‌ی تایبه‌تی خۆی چووه‌ ده‌ره‌وه‌ و به‌ رێگای جیاوازدا رۆشت. ئه‌وه‌ی په‌یوه‌نده‌ به‌ فریاگوزارییه‌وه‌، شه‌ش رۆژ بۆ چه‌كداران و ئاژه‌ڵه‌كان راسته‌وخۆ له‌ به‌غداوه‌ نێرا بۆ پۆلی ژماره‌ (30) له‌ سلێمانی و پارێزگاریكردنی له‌وێ تا پێش ده‌رچوونیان له‌لایه‌ن لیڤیه‌كانه‌وه‌ وه‌رده‌گیرێت. له‌به‌رئه‌وه‌ی پشكی بریتانیایه‌، بۆیه‌ هیچ ره‌خنه‌یه‌ك له‌باره‌یه‌وه‌ نه‌بوو، چونكه‌ پشكی هێزی ئاسمانیی پاشایه‌تی بریتانیایه‌. هیوایان وابوو، كه‌ شێخ مه‌حمود به‌ره‌نگاری سوپای یه‌كه‌م بێته‌وه‌ به‌ هێزێكی زۆره‌وه‌ و له‌كاتێكدا سه‌رقاڵه‌، له‌وانه‌یه‌ له‌لایه‌ن سوپای لیڤیه‌وه‌ ده‌ستگیربكرێت.

تا رادەیە ئاشکرایە، کە ئەگەر یەکەم سوپا لە ناوچەی کەولۆسەوە بۆ پێنجوێن بچێتە پێشەوە، کە هێزەکەی شێخ مەحمود کانی مانگا دەگرێت، ئەوە ئەو دەرفەتە دەسازێنێت، ئەگەر سوپای لیڤی لە ناکاو لە دواوە بەناو گوندی ولیاوە و قزلجەدا بێت، لەوانەیە رێ لە بەشێکی باشی هێزەکەی ببڕێت و نەهێڵن دەربازبن بۆناو وڵاتی فارس. جێبەجێکردنی ئەو کارە لە توانادایە، یان لەوانەیە رووبدات، سێیەم رۆژ دوای ئەوەی سوپای لیڤی، سلێمانی جێهێشت، بۆیە پێویستە سوپا و کاروانی پێداویستیەکان، کە پێیدەوترێ (سەپکۆل- Supcol) سلێمانی جێبهێڵێ و لە کاتێکدا بگاتە پێنجوێن، کە لە رۆژی شەشەم تێنەپەڕێ. دەرچوونی ئەم هێزی ئازوقە و پێداویستیە هیوا وایە پەیوەندی بکات بە سوپای یەکەمەوە، کە زووتر دەرچووە.

یاریدەدەری مارشاڵی هێزی ئاسمانی سێر ئێدوارد ئلینگتن- Sir Edward Ellington Air Vice-Marshal، کە (خەڵاتی بازی فەرماندەی سوارچاك، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و خاچی سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە)، بڕیاری لەسەر پلانەکە دا و فەرمانیکرد بە سەرهەنگ براون- Colonel Browne فەرماندەی لیڤیەکان، تا ئەو فەرماندەی گشتی ئۆپەراسیۆنەکە بێت. بارەگای سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکەش لە 12/نیساندا لە سلێمانی کۆکرانەوە.

لە 13/نیساندا، بەهەرحاڵ، تاقمەکەی شێخ مەحمود چالاك بوون، لە دەوروبەری سەعات 06:00 پەلاماری کانی سپیکە و کۆستەی چەم دەدەن، کە چوار میل لە سلێمانیەوە دوورە. ئەوەی دوایان (واتە کۆستەی چەم) بەرگریەکی سەرکەوتووانەی لە خۆی کرد. کانی سپیکە گیرا و تاڵانکرا و چەند کەسێك کوژران. هەواڵی پەلامارەکە لە سەعات 07:30 گەیشتە سلێمانی، تیپێکی لیڤیەکان یەکسەر بە رابەریی سەرتیپ هووکەر- Captain C. E. P. Hooker و سەرتیپ ئێدواردس- R. Edwards Captain دەرچوون، بەڵام دوژمن رۆشتبوو.

لە 19/نیساندا دەفکلێ بەناو عەربەتدا چوو بۆ سەراو. ئەم سوپایە بە تەواوی پێکهاتبوو لە سەربازی لەشکری عێراق و پۆلیس بە رابەریی پێشەنگ کلایتن
Major I. Clayton
لە 20/نیسان لەڤکلێ- Levcol پێداویستیەکانی، کە لە هێڵەکانی پۆلی ژمارە (30)دا راگیرابوو، هێنای و کەوتەرێ. هیچ کەس نەیاندەزانی جگە لە بارەگا و سەرهەنگ بارك- Barke و کارمەندانی تا دەرچوون.
لە شەوی 21/نیسان بارانێکی زۆر بەخوڕ لەوێ دەباری و ئاوی هەموو جۆگەلە و روبارەکان هەستابوو. لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بەری ئاسمان روون بۆوە و ڕێپێوانەکەی دەفکلێ بۆ نالپاریز لە لای راستیەوە پەلاماری درا و 10 برینداری هەبوو. لە نالپاریز هەڵیاندا، ئاوی روباری دۆڵە لە هەڵساندا بوو، کوردیش لە کانی مانگا زیاتری داگیرکردووە.
بەیانی رۆژی دوایی هێزی دەفکلێ لە ئاوی روباری دۆڵە پەڕییەوە، کوردەکان لەلای باڵی راستەوە بوون و بەشی دواوە بە پاسەوانانی دواوە و بە چالاکی پۆلی ژمارە (30)، کە بەر رەشاش و تۆپیان دابوون، پارێزگاریان دەکرد، کاتێ ویستیان بەرەو پێشەوە بچن و هەروەها هێرشیانکردە سەر کوردەکان، کە لەسەر لوتکەی کانی مانگا بوون.
لە ئێوارەی 22/نیسان لەڤکلێ سوپای بارك- Barke بەخێرایی چوون و لە سەعات شەشدا (پێنجوێن)یان گرت. یەکێ لە کەرتەکانی لەلای باشووری روبارەکەوە لە گوندی وڵیاوە بەهۆی ئاوی روبارەکەوە ڕێی لێگیرابوو، ناچار گەڕایەوە بۆ سلێمانی.
لە سەعات 06:30 بەیانی رۆژی 23/نیسان، (پێنجوێن)ی جێهێشت و چووە پێشەوە بۆ کانی مانگا، بۆ بەشی دواوەی هێزی کوردەکان، کە بەرەنگاری ڕێپێوانەکەی دەفکلێ بوونەتەوە. خافڵگیریەکە کاریگەربوو، بەڵام دوژمن یەکسەر لە پێگەکە هەڵهات، هەندێ ئەسپ لەو ناوەدا دەلەوەڕین و دوو کوژراویشیان لەدوای خۆیان جێهێشتبوو. وەك رۆشتن لەلایەن ئەفسەر پاتەرسن - Lieut. N. Patterson- ی فەرماندەی تیپی رەشاشی فیکەرسەوە درانە بەر رەشاش. دەفکلێ چووە سەرەوە لەگەڵ تەنیا تەقەیەکی

کەم لەسەرەتای چالاکیەکەدا، کاتێ پۆلی ژمارە (30) بەدرێژایی بەشی سەرەوەی کانی مانگای دابووە بەر تۆپ.
هەردوو سوپاکە ئەو شەوە گەیشتنە پێنجوێن. سوپای ئازوقە و پێداویستی، بە فەرمانەدی سەرتیپ هوکەر- Captain Hooker ، رۆژی دوایی گەیشتنە نالپارێز. سەرتیپ بادیلەی- Captain Baddiley لەگەڵ یەك تیپ و نیو لیڤیدا بەرزایی کانی مانگایان گرت و بەرەنگاری نەکران. شوێنەکانی پاراستنی پێنجوێن دیاریکرا و کاروبار دەستیپێکرد و بەڕێوەبەری نوێ دامەزرێنرا. تۆڵەسەندنەوە لەو گوندانەی، کە هاوبەشی بەشێك لە پەلامارەکەیان بۆ سەر دەفکلێ کردووە، لەلایەن فرۆکەکانی پۆلی ژمارە (30)ەوە بە بۆردومانکردن وەڵام درایەوە.
لە 27/نیسان، سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel Barke لەگەڵ بەشێك لە هێزەکە، نیوە لیڤی و نیوە سەربازی عێراقی لە (پێنجوێن)ەوە چوون بۆ سلێمانی. پێویست بوو، کە رێگەیەکی دوورودرێژ و بە پەلە لەژێر بارانێکی زۆردا ببڕن، بۆ ئەوەی پێش بەرزبوونەوەی ئاوەکەی روباری ولیاوە بپەڕنەوە. لە جێبەجێکردنی ئەو کارەشدا سەرکەوتوبوون.
لە 2/مایس، بارەگای هێز لەگەڵ یەك تیپی بەتالیۆنی سێیەم و یەك کەرت لە چەکی رەشاش دەستیانکرد بە گەڕانەوە بۆ سلێمانی. لە هەمان رۆژدا سوپایەکی ئازوقە و پێداویستیەکی زۆر بە هاوەڵی لەلایەن یەك تیپی بەتالیۆنی چوارەم، بە فەرمانەدی سەرتیپ ئێدواردس- Captain Edwards، لە رێگادا بەرەو سلێمانی لە گوندی ولیاوە پەلاماردرابوون. چالاکیەکە ماوەی چوار سەعات بەردەوام بوو، بەڵام پەلامارەکە بەرپەرچدرانەوە و لیڤیەکان کوردەکانیان راونا بۆ مەودایەك، شەشیان کوشت و سەردەستەی دووەمی عاشەی تیپەکە بەیتو- Baitu لە بەتالیۆنی چوارەم و یەك پیاوی تر بریندار بوون، هەروەها گوللەیەکیش دابووی لە یەك ئاژەڵ.

ئەو سوپایە، کە پیدەوترا نەدکلْ لەبەرئەوەی ژمارەیەك ئاژەڵی گوێدرێژی هەیە بۆ کاروباری گواستنەوە و سوپاکەشی لەگەڵ هێزی بارەگادا بوو پێیدەوترا هەکلْ، لە 3/مایسدا لەسەر شاخی تارنیەر بەلای یەکدا تێپەڕی بوون.

لە بەیانی رۆژی 4/مایس هەکلْ، کە لە ولْیاوە هەلْیداوە، کاتێ دەرچوون پەلاماری درا. هێرشەکە زیاتر بریتی بوو لە تەقەی دوورەهاوێژ و بە کشانەوەی کوردەکان کۆتایی هات و دوو کوژراویان لەدوای خۆیان جێهێشت. کارەساتێك پێشهات، ئەویش (بەیتو)ی بریندار بوو لە ئۆتۆمبیلی فریاگوزاریەکەدا هەلْهات و پەیوەندیکردەوە بە شەڕەکەوە.

ئەو ئۆپەراسیۆنانەن کۆتایی هات.

ئەو ئەفسەرە لیڤیانە و ئەو پیاوانەی، کە بەهۆی کارە باشەکانیانەوە لەم ئۆپەراسیۆنانەدا ناویان هێنراوە، بریتین لە:

سەرهەنگی دووەم بارك - Lieut.-Colonel C. R. Barke، کە (خەلاّتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە)،

پێشەنگ هۆمەر- Major E. T. Homer، کە (مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە)، پێشەنگ فینك- Major R. H. L. Fink، کە (مەدالیای خاچی سەربازی)، ئەفسەر بوکلەی - Lieut. E. G. Buckley، راب خەمشی ئیشو ساپەر، سەردەستەی دووەمی عاشەی تیپ، بەیتو ماکۆ و سەردەستەی دووەم بەرخو بۆبۆ.

سەرهەنگی دووەم گیلات- Lieut.-Colonel J. M. Gillatt، کە (مەدالیای خزمەتگوزاری هەلْکەوتووی وەرگرتووە)، فەرماندەی بەتالیۆنی چوارەمی لیڤیی عێراق لەگەڵ بەتالیۆنەکەیدا لە (موسڵ)ەوە چوون بۆ سلێمانی و لە 11/مایسدا فەرماندەی سلێمانیی لە سەرهەنگی دووەم بارك - Lieut.-Colonel Barke وەرگرت و ئەویش بەتالیۆنەکەی گەڕانەوە بۆ موسڵ. ئۆپەراسیۆنەکان دژی شێخ مەحمود وردە وردە بەرەو کۆتایی دەچوو، بەلاّم هەموو کاروانێك بۆ ئازوقە و خواردەمەنی بۆ سەربازگەی سوپای

عێراقی لە پێنجوێن پێویستی بە پاسەوانیەکی بەهێزە، کە لەلایەن بەتالیۆنی چوارەمی لیڤیەوە جێبەجێ دەکرا. لە 20/مایس، ئەفسەر هارت - Lieut. Hart، لە فەرماندەیی یەکێك لەم یەکە پاسەوانیەدا، لە دووری دوو میلەوە لە گوندی چنگیان چاوی بە کوردەکان دەکەوێت و لە چالاکیەکی بچوکدا زیانی دوو کوژراو و یەك برینداری پێگەیاندن. بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، شێخ مەحمود لەگەڵ حوکومەتدا گەیشتنە دانوساند لەسەر مەرجەکان.

هەندێ لە پیاوەکانی هەوڵیان دەدا لە یاخیبووندا بەردەوام بن. سابیر و عەبدوڵڵا، کوڕانی کەریم فەتاح بەگ چوون بۆ ناوچە کۆنەکەیان لە نزیکی دەربەندی بازیان و دیسانەوە دەستیانکردەوە بە راووڕوت و پیاوکوشتن.

لەسەر داوای پشکنەری کارگێڕیی، سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر- Alexander Lieut.-Colonel، دەستبەجێ لەگەڵ فەوجەکانی یەکەم و دووەمی سوارەدا دەستیانکرد بە جوڵە.

لە 25/مایسدا کەرکوکی جێهێشت و لە 29 و30/مایسدا بە یارمەتی دوو تیپی سوارەی سەربازی عێراقی، کە خرانە ژێر فەرماندەی ئەوەوە، ئیدی بە پێنج تیپەوە لە پێکهاتەکەدا بەرەو باکور لە هێڵێکدا بۆ قەرەداغ و شاخی بەرانان بۆ هێڵی باکوری دەربەندی بازیان. لە تەکیەی قەڵادا تاقمێك لە یاخیبووان هەوڵیاندا لە تیپەکەی پێشەنگ فۆسدیك - Major S. Fosdick دەربازبن، کە ئەفسەر هۆبس - T. C. Lieut. Hobbs فەرماندەیی دەکردن و پیاوێکیان بە بریندراری جێهێشت.

لە ڕێی گەڕانەوەدا بۆ کەرکوك، تیپەکەی ئەفسەر هۆبس - Lieut. T. C. Hobbs لە باشبلاخ تەقەیان لێکرا و یاخیبووان لە داوێنی ئەو زنجیرەیەی لەبەردەم ئەو شوێنەدایە بەدیدەکران. ئەویش شمشێرەکەی خۆی دەرکێشا و فەرمانیدا بە هێرشکردن و یاخیبووانیش دوای ئەوەی بۆ چەند چرکەیەك بە خەستی تەقەیان لە سوارەکان کرد، ئیدی بە هەموو لایەکدا هەڵهاتن، هەندێکیشیان چوونە ناو باخێکەوە لە باشبلاخ.

هۆبس- Hobbs ئەسپەکەی تاودا بۆ ناو باخەکە و دوای ئەوەش تەقە بەخەستی بەردەوام بوو، تا دوای تاریك داهاتنیش. سێ کوژراوی یاخیبووان هەڵگیرانەوە و سیانی تریان لە باخەکەدا بە دیل گیران. ئەوەندەش تاریك بوو، نەدەتوانرا ئەوانی تر بەدیبکرێن بۆ کوێ چوون، تا دوایانبکەون. گوندەکەش سوتابوو.

بۆ ئەم چالاکیە و کارەکانی تری لەم ئۆپەراسیۆنانەدا ئەفسەر هۆبس - T. C. Hobbs Lieut. مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرت.

سابیر لەگەڵ تاقمێکی نزیکەی حەفتا کەسیدا، هێشتا لە ناوچەکەدا بەردەوامە و لە 14/حوزەیران، سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر- Lieut.-Colonel Alexander دیسانەوە لەگەڵ فەوجەکەیدا دوایانکەوت و بەناوچەی دەربەندی باسەڕەدا ڕۆشت. هیچ بەرەنگارییەکی پێشنەهات.

بەڵام سابیر و تاقمەکەی ناوچەکەیان جێهێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی فارس. فەوجەکانی یەکەم و دووەم لە 24/حوزەیراندا گەڕانەوە بۆ کەرکوك.

یەك ئۆپەراسیۆنی تریان لەو ساڵەدا جێبەجێکرد. ئەوەش دژی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو. ئامانجیش داگیرکردنی بارزان بوو، هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی باری کارگێڕیی ئەو ناوچەیە بوو. دوو سوپای لیڤی ئەم ئۆپەراسیۆنەیان جێبەجێکرد، یەکێکیان پێیدەوترا دیکۆڵ و بە رابەریی سەرهەنگی دووەم کامیرۆن- Lieut.-Colonel Cameron بریتی بوو لە تیپێکی بەتالیۆنی دووەمی لیڤی و یەك کەرتی چەکی رەشاش لە دیانەوە ڕۆشتن، ئەویتریشیان بریتی بوو لە یەك تیپی بەتالیۆنی دووەمی لیڤی و کەرتێکی چەکی رەشاش، پێیدەوترا ئاقکۆڵ، کە لە ئاکرێ کۆبووبوونەوە. پۆلی ژمارە (6) ی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی دەیبرد بەڕێوە. سەرتیپ لیتڵدێڵ- Captain Littledale ئەفسەری پشکنەری پۆلیسی موسڵ بە هاوەڵی سەرهەنگی فەرماندە براون- J. G. Colonel Commandant Browne فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە بوون.

ئۆپەراسیۆنەکە لە 12/حوزەیراندا دەستیپێکرد. لە 13/حوزەیراندا زانرا، کە شێخ ئەحمەد هیچ بەرگریەکی نەکردووە. بەهەرحاڵ سوپاکان چوون بۆ بەرزان، شوێن بۆ مەخفەری پۆلیس لەوێ دیاریکرا. بەلەمێکی گەورەی سەوڵداریان دروستکرد و خرایە ژێر دەستەڵاتی مەدەنیەوە لە بارزان. سەری پردێك لە کەشتیە مەدەنیەکەدا دانرا، کە لەلایەن یەك تیپی لیڤیەکانەوە بە رابەریی سەرتیپ فرای- Captain Fry، کە (مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە). لە مانگی ئابدا گواسترایەوە بۆ سەربازگەی (بلێ)، کە ئێستا فڕگەی تێدا دروستکراوە. لە 19/حوزەیراندا سوپاکانی لیڤی گەڕانەوە. بیری سەرەکی پێشەنگ هۆڕنەر- Major Horner بۆ بوونی بەلەمێکی گەورە دروستبکرێت لەوێدا بۆ گواستنەوەی هێزەکان بەناو روباردا، بەشێوەیەکی بەرفراوان یارمەتی پەرینەوەکەی دا. ئەو بەلەمە دوای ئەو ناونرا "جۆنی هۆرنەر- The Johnny Horner " وەك سیمایەك بەو بەشەی روبارەکەوە مابۆوە تا لافاوێك لە 1931دا رایماڵی.

ئەم ئۆپەراسیۆنە لە عێراقدا کۆتایی بە چالاکی لیڤیەکان هێنا، جگە لە هێزەکانی سەربازگەکان. لەگەڵ شەڕی ناوچەکانی باشوور لە 1928 و 1929 گرنگیان پێنەدا. لەگەڵ دیارنەمانی شێخ مەحمود لە 1927دا، وەك ئەندامێکی هێزەکە دایناوە بەوەی، کە "لیڤیەکان جۆش و خورۆشی کەروێشکی کێوی خۆیان لە دەست داوە". لەسەر دووبارە دەرکەوتنەوەیەکی کورتی لە 1930-1931، تەنیا بەکاردەهێنران بۆ سەربازگە و ئەرکی پاسەوانی. دوا ساڵی خزمەتەکەیان وەك یەدەکی بڕواپێکراو، تەنیا لە کاتی فریاگوزاریدا بەکاردەهێنران و لەو رووەوە بەکەڵك بوون. قۆناغێکی تر لە دیارنەمانی لیڤیەکان ئێستا هاتۆتە گۆڕێ. فەرمان درا بە هەڵوەشاندنەوەی بەتالیۆنی چوارەم لە 19/تشرینی دووەمدا، دەبێ لە 30/نیسانی/1928دا تەواو ببێت.

# بەشی یانزەیەم

## 1928

ساڵی 1928، لەگەڵ روداوێکی زۆر دڵتەنگدا دەستیپێکرد، کاتێ ئەفسەر هاسەریك – King's Own Yorkshire Light -K.O.Y.L.I.) Lieut. S. G. Haserick Infantry)، کە لە بەتالیۆنی دووەم کاریدەکرد، لە کارەساتی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەیەکدا لە بەغدا، لە 9/کانونی دووەمدا کوژرا. لە هەمان کاتدا ئەفسەری فڕۆکەوان فیشەر- L. E. R. Fisher، سەر بە پۆلی ژمارە 6 (فەرماندەی فڕۆکە)، ئەویش کوژرا.

لە سەرەتای ساڵی 1928، لیڤیەکان پێکهاتبوون لە:

بارەگا، بەشی بیناسازی، گواستنەوە، ئەسپە نۆرەپێکراوەکان و نووسینگەی موچەی لیڤی، کە هەر هەموویان لە موسڵ بوون.

بەتالیۆنی دووەم لە دیانەیە و لەگەڵ یەك تیپی بەجیا لە (بلـێ)یە.

بەتالیۆنی سێیەم لە موسڵە و لەگەڵ یەك تیپی بەجیا لە (بێبادی)یە.

بەتالیۆنی چوارەم لە سلێمانییە و لەگەڵ دەستەیەکی جیای تاسلۆجەی گرتووە.

لە 1/کانونی دووەم، دەستەیەکی لە بەتالیۆنی سێیەم لە بێبادی دایەدەست دەستەیەك سەربازی عێراقی و لە 5/شوبات گەیشتە موسڵ.

فەرمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەتالیۆنی چوارەم دەرچوو، لە 3/شوباتدا سلێمانی جێهێشت، ئەوەی لە توانادا بوو لە گەنجینەکان رادەستی سوپای عێراقی کران. بە دەرچوونی ئەوەش ئیدی هێزی لیڤی لە سلێمانیدا نەما. رێپێوانێکی زۆر نالەبار و تەڕوتوشاویان بۆ موسڵ کرد و لە 22/شوباتدا گەیشتن. ئامادەکاریەکان لە هەردوو بەتالیۆنەکەدا بۆ هەڵپەسارتنی ئەفسەران و پیاوانی تایبەتی کرا و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە فەرمانبەرانی بەتالیۆنی چوارەم. هەموو ئەو ئیزیدیانەی مابوون،

ئەوەی لە دەستەی گواستنەوەی بەتالیۆنی چوارەم بوون، هەڵیانپەسارتن. کێشەی گەورەش بۆ دابینکردنی حاڵەتەکە راب ترێما، یان ئەفسەری بە ئەزمون بوو لە بەتالیۆنی چوارەم، زیاء شەمسەدین، کە کوڕی مەلك شەمسەدینی تیاری خواروو بوو، پیاوێکی خاوەن مەکانە و توانایەکی بەهێز لەنێوان خەڵکەکەی خۆیدا. بەڵام دوو راب ترێماکەی تری بەتالیۆنەکانی تر هەردووکیان خاوەن دەستەڵات بوون، راب ترێما دانیاڵ ئیسماعیل و راب ترێما یاقوب ئیسماعیل، کوڕانی مەلك ئیسماعیلی تیاری سەروون. مشتومڕی هەوادارانی زیا شەمسەدین ئەوە بوو، کە راست نیە دوو راب ترێمای تیاری سەرو هەبێت و تیاری خواروو یەکێکی نەبێت، لەکاتێکدا لەو ژمارە لیڤیەی هەیە، ژمارەی پیاوانی تیاری خواروو زیاترە لە ژمارەی پیاوانی تیاری سەروو. بەهەرحاڵ، سەرهەنگی فەرماندە بڕیاریدا، لەسەر بنچینەی لێهاتویی، هەردوو کوڕەکەی مەلك ئیسماعیل دەمێننەوە. پلەیەکی نزمتریان لە راب ئێمای ئەزموندار دا بە زیاء شەمسەدین، بەڵام پێی رازی نەبوو. لە مانگی شوباتدا هەڵوەشاندنەوەکە، کە لە پرۆسەدا بوو کوتوپڕ راگیرا، بەرزانیەکانی ژێر دەستەڵاتی شێخ ئەحمەد لەوەدەچێت کێشە بنێنەوە. هەر، کە ئەوە هێوربۆوە، دیسانەوە هەڵوەشانەوەکە بەردەوام بووەوە، کێشەی ئیخوان لە بیابانی باشووردا سەری هەڵدا بوو. بەهۆی ئەوەوە بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی فەرمانیدا، بۆ دوو بەتالیۆنەکەی ماون هەر یەکە پارێزگاری لە سەد پلەی جیاوازی تر بکەن بۆ دامەزراندنی سوپاکە لەم بارودۆخەدا.

لە 1/ئازاردا بەتالیۆنەکە کۆتایی پێهات.

لەو رۆژەدا ئەم فەرمانە تایبەتیەی لای خوارەوە دەرچوو:-

"بەهۆی لاوازی باری ئابووریەوە، لەم کاتەی ئێستادا و لەبەر پێویستی زۆری ئابووری بۆ بۆدجەی ئیمپراتۆریای بریتانی لە عێراق، بڕیاردراوە بەتالیۆنەکانی ئاشووری لە هێزی لیڤی لە سێ بەتالیۆنەوە کەمکرێنەوە بۆ دوو بەتالیۆن.

" هەڵوەشاندنەوەی بەتالیۆنەکە دەبێتە هۆی پەژارەیەکی قوڵ، نەك تەنیا بۆ خۆم، بەڵکو بۆ خاوەن شکۆ مەندوبی سامی عێراق و بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانی سێر ئێلینگتن - Air Vice-Marshal Sir E. L. Ellington، کە (خەڵاتی بازی فەرماندەی سوارچاك، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و خاچی سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە).

"ئەم هەلە دەقۆزمەوە بۆ ئاراستەکردنی سوپاسم بۆ هەموو ریزەکانی بەتالیۆنەکانی دووەم و سێیەم، لەسەر گۆڕینی ناوی بەتالیۆنەکانی یەکەم و دووەم بەناوی بەتالیۆنەکانی ئاشووریەوە و بۆ بەتالیۆنی چوارەم بۆ هەڵوەشاندنەوەیان، بۆ ئەو کارە جوانانەی جێبەجێیانکردووە لەگەڵ کەوتن و هەستانەوە و ئامادەیی و ئارەزومەندی لەمیانەی شەش ساڵی رابردودا.

" من ئێستا تەماشای بەتالیۆنەکانی یەکەم و دووەمی ئاشووری دەکەم، بۆ گرتنە ئەستۆی ئەرکێکی زۆرتر و تەنگوچەڵەمەی زیاتر بارگرانی هێز لەسەر شانیان و وابەستەبوونیان بە دابونەریتی هۆشمەندی و لاوچاکی و لێهاتوویانەوە، هەر چۆن لە رابردوودا ئەوە بەباشی لەناو لیڤیی عێراقدا پێکهاتبوو.

جەی. ئی. براون- J. G. BROWNE

سەرهەنگی فەرماندە- Colonel Commandant

فەرماندەی لیڤیی عێراق"

وەك بیرەوەریەکی ئەم بەتالیۆنە، کە رەنگەکەی رەش بوو، کە یەکێك بوو لە رەنگەکانی بەیداخی عێراقی، دوو بەتالیۆنەکەی تر گۆرەوی رەش تا نیوەی لاقیان لە پێدەکەن.

زۆر لەو پیاوانەی لە هێزی لیڤیدا نەمابوون و هەندێ لە ئەفسەران چوون بۆناو پۆلیس و هەندێ لە پیاوەکانیش چوونە ناو سوپای عێراقەوە. سەرهەنگی دووەم گیلات- Lieut.-Colonel Gillatt گەڕایەوە بۆ بریتانیا، هەروەها ئەفسەرە بریتانیەکانی تریش، یان گەڕانەوە، یان خرانە پاڵ شوێنەکانی تر.

له مانگی شوباتدا دەستەڵات وەرگیرا، کە هێزی لیڤی بڕیارە بەم شێوەیە بێت:-

- بارەگای سەرەکی،
- دوو بەتالیۆنی ئاشووریەکان،
- دوو دەستەی چەکی رەشاش،
- بەشی گواستنەوە و ئەسپە لەبرییەکان.

دوو بەتالیۆنەکە ناویان لێنرایەوە، بەتالیۆنی دووەم، بوو بە بەتالیۆنی یەکەمی ئاشووری، بەتالیۆنی سێیەم، بوو بە بەتالیۆنی دووەمی ئاشووری. لە 29/شوباتدا تیپی چەکی رەشاش کەمکرایەوە بۆ دوو دەستە.

بەهۆی کەمکردنەوەی هێزەکەوە هەندێ رێکخستنەوە لەکاروباری کارمەنداندا روویدا، ئەفسەری پلە دوو رۆشت و کارمەندانی پزیشکی لە سێ ئەفسەری بریتانیەوە دابەزی بۆ یەك دانە. هێشتا دەستەیەکی زۆر کارا لە یاریدەدەرانی نەشتەرگەری لاوەکی لە خزکوتگوزاری پزیشکی هیند دەمێنێتەوە، کە کاروباری پزیشکی لە دەرەوەی وێستگەکان جێبەجێ دەکەن. نووسینگەکانی بارەگای لیڤی دەبێ کەمکرێتەوە. بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئەرکی خۆی بە رابەریی دەستە بەتواناکانی واڵکەر- R.S.M. Walker و یاریدەدەرەکانیدا جێبەجێ دەکات. هەندێ لەوانە ئەمڕۆ دەبێ بڕۆن، وەکو هێزی ئاسمانیی پاشایەتی هەندێ کاروباری کارگێڕی گرتە دەست. سەردەستەی یەکەم والکەر لە کارکەیدا بەردەوامە، لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی هیندی و خەڵکی وڵاتەکەش.




ئاستی هێزی لیڤی بەرلە کۆتایی هێزەکە

# بەشی دوانزەیەم

## 1932-1928

لە 1/تەموزدا  لیڤیی  عێراقی لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی موستەعمەرات چووە دەرەوە، خرایە ژێر دەستەڵاتی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی و دابەشکردنی نوێی هێزەکان و ڕێکخستنەوەکان دەستیپێکرد، هەرچۆن هێزی ئاسمانیی پاشایەتی دەرماڵە و چەك و تەقەمەنی و هەموو کاروباری کارگێڕیی لیڤی گرتە ئەستۆ.

بەر لە ڕوودانی ئەوە، بڕیار درابوو، کە دەبێت هێزی لیڤی لە سلێمانی هەر هەبێت، بۆیە لە مانگی مایسدا سێ تیپ لە (موسڵ)ەوە لە هەمان مانگدا دەگەنە سلێمانی. ئەوان هێشتا لەناو شارەکەدا دانرابوون، بەڵام شوێنێك لە نزیك کارێزی (شێخ مەحمود)ەوە[6] دیاریکرا بۆ سەربازگە و دواتر سەربازگەی تەواوی تێدا بیناکرا بە هێزی کاری لیڤی. بۆیە لەم کاتەدا بارەگای بەتالیۆن لە موسڵ دەمێنێتەوە و لە ئەنجامدا لە 1/تشرینی یەکەمدا ئەویش گەیشتە سلێمانی.

ئینجا بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی فەرمانیدا بارەگای لیڤی، موسڵ جێبێڵێ و بچێت بۆ بەغدا. ئەوەش لە لایەکەوە لەبەر مەسەلەی ئابووری بوو، چونکە لەوێ دەخرێنە سەربازگەی (هینەیدی)ەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئاسودەیی لایەنی کارگێڕیە لەلایەن فەرماندەی هێزی ئاسمانییەوە، لەو لاشەوە لەبەرئەوەی دوا بەتالیۆنی سەربازی هیندی ئامادەیە بۆ ڕۆشتن، لیڤیەکان دەبێ ئەرکی پاسەوانی ماڵی مەندوبی سامی و یاریدەدەری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی بگرنە دەست و هەندێ پاسەوانیش بۆ فرۆکەخانە و هەروەها بۆ دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە یاوەرەکان.

---

[6] کارێزی شێخ مەحمود لەلای تووەکەی مەلیکەوەیە و کاتی خۆی لەوێدا شیوێکیش هەبووە، لەوبەری شیوەکەوە شوێنێك دیاریکراوە بۆ سەربازگەی لیڤی، کە دواتر ئەو شوێنە پێیدەوترا کەمپی ئەرمەن. (وەرگێڕ)

بۆیە ئەم ئامادەکاریانەی لای خوارەوە جێبەجێکرا. نووسینگەی موچەی لیڤی لە موسڵ داخرا و لە 29/حوزەیراندا چوو بۆ بەغدا. پاسەوانانی لیڤی لە فڕۆکەخانەی موسڵ لە 27/ئەیلولدا درایە دەست سەربازی عێراقی، کە ئەم ئەرکەی وەرگرت.

عەماری چەك و تەقەمەنی لە موسڵ داخرا و هەموو ئامێر و کەرەسەکانی هەڵنەوەشێنران، بەڵکو لە بازاڕی ناوخۆدا فرۆشران. لە 13/تشرینی یەکەمدا بەشێك لە بارەگای لیڤی، تیپی چەکی رەشاش، عەماری ئازوقە، دەستەی فریاگوزاری و گواستنەوە و ئەسپی بەکارنەهێنراو و هەموو ئەسپی ئەفسەرەکان و مەیتەری وڵاخەکان بەپێ رۆشتن بۆ کەرکوك. بەشی گواستنەوە و ئەسپە بەکارنەهێنراوەکان لە کەرکوکدا مانەوە لە هێڵەکانی تیپی ژمارەی (30) کۆن، ئەوانەی مابوونەوە گواسترانەوە بۆ بەغدا و لە 25/تشرینی یەکەمدا گەیشتن. دوو تیپی بەتالیۆنی دووەمی ئاشووری بە رابەریی سەرتیپ ئەڵدوۆرز - Captain Aldworth چوون بۆ بەغدا بۆ گرتنەدەستی کارەکانی پاسەوانی و یاوەری، لە 18/تشرینی یەکەمدا ئەو کارانەیان لە (مهراتس)ەکانی- Mahrattas سێیەم و پێنجەم وەرگرتووە. لە ئەنجامدا، لە 29/تشرینی یەکەمدا بارەگای لیڤی بارەگا کۆنەکەی لە موسڵ جێهێشت، کە لەو شەقامەدا بوو، ناسراوە بە "Stink Alley "- واتە کۆڵانی بۆگەن، دوای نزیکەی شەشساڵی تەواو مانەوە لە موسڵ، لە 30/تشرینی یەکەمدا لە هینەیدی کرایەوە.

لە 1/کانونی یەکەم/1929، عەماری پێداویستی لە هینەیدی داخرا و سەرهەنگی دووەم ئەلێکزاندەر- Lieut.-Colonel Alexander چوو بۆ کەرکوك و فەرماندەیی بەشی گواستنەوە و ئاژەڵی گواستنەوەی گرتە دەست.

دەستەی یاریدەدەری جێگر و ئازوقە و جلوبەرگ و بیناسازی لەناو کارمەندانداندا دیارنەمان، ئێستا فەرماندەی هێزی ئاسمانیی، هەموو ئەو کارانە جێبەجێ دەکات، کە تا ئێستا لەلایەن ئەوەوە کراوە و تیپی کارکەران بریتیە لە فەرماندەی پێشەنگ و

سەرتیپی پلەدار، دواتر کەمکرایەوە بۆ ئاستی ئەفسەری پلەداری پلە یەك و ئەفسەری پلەداری پلە دوو.

لە 2/ئاب، لیڤیەکان بەهۆی کۆچی دوایی ئەفسەر وەلاس - Lieut. M. H. Wallace دووچاری زیانێکی گەورە هاتن، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرتیپ- Captain ی پلەدار بوو. ئەو تازە گەیشتبووە ئەوەی پێنج ساڵەکەی تەواوکرد و دەگەڕایەوە بۆ بریتانیا، کەچی بەهۆی دووچاربوونی بە نەخۆشی مەلاریای مێشکەوە کۆچی دوایی کرد.

لە 6/ئەیلول/1930، ئاژاوەی هەڵبژاردن لە سلێمانیدا بەرپابوو، جەنجاڵیەکە لە دەست دەرچووە و سوپای عێراقی داوای گەڕانەوەی دەستووریان دەکرد. دوابەدوای ئەوەش، شێخ مەحمود دەستبەجێ لە وڵاتی فارسەوە سەریهەڵدایەوە، بۆ سێیەم جار، یان لەوانەیە دوا دەرکەوتنەوەی بێت، وەك سەرۆکی یاخیبوون دژی حوکومەت هێرشی کردە سەر پێنجوێن.

لە 3/تشرینی دووەم، بە فەرمانی بریکاری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی، فەرماندەی هێز براون  Brigadier Browne، فەرماندەی لیڤیەکان، راستەوخۆ چوو بۆ سلێمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی فەرماندەیی لەوێ، سیستمی بەرگریکردنی رێکخست و پلانێکی کاتی بۆ بەرگریکردن دەرکرد. تیپی گواستنەوە بە رابەریی سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر- Lieut.-Colonel Alexander لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی رێکەوتن، لە 6/تشرینی دووەمدا گەیشتن. ئەوەش لیڤی کرد بە گەڕۆك، ئەگەر پێویست بکات. بە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، هێرش بۆ سەر پێنجوێن سەرکەوتوو نەبوو، ئیدی مەسەلەکان هێوربوونەوە. سوپای عێراقی بەرگریکردنی سلێمانییان گرتە ئەستۆ و بارەگای لیڤی پێشوو، کە لەوێدا دامەزرابوو، گەڕایەوە بۆ بەغدا. لیڤیەکان بەگوێرەی باقی یاخیبووانەکانی شێخ مەحمودەوە وەك هێزی یەدەك دانران. بەشێك لە بەرگری سلێمانییان گرتبووە ئەستۆ، هەروەها بە درێژایی ئۆپەراسیۆنەکە دەبێ هەندێکیشیان

فڕۆکەکان بارکەن لە تەقەمەنی و بەو شێوەیە بۆ ئەوە چوونە پێشەوە، ئەگەر پشکێکی هەست پێنەکراوبێت، بۆ سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە.

لە شوباتی 1931دا، تیپەکانی گواستنەوە و چەکی ڕەشاش وەك یەکەیەکی جیاواز دیاری دەکرێن، هەردووکیان لەنێوان دوو بەتالیۆنی ئاشووریدا دابەشکران. لە کەرکوك کەرتێك لە بەتالیۆنی دووەمەوە دانرابوو بۆ پاسەوانی بێتەلەکە و گەنجینەکانی تری هێزی ئاسمانیی پاشایەتی. دواتر لەو ساڵەدا لە 21/تشرینی یەکەمدا، بەتالیۆنی یەکەم پاسەوانێتی فڕۆکەخانەی موسڵی گرتەدەست. لە 1/ئاب ئەو تیپەی لە (بلـێ) بوو گەڕانیانەوە، بەتالیۆنێك لە سەربازی عێراقی شوێنەکەی پڕکردەوە.

لە دیدی مەرجەکانی پەیمانەکان لەگەڵ عێراقدا، کە دەبێت هێزە کاراکانی سوپاکە ببێت بە 1250 کەس، وردە وردە کەمکرێنەوە بۆ ئەو ژمارەیەی لە 1/نیسان/1933دا گیرابووە دەست.

ئەوە دەرکردنی ژمارەیەك لە ئاشووریەکانیشی گرتەوە و بە ئامانجی یارمەتیدانیان لەسەر سەقامگیرکردنیان لە ناوچەی برادۆست لەلایەن مەندوبی سامیەوە پێشنیار کراوە و حوکومەتی عێراقیش بڕیاری لەسەر داوە. بۆ یارمەتی ئەم پلانە یەك تیپ لە بەتالیۆنی دووەم لە 28/ئابدا چوو بۆ برادۆست و لە هارونە تا کۆتای مانگی تشرینی دووەم هەڵیدا. بەڵام ئەوانەی بڕیارە لەوێ نیشتەجێکرێن نەگەیشتوون، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ، کە پەیوەندە بەخۆیانەوە و شێخ ئەحمەدی بارزان مەسەلەکەی زیاتر گران کردووە بەو شەڕە تایبەتیەی لە ناوچەکەدا دژی شێخ ڕەشیدی لۆلان. لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا تیپەکە لە دیانە پەیوەندی کردەوە بە بەتالیۆنەکەوە.

لە 16/شوبات/1932، یەك تیپ لە بەتالیۆنی دووەمی ئاشووری لە سلێمانیەوە چوو بۆ بەسرە، بۆ گرتنەدەستی ئەرکی پاسەوانی لە مارجل و شەیبە. ئەو ئەرکانە لە 19/شوبات/1932 گیرانە دەست.

لەمیانەی ساڵەکەدا گۆڕانی تر کرا و لە کۆتایی ساڵدا ناوی "لیڤی" کۆتایی هات و ناوە نوێکەی" هێزی بەرگری ئاسمانی" هاتە کایەوە.

کاری لیڤیەکان تەواو. ئەگەر بە باشی کرابێت، ئەوا بۆ کەسانی ترە باسی لێوەبکەن.

## پاشکۆی یەکەم

### کارگەرە بریتانی و هیندیەکانی خەڵاتیان وەرگرتووە لەکاتی خزمەتکردنیان لەگەڵ لیڤیی عێراقدا.

- پێشەنگ بۆیڵ- Major C. A. Boyle 1920، خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە و لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەردەستەی یەکەمی فەوج سیمۆنس- W. J. Simmons، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی فەوج والکەر- E. G. Walker، 1920، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە، لەساڵی 1926، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ واینکڵ- Captain C. H. Wyncol ، 1920، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەرتیپ فاوڕەکەر- Captain H. A. Foweraker لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- ئەفسەر دەڤس- Lieuts. T. F. Davies، 1920، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەرتیپ یەنگ- Captain H. P. F. Young، 1921، خەڵاتی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ سمسن- Captain C. E. Simpson، 1921، مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ وات Captain J. 0. Watt، 1921، مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە. 1926، خەڵاتی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە

- سەرتیپ لیتڵدێڵ- Captain C. E. Littledale، 1921، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە و لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەرتیپ فرای- Captain O. M. Fry، 1925، مەدالیای خاچی سەربازیی وەرگرتووە.
- ئەفسەر بادیلەی- Lieut. P. J. T. Baddiley، 1925، مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرهەنگی فەرماندە دۆبین- Colonel-Commandant H. T. Dobbin، 1925، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە.
- سەرهەنگی دووەم بارك- Lieut.-Colonel C. R. Barke، 1925، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە. هەروەها لە ساڵەکانی 1928 و 1929دا لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- پێشەنگ هاڵ- Major F. W. Hall، 1925، مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- پێشەنگ رەنتن- J. M. L. Major Renton، 1925، مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە، لە 1927دا خەڵاتی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ئەفسەر هارت- Lieut. R. Hart، 1926دا مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەم ئێدواردس H. J. Edwards، ساڵی 1926 خەڵاتی M.S.M. وەرگرتووە.

- سەرهەنگی دووەم سۆرڵ کامیرۆن- Lieut.- G. C. M. Sorel Cameron Colonel، 1926، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە، ساڵی 1929 لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەرتیپ مێری- Captain R. Merry، ساڵی 1926 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ ماڵکم- Captain J. W. Malcolm، ساڵی 1926 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی، مەدالیای خاچی سەربازی و مەدالیای خاچی سەربازی سوپای بریتانی وەرگرتووە.
- پێشەنگ فریز- Major R.J.R. Freeth، ساڵی 1926 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ئەفسەر فاری- Lieut. A. G. Fairrie، لە ساڵی 1926دا مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ئەفسەر کەرتیس- Lieut. H. M. Curtei، ساڵی 1927 مەدالیای خاچی سەربازیی وەرگرتووە.
- سەرهەنگی دووەم ئەلێکساندەر- Lieut.-Colonel L. W. Alexander، ساڵی 1927 خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- پێشەنگ گایس- Major V. R. Guise، ساڵی 1927 مەدالیای خاچی سەربازیی و مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ پاکەر- Captain E. V. Packer، ساڵی 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی فەوج ڤێنینگ- J. G. venning، ساڵی 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

- سەردەستەی یەکەمی فەوج ماکگرێگۆر- A. MacGregor، ساڵی 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی تیپ وایەڵد C. A. G. wilde، 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یاریدەدەری پزیشك جەمادار سەید گوڵ ئەکبەر شاه- Gul Akbar Shah ، 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرینەری نور محەمەد، 1927 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرهەنگی فەرماندە براون- Colonel-Commandant J. G. Browne، ساڵی 1928 خەڵاتی خزمەتگوزاری هەڵکەوتوو، خەڵاتی فەرماندەی ئیمپراتۆریای بریتانی و مەدالیای سانت مایکڵ و سانت جۆرجی وەرگرتووە.
- پێشەنگ هۆرنەر- Major E. T. Horner، مەدالیای خاچی سەربازیی وەرگرتووە و ساڵی 1928 لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- پێشەنگ فینك- Major R. H. L. Fink، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە و لە ساڵی 1928دا لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- ئەفسەر بەکلی- Lieut. E. G. Buckley، ساڵی 1928 لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- سەرهەنگی دووەم جیلات- Lieut-Colonel J. M. Gillatt، مەدالیای خزمەتگوزاری هەڵکەوتووی وەرگرتووە و ساڵی 1928 مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی دووەم ریچیس- E. H. Riches، ساڵی 1928 لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.

- ئەفسەر مویرهێد- Lieut. R. H. Muirhead، 1929 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یاریدەدەری پزیشکی نەشتەرگەری باکمان .A. Backman، 1929 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی فەوج لامب- J. Lamb، 1930 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یاریدەدەری پزیشکی نەشتەرگەری گەیڵ- R. C. Gale، 1930 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی تیپ نۆرتن- H. G. Norton، 1930 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەرتیپ پارنێڵ- Captain W. E. Parnell، ساڵی 1931 مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- سەردەستەی یەکەمی تیپ هیگنس- J. Higgins، ساڵی 1931 مەدالیای ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

## پاشکۆی دووەم

### کارگەرانی خەڵکی وڵاتەکە لە وەرگرتنی خەڵاتەکان لەکاتی خزمەتکردنیان لەگەڵ لیڤیی عێراقدا.

- یوزباشی حەسون ئیبن فلافیل، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ئەفسەری پلە یەك شەوکەت ئیبن حسین، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ئەفسەری پلە دوو یونس ئیبن حسین، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 50، سەردەستەی دووەم عوبەید ئیبن رەزا، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 21، سەردەستەی یەکەم شەعلان موحان، 1920، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 6، سەردەستەی یەکەم حسین ئیبن جاسم، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 12، سۆوار عەتییە ئیبن رەکاز، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 46، سۆوار حسین ئیبن سەلمان، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 85، ئومباشی (سەردەستەی سێیەم) سەعید ئیبن عەمار، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یوزباشی یونس، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.

- ژمارەی سەربازی 180، سەردەستەی دووەم عەباس ئیبن شاوایش، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 99، ئومباشی (سەردەستەی سێیەم) سالّح ئیبن خەلّەف، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 550، ئومباشی (سەردەستەی سێیەم) نیگە ئیبن حەماید، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- یاریدەدەری ئەفسەری لیڤی موزەفەر بەگ ئیبن سالّح، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ئەفسەری پلە دوو حەیدەر ئیبن حەمید، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 133، ئومباشی (سەردەستەی سێیەم) خوامراد، 1921، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- راب- ئێما دانیاڵ ئیسماعیل، 1922، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- راب- ئێما شاین گۆرگیس، 1926، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- راب- خەماشی زیاء گۆرگیس، 1926، مەدالیای ئیمپراتۆریای بریتانی وەرگرتووە.
- راب- ئێما ئۆزاریۆ تامراس، 1926، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە.
- راب- خەماشی شیلیمۆن سلّیوە، 1926، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە.
- ئەفسەر پلە سێ (zabit III) عەبد عەبدوڵڵا، 1926، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە.

- ئەفسەر پلە سێ (zabit III) مەجید موسا، 1926، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 55416، (CPI) میشۆ میرۆ، 1927، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- راب- خەماشی ئیشو ساپەر، 1928، مەدالیای خاچی سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 65347، سەردەستەی دووەمی عاشەی تیپ بەیتو مەرکوس، 1928، مەدالیای سەربازی وەرگرتووە.
- ژمارەی سەربازی 55416، (CPI) بارخو بۆبۆ، 1928، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- راب خەیالە دەیڤد دی مار شەمعون، 1928، خەڵاتی ئەندامی ئیمپراتۆریای بریتانی پێشکەشکراوە.
- راب- ئێما مەلام ئۆدا، 1929، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- راب- خەماشی بەرخو هورمز، 1929، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.
- ژمارەی سەربازی 55994، خانینیا یاقوب، 1929، لە پەیامی فەرمی سوپاییدا ناوبراوە.

## فەرهەنگۆكی پلە سەربازیەكان

| | |
|---|---|
| سەردەستەی چوارەم | الجندی الاول. واتە سەربازی یەك خەت. |
| سەردەستەی سێیەم | نائب عریف. واتە سەربازی دوو خەت. |
| سەردەستەی دووەم | العریف، واتە سەربازی سێ خەت. |
| سەردەستەی یەكەم | رئیس العرفاء، واتە سەربازی چوار خەت |
| ئەفسەریار | ضباط الصف |
| ئەفسەریاری چوارەم | نائب ضابط، یەك ئەستێرەی سەر یاخە. |
| ئەفسەریاری سێیەم | نائب ضابط، دوو ئەستێرەی سەر یاخە. |
| ئەفسەریاری دووەم | نائب ضابط، سێ ئەستێرەی سەر یاخە. |
| ئەفسەریاری یەكەم | نائب ضابط، تاجێكی سەر یاخە. |
| ئەفسەر | الملازم، الضابط |
| ئەفسەری دووەم | الملازم الثانی، یەك ئەستێرەی سەرشان |
| ئەفسەری یەكەم | الملازم الاول، دوو ئەستێرەی سەرشان |
| سەرتیپ | النقیب، سێ ئەستێرەی سەرشان |
| پێشەنگ | الرائد، تاجێكی سەرشان |
| سەرهەنگی دووەم | المقدم، تاجێك و یەك ئەستێرەی سەرشان |
| سەرهەنگ | العقید، تاجێك و دوو ئەستێرەی سەرشان |
| فەرماندەی هێز | العمید، تاجێك و سێ ئەستێرەی سەرشان |
| سەرلەشكر | اللواء ، تاجێك و دوو شمشێری یەكبڕ |

# فەرهەنگۆکی یەکە سەربازیەکان

| یەکە | پێکهاتەی یەکە | فەرماندە | ژمارەی سەربازەکان | English | العربيه |
|---|---|---|---|---|---|
| مەفرەزە | یەکەیەکی پیادەی بچوکە | سەردەستەی چوارەم- سەردەستەی دووەم | 2- 4 سەرباز | | مفرزە |
| دەستە | یەکەیەکی پیادەی بچوکە | سەردەستەی دووەم- سەردەستەی یەکەم | 8- 12 سەرباز | fire team | جماعة، او طاقم |
| بەش | یەکەیەکی پیادەی بچوکە | سەردەستەی یەکەم- | 8- 12 سەرباز | Section | حظيرة |
| کەرت | 2+ دەستە- بەش | ئەفسەر- سەرتیپ | 26-55 سەرباز سوارە و پیادە | Platoon Troop | فصيل |
| تیپ | 2- 8 کەرت | سەرتیپ- پێشەنگ | 80- 255 سەربازی پیادە و سوارە | Company Squadron | سرية |
| بەتالیۆن | 2- 6 تیپ | پێشەنگ- سەرهەنگ | 300- 1300 سەرباز | Battalion | كتيبة |
| فەوج | + 2 بەتالیۆن | سەرهەنگی دووەم فەرماندەی هێز | 1000- 3000 | Regiment | فوج |
| لەشکر | 3- 6 فەوج | سەرهەنگ- فەرماندەی هێز | 3000- 5000 | Brigade | اللواء |

# THE IRAQ LEVIES
1915-1932

BY
Brigadier J. Gilbert Browne

C.M.G.,C.B.E.,D.S.O.

**واتای وشەی لیڤی/ Levy**

وشەی لیڤی لە زمانی ئینگلیزیدا بە (لەڤی- Levy) گۆدەکرێت، کە لە بنەچەدا وشەیەکی فەرەنسیە و لەلای ئەوان بە (لوڤی- Levee) گۆدەکرێت و لە نووسینیشدا جیاوازە.

وشەی لیڤی زۆر واتای هەیە، لەوانە: باج لەسەر دانان، باج کۆکردنەوە، باج گرتن، باج، سەرانە، میرانە. هەروەها واتای سەربازگرتن (تجنید) ... هتد.

لە ناونیشانی ئەم کتێبەدا، لیڤی بە واتای سەربازگیری هاتووە و بنەچەیەک بووە بۆ پیادەکردنی سیستمی سەربازگرتن، یان بە سەربازکردن و خستنە ژێر فەرمانی خزمەتی سەربازییەوە.

لەلای خەلکان و نەوەکانی ئەو رۆژگارە، بە کاریگەریی زمانی فارسی ئەو وشەی لیڤیە بە لیوی خوێندراوەتەوە، چونکە لای فارس دەنگی پیتی (ڤ) دەگۆرێت بە (و). هەر بۆیە تا ئەم سەردەمەش خەلکە بە تەمەنەکانمان بە سەربازی لیوی ناویان دەبەن.

ئیدی وشەی لیڤی بوو بە ناو بۆ ئەو هێزەی، کە بریتانیا لە میانەی سالانی 1915 -1932 لە عیراقدا پێکیهێنا و بۆ مەبەست و بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆی بەکاری دەهێنان.

وەرگێر



ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە
2016